# هەژان

رێکخراوی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت
ساڵی بیست و پێنجەم
2024

٣٣

**ڕێکخراوی هەژان بۆ فیکر و مەعنەوییەت**

**ساڵی بیست و پێنجەم**

**2024**

**سەرنووسەر: تەحسین حەمەغەریب**

**سکرتێری نووسین: نوعمان محەمەد ئەڵماس**

**دەستەی نووسەران:**

**سەلمان نادر**

**موصعەب ئەدهەم**

**یاسین حەمەسەعید**

**کارزان ئەحمەد**

**ئاری عەلی**

**نەخشاندنی دەرەوە: کەژان عوسمان**

**نەخشاندنی ناوەوە: ئاری عەلی**

**پەیوەندییەکانی گۆڤار لەڕێگەی سکرتێری نووسینەوە:**

**07701927887**

**یان**

Hazhan.mag@gmail.com

# پێڕست


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| | پێشەکی | ٤ |
| ١ | فەقر لە فەرهەنگی عیرفانیدا | ٦ |
| ٢ | سیاسەت، سیاسەتی ئەخلاقی و ئەخلاقی سیاسی | ١٦ |
| ٣ | خۆپەروەردەکردنی ئەخلاقییانە؛ دەروازەیەک بۆ گوناهناسی | ٣٦ |
| ٤ | ئاگایی مێژوویی؛ هاونشینی ناسین و گۆڕان | ٤٥ |
| ٥ | ئاوێتەیی هونەر لەگەڵ ئایین و سیاسەت لە عێراقدا خەتخۆشیی عەرەبی-ئیسلامی | ٧٨ |
| ٦ | هونەری هاوچەرخی ئیسلامی؛ پارادایمێکی بە ئەقڵانییەت گۆشکراو | ٩٧ |
| ٧ | هێرمنۆتیکای فەلسەفی بەرامبەر هێرمنۆتیکای رەخنەگرانە | ١٠٨ |
| ٨ | پەروەردە و فێرکردن و زیرەکیی دەستکرد، پەروەردە بۆ مرۆڤ و فێرکردن بۆ زیرەکیی دەستکرد | ١٣١ |
| ٩ | چەند سەرنجێک دەربارەی کێشەکانی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان | ١٤٥ |
| ١٠ | یازدە بۆچوون سەبارەت بە ئەرکی فەلسەفە | ١٦٤ |

# پێشەکی
# هەژان وەك جەنگاوەر

پێشەکی

ئەم دونیایە ماستی مەییو نییە، دەبێت جەنگاوەر بیت، ئەوجا دەتوانیت کاری خۆت بەجێبهێنیت، بەگوێرەی ئەو پێشەکییەی کە لە ژمارەی پێشوودا نووسیمان، دەتوانیت بەردەوامی بدەیت بە بەردەوامی، ئەگەر بەگوێرەی قوتابخانەی مانادەرمانیی فرانکلینیش بۆ ئەم بابەتە بچیت، ئەوا دەبێت مانا لە ژیانتدا هەبێت، ئەوکاتە دەتوانیت نەک هەر بەردەوامی بە مانەوە، بەڵکو بە شکۆفایی خۆت بدەیت، بەڵام لە پێشەکی ئەم ژمارەیەدا دەڵێین دەبێت جەنگاوەر بیت، تا سەرکەوتن بەدەست دێنیت، هەروەک وا دەردەکەوێت کە بۆ گەشەسەندن پێویستت بە سەرکەوتن هەیە، ئەگەرنا تەنها مانەوە یا مانەوەیەکی ماناداریش بێت، دادت نادات. لەناو ئەدەبیات و حیکمەتی قووڵی ئێمەیشدا قارەمانێتی و جەنگاوەری ریشەیەکی لەبنەهاتووی هەیە، ئەمە هەر لەبەرئەوە نییە کە دەوروبەرت پڕ لە دوژمنە و دەبێت بەسەریاندا زاڵ ببیت، ئەگەرنا لەناوت دەبەن، وەک ئەوەی رۆشنگەرانی سەردەمی نوێ: هیۆم و هۆبز و ماکیاڤیلی و... هتد *بنەمای کۆمەڵگە بریتی دەکەن لەوەی کە مرۆڤ گورگی براکەیەتی و بنەڕەت لە کۆمەڵگەدا بێ متمانەییە، هەر بۆیە دەبێت یاسا و مافەکان، تەنانەت گرێبەستی کۆمەڵایەتییش بۆ پارستی منی تاک بێت لە مەترسییەکانی ئەوانی دی، بە کورتی مرۆڤ بە گوێرەی ئەو دیدە، دەبێت لە شەڕ و ململانێدا بێت و باوەڕی بە ساویلکەیی ئەخلاقسەنتەری و گرێبەستی کۆمەڵایەتی و متمانەی ئەوانی تر نەبێت!*

بەڵکو ئەو وێنەیەی سەرەوە وێنەیەکی رەش و تا رادەیەک دوور لە راستیی کۆمەڵگەی ئاشتییانەی مرۆییە، بێگومان نابێت مرۆڤ هێندە خۆشباوەڕیش بێت وا بزانێت هەموو تاکەکان متمانەپێکراون و هیچ خراپەیەکیان بۆ یەکتر نییە، بەڵکو

دەبێت مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دروست و گونجاو بێت، چونکە ئەوانی دیکە بە بۆچوونی مەولانای رۆمی سێ جۆر کەسن:

١.جۆرێکیان دەیەوێت لە بازنەی خۆیدا بتهێڵێتەوە و ئەگەر بتەوێت لەو بازنەیە دەربچیت و شوێنکەوتەی ئەو نەبیت، ئیتر هەرچەند مرۆڤی باش بیت هەر خراپیت، هەژان گەلێک لەم جۆرە مرۆڤانەی بینیوە کە ویستوویانە بیخەنە ژێر بازنەی خۆیانەوە و سەربەخۆیی لێوەربگرنەوە.

٢.جۆرێکی تریان ئەوانەن کە راست و رەوان دوژمنایەتیت دەکەن و خوازیارن بتسڕنەوە، ئێمە وەک هەژان ئەم گروپەیشمان تاقیکردووەتەوە و ئەزموونمان لەگەڵیان هەیە.

٣.جۆرێکیشیان ئەوانەن کە نایانەوێت داگیرت بکەن و شوێنکەوتەیان بیت، بەڵکو مەبەستیانە گەشە بکەیت و سەربکەویت، سپاس بۆ خودا ئەم جۆرە لەناو ژیان و کۆمەڵگەی مرۆییدا هەن، بێگومان دوای خودا ئەم جۆرە مرۆڤانە چاوگەی هزر و گوڕی ئیش و هێزی ئەژنۆن، ئێمە لەتەک ئەمانەیشدا ئەزموونی جوان و زۆرمان هەیە، هەر ئەم گروپەیش وا دەکەن دیدی ئێمە لە دیدی هۆبز و ماکیاڤیلی جیا ببێتەوە، بەمە مامەڵەی شەڕ و دوژمانیەتی بۆ ئاشتی و دۆستایەتی وەردەچەرخێت.

بەڵام سەرەڕای بوونی گروپی سێیەم، هەر نابێت چەک دابنێیت، بەڵکو هێشتا هەر دەبێت جەنگاوەر بیت. چونکە هێشتا شەڕکەرێکی تر هەیە کە دەبێت لە مەیداندا نەعرەتە بکێشیت لەدژی بجەنگیت، ئەو شەڕکەرەیش ناوەوەی خۆت و خودی خۆتە (شەڕی نەفس)، لەناو کلتووری خۆماندا لای ئەهلی نەزەر و عەمەلیش ئەم جۆرە شەڕە پێشینەی هەیە. دوژمنی هەرە دژبەرت ئەو نەفسەتە، بە بۆچوونی ئێمە هەموو کارێکی کەلتووری دەبێت لەم مەیدانی شەڕەدا بێت، زۆربەی مرۆڤەکانیش دۆڕاوی ئەم شەڕەن.

# فەقر لە فەرهەنگی عیرفانیدا

د.نوعمان محەمەد ئەڵماس

یەکێک لە بنەماییترین چەمکەکانی فەرهەنگی عیرفانی، چەمکی (فەقر)ـە، و دەوترێت کە عیرفان و تەسەوف لەم چەمکەدا کورت دەبنەوە. (فەقر) وەک لە وشەکەوە دیارە مەبەست هەژاری و بێ دەسەلاتی و نەدارییە، و وێناکردنی خودە وەک بوونەوەرێکی (فەقیر) و ئاتاج بە رەحمەت و فەزڵ و هیدایەتی خودای بالادەست.

## غەزالی دەربارەی فەقر

پێشەوا غەزالی لە پێناسەی فەقردا (موحتاجی) دەکاتە بنچینەی ئەو چەمکە و دەڵێت: فەقر بریتییەلە لەدەستچوونی ئەوەی کە مرۆڤ پێی موحتاجە. دواتر باس لەوە دەکات کە ئەگەر ئەو شتەی مرۆڤ بۆی موحتاجە بەردەست بوو، ئەوا کەسی موحتاج پێی ناوترێت فەقیر، چونکە دەتوانێت بەدەستی بهێنێت، بەڵام قووڵایی فەقری مرۆڤ لە (بوون)ی دایە، چونکە بوونی ئەو وەرگیراوە لە فەزڵی خودا. بەم پێیەش مرۆڤەکان موحتاجن و ئەو ئیحتیاجەش بنچینەی فەقریانە، تەنها هەر خودایە دەوڵەمەند و بێ نیازە[١].

لەو سۆنگەیەوە کە باسی فەقر لە پەیوەندی لەگەڵ ماڵ و ساماندایە، غەزالی باس لە پێنج حاڵەت دەکات لە هەڵوێستی جیاوازی مرۆڤ لە کاتی نەبوونی ماڵ وساماندا، کە بەرزترینیان زاهیدە و نزمترینیان پێگیراو (ناچار)ـە. ئەو باس لەوە

دەکات زاهید ئەو کەسەیە کە پێویستی بە ماڵ و سامانە، بەڵام نەک دوای ناکەوێت بۆ دەستخستنی؛ بەڵکو خۆشحاڵ نییە بە دەستکەوتنی و لێی رادەکات[٢].

ئەم روانینە بۆ پێداویستی ماددی مرۆڤ و هەبوونی ماڵ و سامان، روانینێکی ئامانجگەرایانەی هەقیقەتگەرایانەیە، پوختەکەی دەبێتە تەماشاکردنی لایەنی ماددی وەک بابەتێکی لەناوچوو، کۆتاییهاتوو، لە بەرامبەردا تەماشاکردنی لایەنی رۆحانی، ئەخلاقی، دەروونی مرۆڤ وەک بابەتێکی بەردەوام و ناکۆتا. بینینی جیهانی مادییە بەگشتی وەک تەجەللا و رەنگدانەوەی جیهانی نامادی میتافیزیکی، هەر بۆیە مرۆڤ لە هەنگاو هەڵگرتنیدا بەرەو هەقیقەتی رەها، بەرەو خودای باقی، بابەتی ماڵ و سامان وەک شتێکی لاوەکی، یان تەنانەت لەمپەری رێ دەبینێت، چونکە ئامانجی کۆتایی هەقیقەتی رەها و خودای خاوەنی بوونە، نەک ئاوڕدانەوە لە پێداویستییە ماددییەکان. ئەم روانینەش لەسەر بە پێشفەرز وەرگرتنی ئەو بوونە بنەڕەتییە، ئەو جیهانە میتافیزیکییە بونیاتنراوە. لە راستیدا بانگەشەی هەژاری ماددی و لاوازی نییە.

**دوو جۆر  فەقر**

بەشێوەیەکی گشتی فەقر دوو جۆرە: فەقری ئیجباری و فەقری ئیختیاری، فەقری ئیجباری ئەو جۆرە فەقرەیە کە پەیوەستە بە توانا ماددییەکانی مرۆڤەوە، بە تایبەت فەقری دارایی، ئەم جۆرە فەقرە بە شتێکی خراپ تەماشا دەکرێت، لە ئەدەبیاتی ئایینیدا دەقی زۆر هەیە دەربارەی بە خراپ زانینی و هاندانی مرۆڤ بۆ خۆقوتارکردن لێی، خودای مەزن لە قورئاندا باسی ئەوە دەکات کە شەیتان بە فەقر دەتان ترسێنێت تا نەبەخشن: {الشَّيْطَانُ يعِدُكُمُ الْفَقْرَ وَيأْمُرُكُمْ بِالْفَحْشَاءِ}[٣] هەروەها پێغەمبەری خودا (درودی خوای لێبێت) لە چەندین فەرموودەدا، فەقر و کوفری وەک هاوڕێ دەستنیشان کردووە، بە جۆرێک کاتێک فەقر لە دەرگایەکەوە هاتە ژوورەوە ئەوا ئیمان لە دەرگاکەی ترەوە دەچێتە دەرەوە. لە نزاکانیدا (درودی خوای لێبێت) هاتووە: (اللّهم أني أعوذ بك من الكفر و الفقر) {تەبەرانی و نەسائی ریواتیان کردووە}. لە ریوایەتێکدا پیاوێک پرسی: ئایا هاوتای یەکن؟ فەرمووی: بەڵێ.

لە راستیدا فەقری ئیجباری وەک بەڵایەک تووشی کەسێک دەبێت، کە بەهۆیەوە بێبەش دەبێت لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان، و بەشێک لە

پێداویستییە سەرەتاییەکانی بێ وەڵام دەمێنێتەوە. ئەم فەقرە نەک هەر باش نییە، و مرۆڤ بەهۆیەوە رۆحی گەورە نابێت، بەڵکو لەمپەری رێگایە. رێگای بەرەو خودا چوون. چونکە کەسێک کە هێشتا پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی دابین نەبووبێت، ناتوانێت لە خەمی رۆحیدا بێت، و زۆربەی کاتەکانی ژیانی لە بیری سوککردنی ئەو بارە قورسەدا بەسەر دەبات. هەر بۆیە یەکێک لە پێشمەرجەکانی باڵاکردنی رەوتی مەعنەوی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، وەستانەوەیە لە دژی هەژاری و قەڵاچۆکردنێتی.

ئەوەی مەبەستی ئەم نووسینەیە لە باسی (فەقر) جۆری دووهەمە. فەقری ئیختیاری هەڵبژاردنی شێوازێکی تایبەتی ژیانە، کە مرۆڤ سەربەستانە و ئاگایانە دەستی دەداتێ و پێوەی پابەند دەبێت. لێرەوە ئەو فەقرەی کە قبوڵکراو و ستایشکراوە چەندین پلە و ئاستی هەیە، بەڵام سەرەتایی ترینیان بریتییەلە فەقری زاهیدانە. ئیبنولقەییم لە پێناسەی ئەم جۆرە فەقرەدا دەڵێت: ((دەستگرتنەوە لە دونیا بە خۆگرتنەوە و داوانەکردنی، و بێدەنگبوون لێی بە ستایشکردن یان زەمکردنی، و سەلامەت بوون لێی بە داواکردن یان وازلێهێنانی))[٤]. ئاشکراشە مەبەست لە دونیا لە ئەدەبیاتی عیرفانیدا بریتییەلە هەر شتێک بێجگە لە خودا.

فەقری زاهیدانە ئەوەیە کە کەسی زاهید دەتوانێت لە نیعمەتەکانی دونیا بەهرەمەند بێت، بەڵام بە ئیختیاری خۆی بەکەم رازی دەبێت و تەنها بە ئەندازەی پێداویستییە سەرەتاییەکانی سوودیان لێوەردەگرێت، لەم پلەیەدا مرۆڤ ئەوەی دەیکات بریتییەلە دڵ نەبەستن بە دونیا و سوودوەرگرتن لە ناز و نیعمەتەکان بە ئەندازەی پێویست.

لە لایەکی دیکەوە فەقری زاهیدانە لە نمونەکانی تەقوای نەرێنی (منفی)ە، جیاوازی نێوان تەقوای نەرێنی و ئەرێنی (مثبت) ئەوەیە کە لە تەقوای ئەرێنی دا، مرۆڤ بیەوێت یان نا، رووبەڕووی وەسوەسەکانی دونیا دەبێتەوە و لە نێویاندا دەژی، بەڵام خۆی دەگرێت و وەڵامی وەسوەسەکان ناداتەوە. لێرەدا هۆکار و وەسوەسەکان ئامادەیە، بەڵام ئەو کەسەی خاوەنی تەقوای ئەرێنییە، بەهۆی بەهێزی ئیرادەیەکی پێشتر پەروەردە کراوەوە، رادەوەستێت و بەسەر حەز و وەسوەسەدا زاڵ دەبێت. بەڵام ئاشکرایە ئەم جۆرە تەقوایە کارێکی ئاسان نییە و تەنها لای کەسانی پێشڕەو دەبینرێتەوە.

لێرەوە، کەسانێک کە لە نیوەی ڕێگادان و خەمی دواڕۆژی خۆیانە، باشتر وایە هەر لە سەرەتاوە خۆیان ڕووبەڕوو نەکەنەوە لەگەڵ حەز و وەسوەسەکان، بۆیە تەقوای نەرێنی ڕێگەیەکی سەلامەتترە، کە تیایدا مرۆڤ لە هۆکارەکانی وەسوەسەو گوناه دوور دەکەوێتەوە و لەبری ڕووبەڕووبوونەوە، خۆی لادەدات. لێرەوە لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (درودی خوای لێبێت) تێدەگەین کە دەفەرموێت: (لا تتمنوا لقاء العدو واسألوا الله العافية)[٥]. لە ڕاستیدا ئەم ڕێگەیە سەلامەتترە، چونکە مەیدانخوازی ئەزموون و خۆئامادەکردنی پێشوەختی دەوێت، پێغەمبەری ئیسلام (درودی خودای لێبێت) پێشنیاری خۆ دوورخستنەوەمان لە شوبهە بۆ دەکات: (فمن اتقى الشبهات فقد استبرأ لدينه و عرضه، و من وقع في الشبهات وقع في الحرام)[٦] چونکە گرنتی نییە کە مرۆڤ سنوور نەبەزێنێت و مەیدانخوازییەکە نەدۆڕێنێت.

## ئیبراهیم و نەمرود و گەڕانەوە

هەندێک لە عاریفان ئامۆژگاری ڕێبوارانی ڕێگای خوداناسی بەوە دەکەن کە ڕێگای سەلامەت هەڵبژێرن و خۆیان لە ڕێگەی پڕ مەترسی بپارێزن، (جەلالەددینی ڕۆمی) هەمان پێشنیاز دەکات و لە شوێنێکدا دەڵێت: لە تۆدا نەمرودێک هەیە مەچۆ ناو ئاگرەوە، ئەگەر هەر دەڕۆی یەکەمجار ببە بە ئیبراهیم، ئەو لە نێو ئاگرەوە گوڵی سوری هێنایەوە، زیانەکان بە سوود بەسەر ئەودا شکایەوە. بەڵام دیارە هەموو کەس ئەو توانایەی ئیبراهیمی نییە، کەسی وا هەیە دەست دەداتە خاک و خاک بەدەستییەوە دەبێتە ئاڵتون، کەسی وایش هەیە دەست دەداتە ئاڵتون و ئاڵتون بەدەستییەوە دەبێتە خاک.

در تو نمروديست آتش در مرو
رفت خواهی اول ابراهيم شو [٧]

فەقری زاهیدانە سەلامەتترە، لانیکەم لە دوو ڕووەوە:

یەکەم: سەروەت و سامان، دەسەڵات بە دوای خۆیدا دەهێنێت و سنوری پانتاییەکانی وەسوەسە و گوناه فراوانتر دەکات، هەر بۆیە خۆگرتن لەم پێگەیەدا – وەک پێشتر باسکرا- کارێکی ئاسان نییە. بەڵام کەسێک کە ئارەزوومەندانە فەقر هەڵدەبژێرێت و بە کەم ڕازی دەبێت، سنووری ئەو پانتاییەی کە وەسوەسە و گوناه تیایدا دەردەکەوێت بەرتەسک ترە و خۆگرتن و خۆپاراستنیش ئاسانترە.

دووەم: زاهید شتێکی ئەوتۆی نییە کە جێگەی ئیرەیی پێبردن بێت، و بەم شێوەیەش لە فەقری زاهیدانەدا مرۆڤ لە ململانێی ناشەریف و شانەخرێی ئەوانی دی کە لەگەڵ سلوکی مەعنەویدا زۆر تەبا نییە، دوور دەبێت.

بابەتێکی گرنگ کە لێرەدا دەبێت جەختی لێبکەینەوە، ئەوەیە کە فەقری زاهیدانە تەرکی دونیا و وازهێنانی کردەیی لە دونیا ناگەیەنێت، هەروەک لە دیدی ئایینی ئیسلامیشەوە دونیا و سەروەت و سامان خودی خۆیان خراپ نیین، کرۆکی چیرۆکەکە ئەوەیە کە مرۆڤ دڵبەستەی دونیا نەبێت و سوودی ناڕەوا لە سامان و دەسەڵاتەکەی وەرنەگرێت. ئەگەر کەسێک بتوانێت بە دەسەڵات و سامانەکەی نەهامەتی کەسانی دی کەم بکاتەوە، نەک خراپی نەکردووە بەڵکو هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە پلەی ئەم کەسە لە پلەی کەسی زاهید باشترە(٨).

بەرمەبنای ئەوە عاریفانی موسڵمان جیاوازییان لە نێوان دوو جۆری تری فەقری زاهیدانە کردووە: فەقری موحەممەدی و فەقری عیسەوی. ((فەقری عیسەوی)) جۆرێکە لە گۆشەگیری لە دونیا و سەری لە تەرکی دونیاوە دەردەچێت. ئەوەیە کە قورئان ناوی ناوە (رەهبانییەت). بەڵام فەقری (موحەممەدی) جۆرێکە لە گۆشەگیری لە دونیا، بەڵام سەری لە تەرکی دونیاوە دەرناچێت. لێرەدا کەسەکە لە نێو دونیادا ئامادەیی هەیە و بەهرەمەندیشە لە نازونیعمەتەکان، بەڵام دڵی پێوە نەبەستوون. دەگێڕنەوە (ئەحمەدی غەزالی) برای پێشەوا غەزالی کەسێکی بە توانا و دەوڵەمەند بوو، خاوەنی ئەسپ و مانگا و وشتر بوو، رەخنەیان لێگرت و وتیان: ئەم هەموو ئەسپ و مانگا وشترە لەگەڵ پێگە و مەقامی تۆدا نایەتەوە، ئەویش وتی: من مێخی ئەوانەم لەخاکدا چەقاندووە نەک لە دڵدا.

بنەمای ئایدیای فەقر، بریتییە لەوەی ئەدەبیاتی عیرفانیدا بە (فەقری مەعنەوی) ناو دەبرێت، فەقری مەعنەوی ئاوڕدانەوەیە لەو راستییەی کە سەرجەم رووکارەکانی بوون، لە پەیوەندی لەگەڵ بوونی راستەقینە و (واجب الوجود)دا حوکمی نەبوونیان هەیە، پلە جیاوازەکانی بوون رووکارەکانی لە پلە جیاوازەکانیدا، وابەستەییەکی تەواویان بە بوونی رەهاوە هەیە، بێداربوونەوە لەم وابەستەییە، وا لە بوونەوەری بێدار بوو دەکات لەوە تێبگات کە هەموو شتەکان هەر وەک خودی خۆشی، لەبەرامبەر راستی و بوونی رەهادا، هیچ گرنگییەکیان نییە. بەم شێوەیەش

چەمکی فەقر نەک سنوردار ناکرێت لە بابەتی هەبوون و نەبوونی ساماندا، بەڵکو سەرجەم گەردوون لە بەرامبەر خودای بەدیهێنەردا تەنها (کثرة) کەسرەتن و بوونی راستەقینەیان نییە. [٩]

پوختەی ئەم بابەتە ئەوەیە کە مرۆڤ لە رووی فیکرییەوە ئەو بڕوایەی لا دەچەسپێت کە ئەو (خود)ێکی فەقیر و موحتاجە و ئەوەش لە قوڵایی (بوون)ی دایە، لە رووی سلوکیشەوە دڵبەستەی دونیا و نازونیعمەتەکانی نابێت و بیری لای دوارۆژە. بەڵام موحتاجبوون ئەوە دەگەیەنێت کە کەسی موحتاج ناکامڵە و دەبێت لە بزوتن بەرەو کەماڵ بەردەوام بێت و تەمبەڵی ناکات و پێویستییەکی هەیە کە دەبێت بەدوای دابینکردنییەوە بێت.



ئەبوحامیدی غەزالی(؟-١١١١ز)

**خودێکی هەژار لەم سەردەمەدا**

خاڵی گرنگ لێرەدا بریتییەلە چۆنێتی سوودوەرگرتن لەم چەمکە و ماناکانی لەم سەردەمەدا، کە مرۆڤ لە هەر کات زیاتر فەقری خۆی لە بیر کردووە و زۆریش دڵبەستەی دونیا و موڵک و ماڵە، قۆرخکردن لە سیما سەرەکییەکانی هەلومەرجی ئێستای مرۆڤایەتین. کاری قورسیش گونجاندنی ئەو مانایانەیە لەگەڵ ئەم هەلومەرجەدا، کە لەراستیدا شیانی پێکەوە گونجاندنن، بەڵام ئاسانیش نییە. چونکە لە مێژوودا زۆرجار لێکەوتەی هەڵە لەم چەمکەوە پەیدا بووە، کە سەرەکیترینیان تەرکی دونیا و تەمبەڵی و گۆشەگیری بووە. هەر لە نێو ئەدەبیاتی عیرفانیشدا رەخنە لەو لێکەوتانە گیراوە و بە خراپ وەسفکراون، پێشەوا غەزالی هەر زوو باس لەوە دەکات کە فەقری زاهیدانە هۆکارێکە بۆ گرتنەبەری رێگەی


ئاخیرەت، ئەگەر زوهد ئەو ریگەگرتنەی لە پشتەوە نەبێت، سەری لە تەمبەڵییەوە دەردەچێت و مانایەکی نییە[١٠].

موحەممەد ئیقبالیش بڕوای وایە تەسەوف کە بە فەقر ناسراوە، لە ریچکەی راستی خۆی لایداوە و بووەتە هۆکاری لاوازی موسڵمانان، لە پارچە شیعرێکدا دەڵێت:

بگذر از فقری که عریانی دهد
این خنک فقری که سلطانی دهد [١١]

واتە: وازبێنە لە تەسەوفێک کە مرۆڤ بێبەرگ و بێ پەڕوباڵ دەکات، بەڵکو بە دوای تەسەوفێکەوە بە کە شکۆ و هێزت بۆ بهێنێتەوە.

لە سەردەمی نوێدا وردەکارییەک هەیە کە دەبێت رەچاو بکرێت، هەندێک لە فەیلەسوفە دەروونناسەکان باس لەو وەرچەخانە دەکەن کە لە دارِشتنەوەی هەردوو چەمکی (بەرژەوەندی شەخسی) و چەمکی (خود)دا روویانداوە، باس لەوە دەکرێت بەگشتی بەستێنەکە هی خۆونکردن و بەئامرازبوونی مرۆڤە. واتە: رووکردنە ماڵ و سامان وکێبەرکێی سەرکەوتنی ماددی لە بەرامبەر فەقرەوە بێ گرفت نەبووە.



ئیقباڵی لاهوری (١٨٧٧-١٩٣٨)

**مرۆڤ و خودا و ئابووری**

ئەریک فرۆم بڕوای وایە: "چەمکی نوێی بەرژەوەندی خودی، تێکەڵەیەکی سەیرە لە دوو چەمکی دژ، چەمکی کالڤن و لۆتەر لە لایەکەوە، چەمکی بیریارە پێشکەوتنخوازەکان لە لایەکی دیکەوە، کالڤن و لۆتەر مرۆڤیان فێردەکرد کە پێویستە بەرژەوەندییە خودییەکانی بچەپێنێت، خۆی تەنها بە ئامراز (وەسیلە)یەک بزانێت بۆ مەرامەکانی خودا. بە پێچەوانەوە بیریارە پێشکەوتنخوازەکان فێریان

دەکرد کە مرۆڤ نابێت ئامڕاز بێت بۆ هیچ کەس بێجگەلە خۆی، بۆ هیچ مەرامێک لە دەرەوەی خۆی ئامڕاز نییە.

بەڵام ئەوەی روویدا ئەمە بوو: مرۆڤ ناوەڕۆکە کالڤنییەکەی قبوڵکرد پاش رەتکردنەوەی مانا (دارشتنەوە) ئایینییەکەی، مرۆڤ خۆی کرد بە ئامڕاز، نەک بۆ ویستی خودا، بەڵکو بۆ ئامێرە ئابوورییەکە و دەوڵەت. بەم جۆرەش رۆڵبینینی وەک ئامڕاز قبوڵکرد بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی، نەک بۆ خودا. کاری کرد، سەرمایەی گەنجینەکرد، نەک بۆ چێژی سەرفکردن و خۆشی بینین لە ژیان، بەڵکو بۆئەوەی پەیدا بکات و وەبەرهێنان بکات و سەرکەتوو بێت، بەم شێوەیەش زوهدێکی دونیایی دەروونی (باتینی) جێگەی زوهدی رەهبانی گرتەوە، کە تیایدا خۆشبەختی و خۆشبینی کەسی، دوو ئامانجە راستەقینەکەی ژیان نەبوون"[١٢].

بەدەر لە پێشینە مارکسییەکەی، فرۆم ورد ئەو وەرچەرخانە دەستنیشان دەکات کە لە پەیوەندی مرۆڤ بە سامان و داراییەوە هاتووەتە ئاراوە، هەرچەندە مرۆڤ ویستوویەتی خۆی قوتار بکات لە ڕوانگە ئامانجگەرا هەقیقەتویستانە دینییەکە، بەڵام لەملاوە بووەتە نێچیری بەرهەمهێنان و ئامێری پیشەسازی، هەر بۆیە زوهدی عیرفانی بە مانا ئیسلامییەکەی پێگەی خۆی لە دەستنەداوە، ئەگەر بە شێوەیەکی هاوسەنگ دابڕێژرێتەوە.



جۆن کالڤین (١٥٠٩-١٥٦٤)

لەلایەکی ترەوە، بابەتی دەوڵەمەندی و خاوەندارێتی ماددی، لەسەر وێناکردنی کەسایەتی و خودی مرۆڤ کاریگەریی بە جۆرێکی سەیر بەجێ هێشتووە. ئەریک فرۆم پشتبەست بە دەروونناسە گەورەکانی وەک ولیام جەیمز باس لەو

خواربوونەوەیە دەکات تووشی چەمکی بەرژەوەندی خودی بووە و پەیوەندییەکی بەهێزی بەو گۆڕانەوە هەیە کە لە چەمکی (خود)دا روویداوە: "لە سەدەکانی ناوەڕاستدا مرۆڤ بڕوای وابوو ئەو بەشێکی گەوهەری (بنەڕەتی)ـە لە کۆمەڵ کۆمەڵایەتی یان ئایینییەکەی بە گەڕانەوە بۆ ئەو وێناکردنەی دەربارەی خۆی هەیبوو، کاتێک مرۆڤ تاکێک بوو لە کۆمەڵەکەی نەهاتبووە دەرەوە. بەڵام لە سەرەتای سەردەمی نوێوە، کاتێک مرۆڤ وەک تاکێک رووبەرووی ئەرکێک دەبوویەوە کە پێویستە بژی وەک قەوارەیەکی سەربەخۆ، شوناسی تووشی کێشە بوو. لە هەردوو سەدەی هەژدە و نۆزدەدا چەمکی خود بەرەو بەرتەسکبوونەوە دەچوو، تا وای لێهات ئەو بڕوایە پەیدا بوو کە خود بە و شتانە پێکدێت کە مرۆڤ خاوەنێتی، ئیدی چەمکی خود بەم شێوەیە نەما کە: (من ئەوەم کە بیردەکەمەوە.)، بەڵکو گۆڕا بۆ (من ئەوەم کە هەمە.) یان (ئەوەم کە خاوەندارێتی لێ دەکەم.)"[١٣].

بەڵام فەقر لە ئەدەبیاتی عیرفانی ئیسلامیدا دەکرێت ببێتە جۆرێک لە خودناسی، ناسینی خود وەک خود، نەک وەک ئەوەی هەیەتی یان بەدەستی هێناوە لە موڵک و بەرژەوەندی ماددی و سەرکەوتنەکان. مرۆڤ دەبێت خۆی بناسێت و وەک مرۆڤ هەڵسوکەوت بکات و خۆی لێ نەبێتە خودا. لەلایەکی ترەوە بریتییەلە کۆڵی خۆ سووککردن، تا لەو رێگایەدا کە مرۆڤ گرتوویەتیەبەر بەرەو خودای باقی، سوکەڵەتر و گورجوگۆڵتر بێت، کەسی تێگەیشتوو ئەو کەسەیە، کاتێک دەبێتە رێبوار و دەکەوێتەڕێ، کۆڵی قورس و گران نادات بەکۆڵدا، چونکە مەبەستی سەرەکی گەیشتنە نەک شتێکی تر، کۆڵی قورسیش یەکێکە لە لەمپەرەکانی گەیشتن، تواناکانی رێبوار پەرت و لاواز دەکات.



مارتن لۆتەر (١٤٨٣-١٥٤٦)

زیندوو راگرتنی ئەم مانا بەرزانەی نێو زانستی تەزکییە و ئەدەبیاتی عیرفانی ئیسلامی گرنگیی خۆیان هەیە، بە تایبەت لەسەر ئاستی تاکەکەسی، هەر لە نەبوونی ئەم بابەتانەدایە کە هەندێکجار دڵساردی بەرامبەر یەکتر و کێبڕکێ و هەڵپەی ناشیرین دەبینرێتەوە و دواجار مرۆڤێکی نائارامی پەرت بەرهەم هاتووە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١.{وَاللّهُ الغَنـيُّ وَأنتُمُ الفُقَرَاءِ}{محمّد: ٣٨} {إحياء علوم الدّين: 190/4}
٢.{إحياء علوم الدين: 190/4}
٣.{البقره: ٢٦٨}
٤.{مدارج السالكين: 415/2}
٥.{بوخاری و موسلیم و زۆرێکی تر ریوایەتیان کردووە}
٦.{بوخاری و موسلیم و ئەحمەد و زۆرێکی تر ریوایەتیان کردووە}
٧.{مثنوی معنوی، جلال الدین رومی، دفتر اول، بخش87}
٨.{ مدارج السالكين: 410/2}
٩.{إحياء علوم الدين: 192/4}
١٠.بڕوانە: {فقر: رنه گنون، ت: مصطفى ملکیان، نقد و نظر/ سال چهارم/ شماره سوم و چهارم.}
١١.{جاوید نامه: بخش48}.
١٢.{الإنسان من أجل ذاته، أريک فروم، ص: 168}
١٣{هەمان: ل: 169}.

# سیاسەت، سیاسەتی ئەخلاقی و ئەخلاقی سیاسی

پ.د. ئەنوەر محەمەد فەرەج

سیاسەتناسی بەناوبانگ (رۆبێرت داڵ، Robert Dahl) (1915–2014) رای وایە کە "سیاسەت یەکێکە لەو راستییانەی ژیانی مرۆڤ کە خۆلێلادانی مەحاڵە، چونکە مرۆڤ لەهەر ساتەوەختێکدا لەگەڵ جۆرێک مەسەلەی سیاسیدا دەرگیر دەبێت". لەم روانگەیەوە ناسینی کایەی سیاسەت بۆ هەریەکێک لە ئێمە بابەتێکی گرنگە، بۆیە لەم نووسینەدا هەوڵدەدەین لە چەند دەروازەیەکەوە لە بابەتی سیاسەتناسی نزیک ببینەوە و وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە دیاردەی سیاسەت پێشکەش بکەین، پاشان باس لە پەیوەندی هەردوو کایەی سیاسەت و ئەخلاق دەکەین و لە کۆتاییشدا پوختەیەک لەسەر ئەخلاقی سیاسی دەخەینەڕوو بەو شێوەیەی لە جیهانی هاوچەرخدا باس دەکرێت.

## تەوەری یەکەم

## سیاسەت: دیرۆکی مێژوویی، چەمکسازیی و بەکارهێنانی ئێمە

لەم تەوەرەدا هەوڵدەدەین بنچینەی بابەتەکەمان بە سێ کەرەستە بچنین، ئەوانیش سەرگوزەشتەی مێژووی سیاسەت، پەرەسەندنی چەمکسازیی سیاسەت و بەکارهێنانی سیاسەت لە کەلتوری سیاسی رۆژانە و گشتی ئێمەدا.

### یەکەم: دیرۆکی مێژوویی سیاسەت:

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەت، بێگومان دەروازەی یەکەم گەڕانە بەدوای رەگە مێژووییەکانی پیادەکردنی سیاسەتدا، بیرکردنەوە لە هێزو دادپەروەری، چۆنێتی

دروستبوونی فۆرمە جیاوازەکانی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگە مرۆییەکاندا، بۆ نموونە فۆرمی شار-دەوڵەت لە مێژووی کۆندا، ئیمپراتۆرەکان لە مێژووی کۆن و ناوەڕاستدا، دەوڵەتی نەتەوەیی لە مێژووی نوێ، بەجیهانیکردن لە سەردەمی هاوچەرخدا.

**فۆرمە جیاوازەکانی پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا:**

١.(شار-دەوڵەت، City-State):

بریتییەلە فۆرمی ڕێکخستنی دەسەڵاتی سیاسی لە مێژووی کۆندا، هەر شارێک خاوەن ڕژێمێکی حوکمڕانی خۆیەتی، سنوورەکانی یان سروشتین وەک چیا و دەریا و ڕووبارەکان، یان دەستکردە وەک قەڵاکان، ژمارەی دانیشتوانی دیاریکراوە و دابەشبوونێکی چینایەتی سەختیان هەیە، هەموویان مافی بەشداری کاروباری سیاسییان نییە، شارەکانی میزۆپۆتامیا و یۆنانی کۆن نموونەی ئەم فۆرمەن.

٢.(ئیمپراتۆرییەتەکان، Empires):

فۆرمی سەرەکی دەسەڵاتە لە تەواوی سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەندێکیان تا جەنگی جیهانی یەکەم مایەوە، فراوانخوازی جوگرافی تایبەتمەندییەکی سەرەکی ئەم فۆرمەیەو سنووری دیاریکراوی نییە، خێڵێک، یان شارێک دەبێتە کرۆکی ئیمپراتۆرییەتەکە و پشتبەست بە هێزی سەربازی یان باوەڕی ئایینی فراوانتر دەبێت، هەندێکجار سنووری کیشوەرەکان تێدەپەڕێنێت، وەک ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، ئیمپراتۆرییەتی مەسیحی، خیلافەتی ئیسلامی.

٣.(دەوڵەتی نەتەوەیی، Nation State):

سەرەتاکانی سەردەمی نوێی ئەورووپا، بەهۆی: ڕێنیسانس، چاکسازی ئایینی، گەشەکردنی ئابووری، کۆتاییهاتنی شەڕی (٣٠)سی ساڵەی نێوان کاتۆلیک و پرۆتستانتەکان، جیاکردنەوەی کڵێسا لە دەسەڵاتی زەمەنی، تەشەنەکردنی بیری ناسیۆنالیزم، بنەماکانی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی جێگیر بوو، واتە حکومەتێکی خاوەن سەروەریی لەسەر خاکێکی سنووردار حوکمڕانی گەلێک دەکات. بەهۆی دۆزینەوە جوگرافییەکان و کۆلۆنیالیزمی ئەورووپاوە ئەم نموونەیە گوازرایەوە بۆ تەواوی جیهان، دەوڵەتانی جیهانی ئەمڕۆ لەسەر هەمان مۆدێل بونیادنراون.

٤. پێداچوونەوەکانی پرۆسەی (بەجیهانیکردن، Globalization):

سەردەمی هاوچەرخ، بەتایبەت پاش کۆتایی جەنگی سارد، بە سەردەمی پێداچوونەوەی: مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەیی، سەروەری دەوڵەت و ناسیۆنالیزم دادەنرێت. گۆڕانکارییەکانی سەردەمی هاوچەرخ بە دوو ئاراستە دەوڵەتی نەتەوەیی لاواز دەکات: یەکەم: پرۆسەی بەتایبەتکردن لە ناوخۆی دەوڵەتەوە کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزدەکات، دووەم: پرۆسەی بەجیهانیکردن، کۆمپانیا فرە رەگەزەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان بەهێز دەکات. سەرەنجامی هەردوو پرۆسەکە بەلاوازکردنی دەوڵەت دەشکێتەوە.



رۆبێرت داڵ (١٩١٥-٢٠١٤)

**دووەم: سەرگوزەشتەی سیاسەت وەک زانست:**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیستەم بریتییەلە جیاکردنەوەی پسپۆرییە زانستییەکان، سەرەتا پێگەی زانستی سیاسەتناسی لە نێو زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکاندا، پاشان لقەکانی پسپۆڕی سیاسەتناسی: فیکری سیاسی، سیستمە سیاسییەکان، کۆمەڵناسی سیاسی، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، دواتریش وردبوونەوەی پسپۆڕییەکان بەپێی پێداویستییەکانی واقیع، بۆ نموونە سەرهەڵدانی ئاکتەری نادەوڵەت و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حوکمڕانی دروست.

سەرگوزەشتەی سیاسەت لە ئامێزی فەلسەفەوە تا بوونی بە لقێکی زانستی سەربەخۆ:

١.(پێناسەی فەلسەفی: عەدالەت، Justice):

ئەم تێگەشتنە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی یۆنانی، فەلسەفەی ئیسلامی و مەسیحی درێژەی پێدەدەن، تیۆرەکانی عەدالەتیش بایەخی پێدەدەن. سیاسەت

بریتییەلە هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی دۆخێکی نموونەیی (وەک ئەوەی پێویستە هەبێت، مایجب أن یکون، Ought to be) کە خۆی لە گەڕان بەدوای بەها باڵاکانی وەک (عەدالەت، چاکەی گشتی)دا دەبینێتەوە.

٢.(پێناسەی واقیعی: هێز، Power):

ئەم تێگەشتنە پەیوەستە بە لایەنی کرداریی پیادەکردنی سیاسەتکردنەوە، واتە رەچاوکردنی واقیعی سیاسی راستەقینە (وەک ئەوەی هەیە، ما هو کائن، What is) کە خۆی لە ململانێی نێوان بکەرە سیاسیەکاندا دەبینێتەوە لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوە و لەپێناو (هێز، نفوز، دەسەڵات)دا. سەرەنجام بەهێزەکان فەرمان دەکەن و لاوازەکانیش پێویستە گوێڕایەڵ بن.

٣.(پێناسەی یاسایی: دەوڵەت، State):

ململانێی نێوان هەردوو تێگەشتنی پێشوو هاوشانی سەردەمی نوێی ئەورووپا پەرەی سەند، تێگەشتنێکی نوێ گەشەی کرد، پشتبەست بە تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی هەوڵی کۆکردنەوەی (هێزو دادپەروەری)درا، بەهۆی شۆڕشەکانی فەرەنساو ئەمریکا، جێگیربوونی بناغەکانی دەوڵەتی نوێ، نووسینەوەی دەستوورەکان، چەسپاندنی حوکمی یاسا، چەمکی سیاسەت لەگەڵ دەوڵەتداریدا هاوتاکران.

٤.(پێناسەی زانستی: رەفتارگەرایی، Behavior):

سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە ئەمریکا تەوژمێکی فراوان دروست بوو، لەپێناو بەزانستکردنی سیاسەت، ئەم رەوتە بە (رەفتارگەرایی، السلوکیة، Behavioralism) ناسرا. ئامانجی سەرەکی بریتی بوو لە دیاریکردنی بابەتی سەرەکی سیاسەت و لێکۆڵینەوەی بەهۆی میتۆدێکی زانستی هاوشێوەی زانستە سروشتییەکان، لە ئەنجامدا (رەفتاری سیاسی) مرۆڤ کرایە بابەتی زانستی سیاسەت، هەوڵی بەدیهێنانی (زانستێکی ئازاد لە بەهاکان، Value Free Science)درا. لێکۆڵینەوەی بابەتەکانی (هاوڵاتیبوون، بەشداری سیاسی، هەڵبژاردن، کۆمەڵناسی سیاسی) گەشەی کرد.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پرۆسەی سیاسەتکردن لە وڵاتە سەقامگیر و پێشکەوتووەکانی سەردەمی نوێدا بریتییەلە (حوکمڕانی دروست، Good Governance) بە دەربڕینێکی دیکە بریتییەلە گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوە لە

پرسیاری (کێ) حوکم بکات بۆ پرسیاری (چۆن) حوکمڕانی بکرێت، واتە لە حوکمکردنی کەسەکانەوە بۆ حوکمڕانی سیستم و دامودەزگاکان.

یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم ئاڕاستەیەی بە زانستیکردنی لێکۆڵینەوەی سیاسەتناسی، بریتی بوو لە هەوڵی پێناسەکردنی سیاسەت بەشێوەیەکی چاودێریکراوی ئەزموونکراوی پێوراو، بۆ نموونە: "سیاسەت زانست و هونەری حوکمڕانی دەوڵەتە لە ڕێگەی پیادەکردنی حوکمڕانی دروستەوە".

**سێیەم: ئێمە بە چ مانایەک چەمکی سیاسەت بەکاردەهێنین؟**

مێژووی گەشەکردنی حوکمڕانی دیموکراسییانە بریتییەلە پرۆسەی گۆڕینی سیاسەت لە میراتی پاشا و خێزانە خانەدانەکانەوە بۆ کالایەکی گشتی، ئەم پرۆسەیە وەک (هانتگتۆن) رای وایە کە (بەئەقلانیکردنی دەسەلات، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، بەشداری سیاسی) لێکەوتەوە. لە پیادەکردنیشدا بە تێپەڕبوونی کات چەمکەکانی: (هاولاتیبوون، بەشداری سیاسی، بەرپرسیارێتی) پێکەوە کارلێکدەکەن (هۆشیاری سیاسی هاولاتیان) بەرهەمدێنن. سەرەنجام لە پرۆسەی دیموکراسیدا هاولاتیان دەنگەکانیان دەبەخشن بە چۆنێتی حوکمڕانیکردن نەک کەسەکان.

لە ئیسلامیشدا قورئان و فەرموودەکان جەختیان کردووە لە حوکمڕانی لەنێوان خەڵکدا لەسەر بنەمای بەهاکانی دادپەروەری و شورا و پاراستنی ئەمانەت و دژایەتیکردنی ستەم و تاکڕەوی و دوژمنکاریی، بەلام پاشتر گەڕانەوەیەکی پێچەوانە روویدا بۆ نەریتی خێڵەکی عەرەبی و سەرسامبوون بە نەریتی پاشایەتی فارس و رۆم و حوکمڕانی پشتاوپشت و کەنارخستنی شورا و دادپەروەریی، حوکمی بنەماڵەیی ئەمەوی و عەباسی تا دەگاتە عوسمانییەکان لەسەر ئەو نەریتە بووە، بێگومان چەندین جار هەوڵدراوە بۆ جێبەجێکردنی بەها بنەڕەتییەکانی ئیسلام و کاڵکردنەوەی نەریتی حوکمکردنی پشتاوپشت بەلام ئەو کێشەیە بە بەردەوامی ماوەتەوە.

**کەلتووری کورد و وشەی سیاسەت**

لە کەلتووری سیاسی کوردیدا بەکارهێنانی وشەی سیاسەت لانی کەم دوو ڕەگی هەیە:

١.وشەی سیاسەت بە مانای ڕەگە یۆنانیەکەی (Polis):

له زمانی گریکی دێریندا وشەی (Polis) به چەندین مانایەکی جیاواز بەکارهاتووه، لەوانه: (دەوڵەتی شار، هاوڵاتیان، دەستوور، سیستمی سیاسی، کۆمار، شته مەدەنی و سیاسییەکان، بواری گشتی کۆمەڵگا، هونەری سیاسەتکردن).

له زۆربەی زمانه ئەوروپییەکانیشدا، بۆ نموونه وشەی (Politics)ی ئینگلیزی پشت بەمانا یۆنانییەکەی دەبەستێت واته هونەر و زانستی حوکمڕانی (دەوڵەت)، سیاسەتیش بەم مانایه وابەستەیه به بوونێکی سەقامگیرەوه، واته (هەبوونی شار، سیستەمی بەڕێوەبردن، هاوشارییبوون، تێگەشتنێکی تایبەت بۆ ئەرک و ماف). هەروەها چەمکەکانی (بەرژەوەندی هاوبەش، پێکەوەژیان، مەدەنیبوون) لەسەر بنەمای ئەم تێگەشتنه بونیاتنراون.

٢.وشەی سیاسەت به مانای رەگه عەرەبیەکەی (السیاسة):

له زمانی عەرەبیدا بەدوو مانای سەرەکی بەکاردێت:

أ. (سەرۆکایەتی، الرياسة): زۆربەی پێناسه عەرەبییه کۆنەکان دەیبەستنەوه به سەرۆکایەتی کۆمەڵ و شارەوه، له (لسان العرب)دا هاتووه (إذا رأسوه قيل سوسوه وأساسوه، وساس الأمر سياسة قام به)، واته سیاسەتکردن بریتییەله سەرۆکایەتیکردنی کۆمەڵێک خەڵک.

ب. (پەروەردەو راهێنان، التربية والتهذيب): له زمانی عەرەبیدا (سائس الفرس): ئەو کەسەیه که ئەسپ پەروەردە و رام دەکات، بۆ ئەوەی بۆ سوارچاکی بەکاربێت. ئەم مانایه بۆ مرۆڤیش بەکارهێنراوەو سیاسەتکردن بەمانای راهێنان و بارهێنان و ئاراستەکردنی مرۆڤی گوێڕایەڵ بەکارهاتووه.

ئێستا ئەگەر به وردی سەرنج بدەین، دەبینین که له بەکارهێنانی گشتیدا:

وشەکانی (سیاسەت، رامیاری) بەکاردێنین بۆ هەردوو ماناکه، لەلایەک زانستی بەڕێوەبردنی شار، لەلایەکیتر سەرۆکایەتیکردنی تاکەکەس و رامکردنی خەڵک.

ئەوەی له کەلتووری سیاسیماندا جێگیرتره مانا عەرەبییەکەیه، واته سیاسەتکردن لەگەڵ هەبوونی سەرکردە و سەرۆکدا گرێدراوه.

هەرچەنده بەڕواڵەت دامودەزگای مۆدێرنی وەک (حیزب، پەرلەمان، حکومەت)مان هەیه، بەڵام سیاسەتکردنمان له چوارچێوەی سەرۆکایەتی تاکەکەس و رامکردنی خەڵکدایه.

ئەم راستییە تا رادەیەک راڤەی چەسپاوی نەریتی میراتی سەرکردایەتی پشتاوپشتمان بۆ دەکات لە سیاسەتی حیزبەکانی کوردستاندا لەگەڵ جیاوازی ئایدیۆلۆجیای سیاسیان.

ئەو گێژاوی نەریتخوازی و میراتگیرییە سیاسییەی لە کەلتووری سیاسی کورد و هاوشێوەکانماندا هێشتا بەردەوامە، بەهۆی ئەوەیە کە سیاسەت هێشتا لە کۆنترۆڵی کەسەکان ئازاد نەکراوە و لە چوارچێوەی میراتی بنەماڵەیی سەرکردەکان رزگار نەبووە و نەکراوە بە کایەیەکی گشتی راستەقینە کە هەمووان تێیدا یەکسان بن. واتە لە کەلتووری سیاسی ئێمەدا هێشتا بە تەواوەتی پرۆسەی بەگشتیکردنی سیاسەت جێبەجێنەکراوە، لە هۆشیاریی گشتی خەڵکدا سیاسەتکردن لە پاڵەوانەوە نەگوازراوەتەوە بۆ سیستەم، لە سیاسەتی حوکمی تاکەکەسەوە بۆ حوکمڕانی دروست، لە نەریتی خێڵەوە بۆ هاوڵاتیبوون و ژیانی گشتی.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەخلاق

پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئەخلاق بۆ چەندین سەدە بابەتی مشتومڕی فەلسەفی و ئەخلاقی بووە. لە کاتێکدا هەندێک دەڵێن کە ئەخلاق دەبێت ڕێنمایی کردەوەی سیاسی بکات، هەندێکی تر پێیان وایە سیاسەت کایەی تایبەت بە خۆیەتی و نابێت بخرێتە ژێر باری ڕەچاوکردنی ئەخلاقەوە، لێرەدا لە سێ بڕگەدا گرنگترین ئارگیومێنتەکانی هەردوو بۆچوونەکە دەخەینەڕوو، پاشان لە روانگەی فەلسەی ئەخلاقی و سیاسی هاوچەرخەوە پۆلێنێک بۆ دیارترین خاڵە جیاوازەکان دەکەین:

### یەکەم: گرنگترین ئارگیومێنتەکانی لایەنگرانی پەیوەندی یەکپارچەیی و یەکترتەواوکاریی:

لێرەدا گرنگترین ئەو بۆچوون و بەڵگانە دەخەینەڕوو کە پشتگیریی لە پێکەوە گونجان و سازگاریی سیاسەت و ئەخلاق دەکەن:

١.وابەستەیی ئەخلاق و سیاسەت:

پوختەی ئەم ئارگومێنتە ئەوەیە کە ئەخلاق و سیاسەت بە شێوەیەکی دانەبڕاو بەیەکەوە گرێدراون. فەیلەسوف (ئەلاسدێر ماکینتایەر، Alasdair MacIntyre) لە کتێبی (ئەخلاق و سیاسەت: وتارە هەڵبژێردراوەکان)دا پشتگیریی ئەم رایە

دەکات و باس لەوە دەکات کە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی لە دڵی بڕیاردانی سیاسیدایە و مەحاڵە بڕیاری سیاسی بەبێ پشتبەستن بە هەندێک چوارچێوەی ئەخلاقی بدرێت. هەروەها فەیلەسوف (مایکل ساندێل، Michael Sandel) لە کتێبی "دادپەروەری: کام کارە دروستە بکرێت؟" رای وایە کە بنەما ئەخلاقییەکانی وەک دادپەروەری و یەکسانی پێداویستی بنەڕەتین بۆ بڕیاردانی سیاسی.



ئەلاسدێر مەکینتایەر (١٩٢٩-)

٢.پێویستبوون بە سەرکردایەتی ئەخلاقی:

هەندێک دەڵێن سەرکردایەتی ئەخلاقی بۆ گەیشتن بە سەقامگیری و سەرکەوتنی سیاسی درێژخایەن پێویستە. فەیلەسوف (تێری پرایس، Terry Price) لە کتێبی "ئەخلاقی سەرکردایەتی: پێشەکییەک"دا باس لەوە دەکات کە سەرکردەکان دەبێت بە بنەما ئەخلاقییەکان ڕێنمایی بکرێن بۆ ئەوەی بڕیارێک بدەن کە سوودی کۆمەڵگە بە گشتی بگەیەنێت، نەک تەنها بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا بگەڕێن. هەروەها فەیلەسوف (مارتا نوسبام، Martha Nussbaum) لە کتێبی "بەریەککەوتنی ناوەوە: دیموکراسی، توندوتیژی ئایینی و داهاتووی هیندستان"دا دەڵێت، سەرکردە ئەخلاقییەکان بۆ بنیاتنانەوە و پاراستنی متمانە بە حکومەت پێویستن.

٣.ڕۆڵی ئەخلاق لە داڕشتنی دامەزراوە سیاسییەکان:

هەندێک لە بیرمەندە سیاسیەکان دەڵێن کە ڕەچاوکردنی ئەخلاقی دەبێت ئاگاداری دیزاینی دامەزراوە سیاسییەکان بێت. بۆ نموونە فەیلەسوف (ڕۆبەرت نۆزیک، Robert Nozick) لە کتێبی "ئەنارکی و دەوڵەت و یۆتۆپیا"دا، رای وایە کە دەوڵەت دەبێت لە دەسەڵاتی خۆیدا سنووردار بێت بۆئەوەی ڕێز لە مافەکانی تاک بگرێت، کە ڕەچاوکردنی ئەخلاقییە. هەروەها فەیلەسوف (جۆن راولز، John

Rawls) لە کتێبی "تیۆری دادپەروەری"دا باس لەوە دەکات کە بڕیارە سیاسییەکان دەبێت لەسەر بنەماکانی دادپەروەری بونیادبنرێن کە بێلایەن بن و رەنگدانەوەی پێداویستییەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە بن، نەک بەرژەوەندی تاک یان گروپی تایبەت.

٤.پێویستبوونی ئەخلاقی بۆ یەکپارچەیی سیاسی:

ئارگومێنتەکە لێرەدا ئەوەیە کە سیاسەت وەک هەر هەوڵێکی دیکەی مرۆڤایەتی، دەبێت بە رەچاوکردنی رێنمایی ئەخلاقییەوە پیادەبکرێت. ئەکتەرە سیاسییەکان پێویستە بە دەستپاکی و راستگۆیی و شەفافیەت مامەڵە بکەن و بنەما ئەخلاقییەکانی وەک دادپەروەری و مافی مرۆڤ بپارێزن. نەکردنی ئەو کارە نەک هەر متمانەی دامەزراوە سیاسییەکان تێکدەدات، بەڵکو متمانەی گشتی بە دیموکراسی دەشێوێنێت. ئەم ئارگیومێنتە لەلایەن زانایانی وەک (کریستین ئێم. کۆرسگارد، Christine M. Korsgaard) لە کتێبی "سەرچاوەکانی نۆرماتیڤیتی" و (رۆبەرت ئاودی، Robert Audi) لە کتێبی "دەسەڵاتی دیموکراسی و جیاکردنەوەی کڵێسا و دەوڵەت" خراوەتەڕوو.



کریستین ئێم. کۆرسگارد (١٩٥٢–)


٥.ئارگومێنتی پراگماتییانە بۆ یەکپارچەیی سیاسی:

ئەم ئارگیومێنتە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو ئەکتەرە سیاسییانەی بە یەکپارچەیی و ئامانجی ئەخلاقی مامەڵە دەکەن، ئەگەری گەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکانیان زیاترە و پشتیوانی گشتی بەدەست بهێنن. سیاسەتمەداران بە نیشاندانی پابەندبوون بە بەها ئەخلاقییەکان دەتوانن متمانە جێگیر بکەن و متمانە لەگەڵ دەنگدەرەکانیان دروست بکەن. ئەم ئارگیومێنتە لەلایەن زانایانی وەک

(مایكل والڵزەر، Michael Walzer) لە كتێبی "كایەكانی دادپەروەری" و (چارڵز دبلیو میڵز، Charles W. Mills) لە كتێبی "گرێبەستی رەگەزی" خراوەتەڕوو.

٦.ئارگومێنتی جیاكردنەوە:

ئەم ئارگیومێنتە گریمانە دەكات كە سیاسەت و ئەخلاق بە جیا بمێنێتەوە. بڕیارە سیاسییەكان دەبێت بە رەچاوكردنی پراكتیكی وەك كارایی، كاریگەری و جێبەجێكردن رێنمایی بكرێن، نەك بنەما ئەخلاقییەكان. رەنگە لە هەندێك حاڵەتدا رەچاوكردنی ئەخلاقی پەیوەندیدار بێت، بەڵام نابێت نیگەرانییە پراگماتیكییەكانی سیاسەت تێپەڕێنێت. ئەم ئارگیومێنتە لەلایەن زانایانی وەك (جۆزێف راز، Joseph Raz) لە كتێبی "ئەخلاقی ئازادی" و (جۆن راولز، John Rawls) لە كتێبی "لیبرالیزمی سیاسی" خراوەتەڕوو.



جۆزێف راز (١٩٣٩-٢٠٢٢)

**دووەم: گرنگترین بۆچوونەكانی پێكەوەنەگونجانی ئەخلاق و سیاسەت:**

لێرەدا گرنگترین ئەو بۆچوون و بەڵگانە دەخەینەڕوو كە پشتگیریی دژایەتی نێوانیان دەكەن:

١.سیاسەت لە بنەڕەتدا كردەیەكی نائەخلاقییە:

هەندێك لە فەیلەسوفەكانی بواری سیاسەت رایان وایە كە چالاكی سیاسی لە بنەڕەتدا نائەخلاقییە لەبەرئەوە رەچاوكردنی پێویستیی ئەخلاقی لە سیاسەتدا شوێنێكی نییە. بۆ نموونە، (ماكیاڤیلی، Machiavelli) لە كتێبی "میر"دا ئاماژە دەكات كە فەرمانڕەوا دەبێت هەرچی پێویست بێت بۆ پاراستنی دەسەڵات بیكات، تەنانەت ئەگەر رەفتاركردنیش بێت نائەخلاقییانە بێت. هەروەها (هۆبز، Hobbes) باس لەوە دەكات كە ئەخلاق لە سیاسەتدا جێگەی نییە، بەو پێیەی ئامانجی

سەرەکی دەوڵەت بریتییەلە پاراستنی ڕێکوپێکی فەرمانداریێتی و سەقامگیریی بە هەر نرخێک بێت.

٢.سیاسەت و ئەخلاق ئامانجی جیاوازیان هەیە:

سیاسەت لە خەمی بەدەستهێنانی دەسەڵات و دابەشکردنی سەرچاوەکاندایە، لە کاتێکدا ئەخلاق لە خەمی هەستی تاکەکەسدایە بۆ زانینی چاک و خراپ. بە پێی ئەم بۆچوونە، ئامانجەکانی سیاسەت زۆرجار پێویستی بە کردارگەلێک هەیە کە لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکان ناگونجێت. ئەم بۆچوونە لەلایەن (مایکل والزەر، Michael Walzer)ـەوە لە کتێبی "کایەکانی دادپەروەری"دا خراوەتەڕوو. تێیدا گریمانەی ئەوە دەکات کایە جیاوازەکانی ژیان ئامانجی جیاوازیان هەیە و پێویستیان بە بنەمای ئەخلاقی جیاواز هەیە.

٣.ڕەنگە بنەما ئەخلاقییەکان لە سیاسەتدا کردەیی نەبن:

زۆرجار بڕیارە سیاسییەکان پێویستیان بە سازان و دانوستان هەیە، بەڵام ڕەنگە گروپە جیاوازەکان بیروباوەڕی ئەخلاقی جیاوازیان هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکۆکی و دژیەکی. جگە لەوەش، بڕیارە سیاسییەکان دەبێت کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی لەبەرچاو بگرن، ئەمەش دەکرێت ڕەفتارکردن بەپێی بنەما ئەخلاقییەکان قورس بکات. ئەم بۆچوونە لەلایەن (بێرنارد ویلیامز، Bernard Williams)ـەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ئەخلاق و سنوورەکانی فەلسەفە" خراوەتەڕوو. تیایدا باس لەوە دەکات مەرج نییە بنەما ئەخلاقییەکان لە دۆخە کردارییەکاندا هەمیشە کاریان پێبکرێت.



بێرنارد ویلیامز (١٩٢٩-٢٠٠٣)

٤.هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات ڕەنگە ببێتە هۆی سازشی ئەخلاقی:


ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین سیاسەتمەداران نیازێکی باشیان هەبێت و پێیان وابێت بە ئەخلاقی مامەڵە دەکەن، هەوڵدان بۆ دەسەڵات دەکرێت ببێتە هۆی سازشی ئەخلاقی. بۆ نموونە: رەنگە سیاسەتمەداران سازش لەسەر بنەما ئەخلاقییەکانیان بکەن بۆئەوەی دەنگ بەدەست بهێنن و هەڵبژاردنەکان ببەنەوە، یان پشتیوانی گروپە بەرژەوەندیخوازە بەهێزەکان دەستەبەر بکەن. ئەمەش دەگونجێت ببێتە هۆی دارشتنی سیاسەتگەلێکبۆ هەندێک لە گروپەکان زیانبەخش بێت، تەنانەت ئەگەر بە بیانووی ئەوەش خرابێتەروو کە مەبەستیان بەدیهێنانی چاکەی گەورەترە.

٥.چوارچێوەی ئەخلاقی جیاواز رەنگە ببێتە هۆی سیاسەتی دژبەیەک:

تەنانەت ئەگەر سیاسەتمەداران لەسەر گرنگیی ئەخلاق کۆک بن، لەوانەیە چوارچێوەی ئەخلاقی جیاوازیان هەبێت کە ببێتە هۆی سیاسەتی ناکۆکی. بۆ نموونە: رەنگە سیاسەتمەدارێک پێی وابێت کە ئازادی تاک گرنگترین بنەمای ئەخلاقییە (لیبراڵەکان)، لە کاتێکدا سیاسەتمەدارێکی دیکە لەوانەیە دادپەروەری کۆمەڵایەتی (سۆشیال دیمۆکراتەکان یان ئاراستە ئایینییەکان) لە پێشینەی کارەکانیدا دابنێت. ئەم چوارچێوە ئەخلاقییە ناکۆکانە دەکرێت ببنە هۆی ناکۆکی سەبارەت بەوەی کام بەرنامەکاری سیاسی لەپێشتر بێت.

٦.دژیەکی ئەخلاق و سیاسەت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا ئاشکرایە:

بۆ نموونە: تیۆری سیاسی ریالیزم پێی وایە کە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەهۆی بەرژەوەندی و هێزەوە دەجولێت. هەروەها ئەو پێوەرە ئەخلاقییانەی کە رێنمایی رەفتاری تاکەکان دەکەن، دەوڵەتەکان ناگرێتەوە، کە لە بنەڕەتدا کار بۆ مانەوە و ئاسایشی خۆیان دەکەن. بۆ نموونە: (مۆرگنتاو، Morgenthau) رای وایە کە سیاسەتمەداران هەندێکجار دەبێت بڕیاری قورس بدەن کە رەنگە وەک نائەخلاقی دەربکەوێت، ئەمەش لەپێناو ئەوەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان بپارێزن.



جۆن راولز (١٩٢١-٢٠٠٢)

**سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لە فەلسەفەی ئەخلاقی هاوچەرخدا:**

فەلسەفەی ئەخلاقی هاوچەرخ سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەخلاق و سیاسەت بۆچوونی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات، لێرەدا چەند بۆچوونێک دەخەینەڕوو کە نەخشە و هێڵکاری دابەشبوون و ململانێی نێوان ئەخلاق و سیاسەت روون دەکەنەوە:

١.(ئەخلاقی دادپەروەری بەرامبەر بە سیاسەتی هێز، Ethics of Justice vs. Politics of Power):

فەیلەسوف (مایکل والزەر، Michael Walzer) رای وایە کە زۆرجار ئەخلاقی دادپەروەری و سیاسەتی هێز لەگەڵ یەکتردا لە ناکۆکیدان. لە کتێبی (کایەکانی دادپەروەری)دا، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەرکی دەسەڵاتی سیاسییە کە سەرچاوەکان لە کۆمەڵگادا دابەشبکات، لە بەرامبەردا ئامانجی ئەخلاقی دادپەروەری دڵنیابوونە لەوەی کە ئەو سەرچاوانەی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێن. بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە ئەگەرێک هەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بۆ دابەشکردنی نارەوای سەرچاوەکان و درێژەپێدانی ئەو نارەواییە بەکاربهێنرێت، کەواتە ئەوە دەبێتە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا.

٢.(ئایدیالیزمی ئەخلاقی بەرامبەر بە ریالیزمی سیاسی، Ethical Idealism vs. Political Realism):

ریالیستە سیاسییەکان، وەک (هانس مۆرگنتاو، Hans Morgenthau) رایان وایە کە ئەخلاق و سیاسەت لە بنەڕەتدا ناتەبان. مۆرگنتاو لە کتێبی "سیاسەت لە نێوان نەتەوەکان"دا بانگەشەی ئەوە دەکات کە شوێنکەوتنی ئایدیاڵە ئەخلاقییەکان

لە سیاسەتدا رەنگە ببێتە هۆی بێهەڵوێستییەکی مەترسیدار، بەو پێیەی کە واقیعی راستەقینەی گەڕان بەدوای هێز و بەرژەوەندی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا پشتگوێ دەخات. بۆیە رای وایە کە رێبازێکی واقیعی بۆ سیاسەت پێویستە بۆ بەرەوپێشبردنی سەقامگیری و ئاسایش لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان.

٣.(ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن بەرامبەر سیاسەتی دادپەروەری، Ethics of Care vs. Politics of Justice):

فەیلەسوفی فێمەنیست (جوان ترۆنتۆ، Joan Tronto) باس لەوە دەکات کە ناکۆکی لە نێوان ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن و سیاسەتی دادپەروەریدا هەیە. لە کتێبەکەیدا (سنوورە ئەخلاقییەکان: ئارگیومێنتێکی سیاسی بۆ ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن)، پێداگری لەوە دەکات کە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن جەخت لەسەر گرنگی پەیوەندییەکان و هەست و سۆز و هاوسۆزی دەکاتەوە، لە کاتێکدا سیاسەتی دادپەروەری کار لەسەر بێلایەنی و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکان دەکات. ترۆنتۆ دەڵێت کە ئەخلاقی بەتەنگەوەهاتن پێویستە بۆ دەوڵەمەندکردن و تەواوکردنی سیاسەتی دادپەروەری، چونکە تێگەیشتنێکی فراوانتر بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پێداویستی تاکەکان دابین دەکات.



جوان ترۆنتۆ (١٩٥٢-)

٤.(ئەخلاقی مافی مرۆڤ بەرامبەر بە سیاسەتی سەروەری، Ethics of Human Rights vs. Politics of Sovereignty):

فەیلەسوف (چارلز بیتز، Charles Beitz) باس لەوە دەکات کە ناکۆکی لە نێوان ئەخلاقی مافی مرۆڤ و سیاسەتی سەروەریدا هەیە. ئەو لە کتێبی (تیۆری سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان)دا ئاماژە دەکات کە پێداگری لەسەر سیاسەتی پاراستنی سەروەریی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەت لەپێش مافەکانی

تاکەوە دادەنێت، لە کاتێکدا ئەخلاقی مافەکانی مرۆڤ پاراستنی مافەکانی تاک بە بێ گوێدانە سنوورە نەتەوەییەکان لە پێشینەی کارەکانیدایە. بیتز دەڵێت ئاشتکردنەوەی ئەم بەها دژبەیەکانە ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەم تیۆری سیاسی هاوچەرخدا بەوپێیەی کە هەردوو بنەمای سەروەری دەوڵەت و مافی مرۆڤ دوو بەهای سیاسەتی مۆدێرنن.

٥.(ئەخلاقی دادپەروەری جیهانی بەرامبەر بە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان، Ethics of Global Justice vs. National Interests):

فەیلەسوف (تۆماس پۆگی، Thomas Pogge) باس لەوە دەکات کە ناکۆکی لە نێوان ئەخلاقی دادپەروەری جیهانی و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکاندا هەیە. لە کتێبی (هەژاری جیهانی و مافەکانی مرۆڤ)دا، پێداگری دەکات کە گەلانی دەوڵەمەند ئەرکێکی ئەخلاقییان لەسەرە لە ئاست چارەسەرکردنی هەژاری و نایەکسانی جیهانی، بەڵام زۆرجار بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی خۆیان لە پێش دادپەروەری جیهانییەوە دادەنێن. پۆگی دەڵێت چارەسەرکردنی ئەم ململانێیە پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی بنەڕەتی هەیە سەبارەت بە سروشتی دامودەزگا سیاسییە جیهانییەکان و پەیوەندییان بە دادپەروەری جیهانییەوە.



تۆماس پۆگی (١٩٥٣-)

**تەوەری سێیەم**

**لەبارەی ئەخلاقی سیاسییەوە**

(ئەخلاقی سیاسی، Political Ethics) یان (ئەخلاقی گشتی، Public Ethics) بریتییەلە داوەریکردنی و حوکمدان بە دروستی یان نادروستی گوتار و ڕەفتارە

سیاسییەکان لە روانگەی ئەخلاقییەوە. ئەخلاقی سیاسی، دابەشدەبێت بۆ دوو بەش:

**یەکەم: ئەخلاقی پیادەکردن (Ethics of Process) یان ئەخلاقی خاوەن پلە و پۆستەکان (Ethics of Office):**

ئەم بەشەی ئەخلاقی سیاسی جەختکردنەوەیە لە ئەخلاقی فەرمانبەری گشتی و ئەو شێوازانەی بەکاریان دێنێت لە ئەنجامدانی کارەکانیدا. بە دەربڕینێکی دیکە بریتییەلە ئەخلاقی ئەو کەسانەی لە پلەو پۆستی گشتیدان و بەشدارن لە پرۆسەی حوکمڕانیدا.

کێشەی سەرەکی کە دووچاری ئەم کەسانە دەبێتەوە بریتییەلە ئەنجامدانی کردارێکی نادروست یان کردارێکی پێچەوانە لەگەڵ بەڵێنەکانی پێشوویاندا، بە دەربڕینی (مایکڵ والزەر، Michael Walzer) بریتییەلە (کێشەی دەستە پیسەکان)، واتە لە سیاسەتدا هەندێک کاری هەڵە ئەنجامدەدرێت کە لە رووی ئەخلاقییەوە نادروستن. لە دامودەزگا گەورەکانیشدا بەهۆی هەبوونی زیاد لە بەرپرسێکی کارگێڕی، کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێت و ناتوانرێت بە ئاسانی کەسی بەرپرس لە هەڵەکە دیاری بکرێت، ئەمەش بە (کێشەی زۆری دەستەکان، Problem of Many Hands) ناسراوە.

نموونەی نائەخلاقی سیاسیی پلە و پۆست وەک (گەندەڵی،Corruption)، واتە بەکارهێنانی پلەو پۆستی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی، گەندەڵی کێشەی دەستی پیسە، بەڵام کاتێک دەبێتە تۆڕ و رێکخراو، کێشەی زۆری دەستەکانیش پەیدا دەبێت. بۆ نموونە: هەموو کەس دەزانێت لە کوردستاندا گەندەڵی هەیە، بەڵام کەسیش راستەوخۆ خۆی بە بەرپرسیار نازانێت، بگرە هەمووان بانگەشەی چاکسازی دەکەن!

لە روانگەی ئەخلاقییەوە یەکەم سیفەتی ئەخلاقی کە پێویستە لە کەسانی خاوەن پلەو پۆستدا هەبێت بریتییەلە راستگۆیی یان پابەندبوون بە حەقیقەت. بۆیە (دێنیس تۆمسۆن، Dennis Thompson) بانگەشەی ئەوە دەکات لە دیمۆکراسیدا پێویستە خەڵک بەرپرسیارێتی بخەنە ئەستۆی سەرکردەکان و خۆشیان بەرپرسیارێتی هەڵبگرن، بۆ نموونە: کاتێک سەرکردەکان کارێکیان ئەنجامدا لە رووی ئەخلاقییەوە پاساوی نەبوو، ئەوا تەنها دەستی سیاسییەکان

پیس نابن، بەڵکو دەستی خەڵکیش پیس دەبێت، ئەم پرۆسەیەش ناودەنێت (Democratic Dirty Hands).

شایەنی ئاماژەیە کە لێرەدا باوەڕبوون بە (فەزیلەتە ئەخلاقییەکان، پابەندبوونی کەسی، پەروەردەی شیاو) کاریگەرییان هەیە لەسەر ئەخلاقی سیاسی خاوەن پلە و پۆستەکان.



مایکڵ والزەر (١٩٣٥-)

**دووەم: ئەخلاقی سیاسەتە گشتییەکان:**

ئەم بوارەی ئەخلاقی سیاسی تایبەتە بە پەیوەندی نێوان (ئەخلاق و سیاسەتی گشتی، Ethics and Public Policy)، واتە حوکمدان لەسەر رەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقییەکان لە پرۆسەکانی داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان لە حوکمڕانی وڵاتدا، وەک بوارەکانی: (دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، پەروەردە و فێرکردن، تەندروستی، نیشتەجێبوون).

یەکەمین دەرئەنجامی ئەخلاقیبوونی سیاسەتەکان بریتییەلە بەدەستهێنانی (متمانە، Credibility)، هەر دەسەڵاتێکیش کێشەی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی هەبێت، واتە کێشەی لە ئەخلاقیبوونی سیاسەتەکانیدا هەیە.

ئەخلاقیبوونی سیاسەتە گشتییەکان لەسەر دوو ئاست بڕیاری لەسەر دەدرێت:

١.ئەخلاقیبوون لە داڕشتنی سیاسەتەکاندا:

مەبەست لە داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان بریتییەلە بەدیهێنانی ئامانجێکی سەرەکی وەک دادپەروەری، واتە دەبێت سیاسەتە گشتییەکان بخرێنە خزمەت بەدیهێنانی دادپەروەری و لە فەلسەفەی یاسادانان و سزادانی وڵاتیشدا رەنگبداتەوە.

زانای سیاسەتناس (هارۆڵد لازوێل، Harold Lasswell): لە پێناسەی سیاسەتدا دەڵێت: (کێ، چی دەستدەکەوێت، کەی، و چۆن؟، Politics: Who

(Gets What, When, and How? ئەمەش بریتییەلە پرۆسەی دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان.



هارۆڵد لازوێل (١٩٠٢-١٩٧٨)

یەکێک لەکێشەکانی ئەخلاقیبوون لە دارشتنی سیاسەتەکاندا (رەچاونەکردنی بنەماکانی دادپەروەری)یە، واتە پشتگوێخستنی بنەما دامودەزگاییەکانی دادپەروەری، بۆ نموونە: یەکێک لە بنەماکانی پیادەکردنی دادپەروەری بریتییەلە دابینکردنی هەلی یەکسان بۆ هاولاتیان، بەڵام لە هەرێمی کوردستان دەبینین بە مەبەستی سوودمەندبوونی (ئەندامانی حیزب، خزم و خێڵ، ناوچەگەریێتی) ئەم بنەمایە پێشێلکراوە، لە رێگەی: (تەزکیەی حیزبی، دیاردەی بەدەر لە رێنماییەکان، دیاردەی شازادەی سیاسی واتە کوری بەرپرس دەبێتە بەرپرس).

٢.ئەخلاقیبوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا:

جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکان لە هەر ولاتێکدا واتە گرتنەبەری میکانیزمی جیاواز لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکەدا وەک سیاسەتەکانی (دادپەروەریی دابەشکردن، Distributive Justice)، وەک: رەچاوکردنی دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتەکان و دانانی باج و سیستمی موچە.

(دەیڤید ئیستن، David Easton) رای وایە پرۆسەی سیاسەت بریتییەلە: (دیاریکردنی دەسەلاتدارانەی بەهاکان، Authoritative Allocation of Values) واتە پرۆسەی جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و دابەشکردنی بەهاو داهاتەکان.

یەکێک لەکێشەکانی ئەخلاقیبوون لە جێبەجێکردنی سیاسەتەکاندا (ناکۆکی نێوان ئامانج و ئامرازەکان)ە، واتە گرتنەبەری ئامرازی نائەخلاقی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، وەک جێبەجێکردنی رێسای ماکیاڤیلیزمی سیاسی (ئامانج پاساوە بۆ

ئامراز، The End justifies The Means)، بۆ نموونە: لە هەرێمی کوردستان بە پاساوی مانەوە لە دەسەڵات، یان پاراستنی ئەزموونی حوکمڕانی چەندین ئامڕازی نائەخلاقی و پێشێلکردنی مافی خەڵک گیراوەتەبەر، خراپترین نموونەکان: (موچەی بندیوار، گرێبەستی کۆمپانیاکانی بەرپرس و حیزبەکان، نادادپەروەریی سیستمی موچە، خانەنشینکردنی ناشایستە).

**سەرچاوە:**

بە مەبەستی شارەزایی و خوێندنەوەی زیاتر، سەرنجی ئەم سەرچاوانە بدە:


1.Audi, Robert. Democratic Power and the Separation of Church and State. Cambridge: Cambridge University Press, 2006.

2.Beitz, Charles. Political Theory and International Relations. Princeton, NJ: Princeton University Press, 1979.

3.Lasswell, Harold. Politics: Who Gets What, When, and How. New York: Peter Smith, 1958.

4.MacIntyre, Alasdair. Ethics and Politics: Selected Essays, Volume 2. Cambridge: Cambridge University Press, 2006.

5.Morgenthau, Hans J. Politics Among Nations: The Struggle for Power and Peace. New York: Knopf, 1948.

6.Nozick, Robert. Anarchy, State, and Utopia. New York: Basic Books, 1974.

7.Pogge, Thomas. World Poverty and Human Rights. Cambridge: Polity Press, 2008.

8.Price, Terry L. The Ethics of Leadership: An Introduction. New York: Routledge, 2008.

9.Rawls, John. A Theory of Justice. Cambridge, MA: Belknap Press of Harvard University Press, 1971.

10.Rawls, John. Political Liberalism. New York: Columbia University Press, 1993.
11.Sandel, Michael. Justice: What's the Right Thing to Do?. New York: Farrar, Straus and Giroux, 2009.
12.Thompson, Dennis. Political Ethics and Public Office. Cambridge, MA: Harvard University Press, 1987.
13.Tronto, Joan. Moral Boundaries: A Political Argument for an Ethic of Care. New York: Routledge, 1993.
14.Walzer, Michael. Spheres of Justice. New York: Basic Books, 1983.
15.Walzer, Michael. The Problem of Dirty Hands. New York: Cambridge University Press, 1973.
16.Williams, Bernard. Ethics and the Limits of Philosophy. Cambridge, MA: Harvard University Press, 1985.

# خۆپەروەردەکردنی ئەخلاقییانە؛ دەروازەیەك بۆ گوناهناسی

تەحسین حەمەغەریب
ئامادەکردنی: ئاری عەلی ئەمین

گوناهناسی بابەتێکی گەورەی قورئان و ژیاننامەی پێغەمبەر و ئیسلامە، زۆر پێویستە لە ڕووی مەعریفییەوە گوناهناسی بخەینە بەرباس، ئەوەی کە مرۆڤ خراپە بناسێت بۆ ئەوەی خۆی لێ بپارێزێت یەکێک لە زانستە گەورەکانی ناو قورئانە، هیچکام لە زانستەکان لە ژیاری ئیسلامیدا هێندەی گوناهناسی لەسەری نەنووسراوە، بەڵکو هەندێک لە زانایانی بە گوناهناس ناسراون، بۆئەوەی خۆیان و خەڵک لە خراپە بپارێزن گوناهناسییان کردووە، بۆ نموونە: پێشەوا ذەهەبی گوناهناسێکی گەورە بووە، حافیزی شیرازی، عاریفێکی خاوەن سەرنج و وردەکارە لە گوناهناسیدا.

## گوناهناسی بۆ ڕاستکردنەوەی خود و خەڵك

لەبەرئەوەی گوناهناسی لەناوماندا نەماوە، بۆیە زۆرجار ئەوەی بە گوناهی بچووکی دەزانین، بەرەو هەڵدێرمان دەبات، بە پێچەوانەیشەوە، ڕەنگە گوناهی بچووک لە خۆمان گەورە بکەین، لە ڕوویەکی تریشەوە، هەندێکجار مرۆڤ وا دەزانێت چاکەی کردووە، بەڵام کە بە پێی قورئان و ژیانی پێغەمبەر لێی دەکۆڵێتەوە، دەبینێت کە چاکە نەبووە، بۆ ئەمە زۆرجار نموونەیەکی ژیانی مامۆستا سەعیدی نوورسی دێنمەوە، ئەو خۆی لە بیرەوەریەکانیدا باسی دەکات، ساڵێک لە ئەستەمبوڵ تەلەبە بووە، دیارە ئەو کاتە بەم واتایەی ئێستا زانکۆ

نەبووە، بەڵام باشترین شوێن بووە بۆ خوێندن، چونکە ئەستەمبوڵ لە هەموو شارەکانی تری جیهان گەورەتر بووە.

هەمیشە لە شارە گەورەکانیشدا مرۆڤ ون دەبێت، بۆیە وردتر بڵێین لە شارە گەورەکاندا گوناهیش ون دەبێت یان کەمتر دەردەکەوێت، مرۆڤ لە ئاوەدانی بچووکدا بەرچاوە، خۆی بۆ ون ناکرێت، بۆیە ناتوانێت کردەوەکانی بشارێتەوە، لەم رۆژگارەی ئێستایشدا ئەگەر سەرنج بدەین یان پرسیار بکەین، دەبینین خەڵک لە شارە گەورەکانی ئەوروپادا ئاسانتر دەتوانێت خۆی لەچاوی ئەوانی تر بزر بکات، من هەر لە ژیانی خۆمدا ئەوەم بینیوە، بۆ نموونە: سەرەتای ساڵانی (٢٠٠٠) رۆیشتم بۆ بەریتانیا، لەوێ هەواڵی هەندێک کەسم لە هاورێکانیان دەپرسی، وتیان نازانین، ژمارەکەیان گۆڕیوە ئیتر ون بوون! نازانین لە کوێن و چی دەکەن! ئەگەر لەناو خێزان و لادێ و شار و گەڕەکی خۆم هەرچی بکەم دیارە، بۆم ناشارێتەوە، بەڵام لە شارێکی گەورەی وەک ئەستەمبوڵدا لەو رۆژگارەدا خۆبواردن لەوانی تر ئاسانە.

مامۆستا نوورسی دەڵێت: رۆژانی هەینی دەچوومە دەرەوە، گەنج بووم، تەنانەت هاورێکانم گومانیان لا دروست دەبوو کە من بۆ گوناه دەچمە دەرەوە، هەندێکجار شوێنم دەکەوتن وایان دەزانی ئاگام لێیان نییە، منیش هەموو هەینییەک دەچووم بۆ گۆڕستان، یادی مردنم دەکردەوە، ئیتر هاورێکانم کە بۆیان دەرکەوت چی دەکەم، وازیان هێنا، بەم شێوە ساڵێکم لە ئەستەمبوڵ گوزەراند و تەنیا یەکجاریش نەزەرێکم نەکرد! هەر کە لە ئیستەمبوڵ دەرچووم، بیرم لەوە دەکردەوە سپاس بۆ خودا من یەک جاریش نەزەرم نەکردووە! ئیتر سەرنج دەدەم بەڵێ، وایە، نەفسە ئاسایییەکەم گوناهی نەکرد، بەڵام لە پشتی ئەم نەفسەوە نەفسێکی ترم هەیە، بە شان و باڵمدا هەڵدەدات: تۆ لەم هەرەتی لاوێتییەدا بۆ یەکجاریش گوناهێکت نەکرد، تۆ چ ئیشێکت کردووە، تۆ چیت! خەریک بوو ئەو بێگوناهییەم لێبکات بە گوناه، ئیتر لەخۆم بایی ببم، خۆم بە شت بزانم. ئەمە گوناهناسییە، ئێمە زانستێکی ئاوامان پێویستە، بریا لە بەشی یەکێک لە کۆلێژەکانماندا گوناهناسی بابەتی خوێندن بووایە.

## پێغەمبەران مامۆستان، بەڵام مامۆستای ئەخلاق

پێغەمبەر دوو ئیشی دەکرد:

یەکەم: دیاریکردنی نەخۆشییەکانی ناوەوی مرۆڤ (پزیشک)

دووەم: فێرکردنی چاکە، یان ئەخلاقە چاکەکانمان بۆ تەواو بکات (مامۆستا)

کە سەرنجی ژیانی پێغەمبەر دەدەین، دەبینین لە هەردووکیاندا زۆر سەرکەوتوو بووە، هەم وەک پزیشک هەمیش وەک مامۆستا، بەو دوانە شەپۆلێکی لە مێژوودا دروست کردووە تا رۆژی پەسلان هەر بەردەوام دەبێت. ئێمە لەسەر ئەو شەپۆلەی ئەو دەژین، بەو شەپۆلە دەژین، ئێمە لەناو شەپۆلی پێغەمبەریێتیداین، سەبارەت بەم مامۆستابوونەی پێغەمبەر چەند دێڕێک دەنووسین.

**ئەخلاق لە سێ قۆناغدا**

کاتێک لە مێژوودا سەرنجی مامۆستاکانی ئەخلاق دەدەین، ئیتر تەنانەت ئەگەر پێغەمبەریش نەبن، دەبینین بە سێ قۆناغ مرۆڤایەتییان فێری ئەخلاق کردووە:

قۆناغی یەکەم: ئەدەبی ئەخلاق

قۆناغی دووەم: خودی ئەخلاق

قۆناغی سێیەم: لووتکەی ئەخلاق

لە قورئاندا جگە لە پێغەمبەر یوسف، چیرۆکی هیچکام لە پێغەمبەران بەتەواوی نەهاتووە، مامۆستا ناصر دەڵێت: خودا دەفەرموێت: (فاقصص القصص) نەک (فاقصص القصة)، (قصة) واتە چیرۆکەکە هەمووی، بەڵام (قصص) واتە لە هەر چیرۆکێکدا ئەو بەشەی کە بۆ ئێمە پەندیان تێدایە، ئەو چیرۆکانەی موسا و عیسا بۆ ئێمە گێڕدراوەتەوە کە پەندی ئەخلاقییان تێدایە، یان ئادەم و حەوا، وا مەزانن هەمووی گێڕدراوەتەوە، بەڵکو ئەو بەشەیەتی کە سوودی ئەخلاقی لێوەردەگرین، ئیتر ئەگەر ئەو (قصص)انە هی پێغەمبەران بن یان نا، چونکە ئەوانە بۆ ئێمە مامۆستای ئەخلاقن.

ئێمە لە تەمەنی سەرەتاییدا فێری ئەدەبەکانی ئەخلاقیان کردووین، ئەدەبی ئەخلاق لەبەر خودی خۆیان فێرناکرێین، واتە بوونی خۆیان لەبەر خۆیان نییە، بەڵکو لەبەر دواترە کە ئەخلاقە، واتە بۆ ئەوەیە کە ئەخلاق لە ئێمەدا دروست ببێت، بۆ نموونە: (بسم الله) بکە، لەبەردەمی خۆتەوە دەست بکە بە نانخواردن، لە ناوەڕاستەوە تیکە مەگرە، بە دەستی راست بیخۆ، لە مەکتەب بە ریز بووەستین، یەکێک قسەی کرد گوێی لێبگرین... هتد، سەبارەت بە ئێمەی منداڵ ئەوانە ئەدەب بوون، ئەدەب ئەو رێوشوێنانەن کە مرۆڤ فێریان دەبێت، مەرج نییە لەو کاتەدا

واتاكانی بزانێت، تەنانەت پێشمان ناخۆش بوو، بەڵام دواتر بۆمان دەردەكەوێت كە ئەوانە مەشق بوون تا ببینە كەسی بە ئەخلاق، بابەتی ئەدەبدادان ئەوەیە، وەک پێغەمبەریش دەفەرموێت: (ادبنی ربی فاحسن تأديبي)، چونكە پێغەمبەر هەتیو بووە، دەفەرموێت خوداكەم ئەدەبی داداوم، باش ئەدەبی داداوم.

ئەدەبی ئەخلاق هەڵمان دەگرێت و دەمانگەیەنێت بە قۆناغی خودی ئەخلاق. تێگەیشتن لەم بابەتە زۆر گرنگە، چونكە بە بۆچوونی من (اهدنا الصراط المستقيم) ئەمەیە، وەک وتم بۆ نموونە: ئامانجەكە ئەوە نەبوو من لە منداڵیدا درۆ نەكەم، ئەگەر درۆیشم بكردایە گوناە نەبوو، چونكە منداڵ بووم، بەڵكو بۆ ئەوە بوو دواتر كە گەورە بووم فێری فەزیلەتی دەرۆنەكردن ببم، فەزیلەت جیاوازە لە ئەدەب، فەزیلەت بابەتێكە، توانایەكە لە مرۆڤدا خۆبەخۆیە، مرۆڤ خۆی بكەرە لە كردن و نەكردنی ئیشێكدا، وەک ئەدەبەكە نییە فێری خویەكیان كردبێتم، لەبەر ئەوانی تر بێت، یان لەو هێڵە سوورە بگەڕێمەوە كە كۆمەڵگە بۆی داناوم، نەخێر، من كە گەورە بم دەتوانم درۆ بكەم، بەڵام لە بەر ئەخلاق درۆ ناكەم، ئەمە قۆناغی دووەمە. لە منداڵیدا فێری كۆشش و ئارامگرییان كردم لەسەر كۆشش، بەڵام لە گەورەییمدا لەبەر خۆم ئارامگرم، كۆشش دەكەم، ئەگەر ئەوانی دیكەش لە دەورم نەبن، لە منداڵیمدا وەک عادەتێک فێری غەیبەت نەكردنیان كردم، بەڵام كە گەورە بووم لەبەر ئەخلاق غەیبەت ناكەم.

كەواتە فەزیلەت چییە، توانایەكە لە مرۆڤدا سەرپشكانە خۆی هەڵی دەبژێرێت، لەبەرئەوەی كە مرۆڤە، شایستەیە ئەم توانایە بخاتە كار و ئیشی پێبكات، من وەک مرۆڤێک شایستەی ئەوەم راستگۆ بم، بوێر بم، ترسنۆک نەبم، مرۆڤەكانی ترم خۆش بوویت، وەک مرۆڤێک شایستەی ئەوەم وەفادار بم، (وإبراهيم الذي وفى) خودا لە پەسنی ئیبراهیمدا دەفەرموێت ئێجگار وەفادار بوو، ئیبراهیم خۆی شایستەی ئەوە بوو وەفادار بێت، مرۆڤ كاتێک ژیانی ئەخلاقی هەڵدەبژێرێت، خۆی هەڵی دەبژێرێت، وەک عادەت و ئەدەبەكە نییە، ئەدەب راهێنانە بۆ ئەمە، بە دەست خۆت نییە، لە ماڵەوە فێرت دەكەن، بەڵام فەزیلەت رێک خۆتی، تەنها خودی خۆت، (وكلهم آتيه يوم القيامة فردا).

لێرەدایە كەس كردەوەی كەس هەڵناگرێت، لە ئەدەبدا ئێمە منداڵەكان خەبەر دەكەینەوە، نانیان پێدەدەین، خاوێنیان دەكەینەوە، دەیان گۆڕین و ... هتد، بەڵام كە

گەورە بوون، ئیتر خۆیان بەرپرسی شایستەی کردەوەی خۆیانن، کەم نین ئەو منداڵانەی کە گەورە دەبن پێچەوانەی خواست و شێوەی ژیانی دایکوباوکیان رەفتار دەکەن، بۆ، چونکە ئیتر خۆی هەڵی دەبژێرێت و هەر خۆیشی دەبێت بچێتە ژێر باری بەرپرسیارێتییەوە، واتە هەر خۆی باجی ژیانی ئەخلاقی خۆی بدات، ئەم پرسە لە دەروونناسی یۆنگدا باسکراوە، زۆرجار دەبینین مرۆڤەکان لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەیانەوێت سەربەخۆ بن، دەبینین ماڵ باوکی ماڵباتێکی ئاییندارن، ئەو دەیەوێت وا نەبێت، یان ئەوان دوورە ئایینن، ئەم دەیەوێت زۆر ئاییندار بێت، بەڵێ، دەخوازێت کەسایەتی و رۆح و ئەخلاقی سەربەخۆی هەبێت، ئەمە قۆناغی دووەمە.

ژیانی ئەخلاقی ئەگەرچی سەربەخۆیی و خۆبڕیاردان و بەرپرسیارێتییە، بەڵام ئەمیش کۆتایی رێگەکە نییە، بهێڵن بڵێم ئەمیش مەشقە بۆ جیهانێکی گەورەتر، بۆ قۆناغی سێیەم، ئەمە لە قورئاندایە، زۆر قووڵ و جوانە، پێشەوا غەزالی ناوی دەنێت (کیمیای بەختەوەری)، کیمیا مەبەست لەم زانستە نوێیەی ئێستا نییە، بەڵکو مەبەست لێی ئەو دەزگایەیە کە کاری گۆڕینی مادەی کەم بایەخە بۆ زێڕ، پێشەوا غەزالی دەفەرموێت ئەخلاق ئەو دەزگایەیە، شتی کەم بایەخ و کەمبەها دەکاتە زێڕ، ئەخلاق هێندە گرنگ و گەورەیە، هێشتا ئەم ئەخلاقە کە من لە کۆرس و ئیشی تری هەژاندا باسی (٢٥) بیست و پێنج بنەمای ئەخلاقم کردووە کە لە قورئاندا زۆر باسکراون، بەڵکو لە قورئاندا بنەمان: (راستگۆیی، وەفا، دادپەروەری، بەخشندەیی، هاوسۆزی، لێبووردەیی، سپاسگوزاری، خاکیبوون، سادەیی، داوێنپاکی، دڵنەرمی، رووخۆشی، عیشق، ئارامگری، تەوەکول، قەناعەت، تەوبە، فەرمان بە چاکە و رێگری لە خراپە، تەقوا، عیبادەت.. ) ئەوانە بۆ مرۆڤی ئەخلاقناس لە قورئاندا ئاشکران، بۆ ئەوەن بمان گەیەنن بە ئەخلاقێکی قووڵتر، با روونتری بکەینەوە؛ لە ئیشێک بێزاریت، ناتەوێت بیکەیت، بەڵام دەبێت بیکەیت، بۆ نموونە: فێرخواز بۆ تاقیکردنەوە تاقەتی نییە بخوێنێت، چەندجار کتێبەکە هەڵدەگرێت و دای دەنێتەوە، ناچارە خۆی ئامادە بکات، ئەی چار چییە؟ چی بکات، یەکێک لە ئامۆژگارییە کۆنەکان پێمان دەڵێت وا بیخوێنە وەک ئەوەی حەزت لەو کتێبەیە یان بابەتەیە کە بڕیارە سبەی تاقیکردنەوەی تێدا بکەیت!

بەڵام ئەمە چی دەگەیەنێت، بۆ وا دەوترێت، لەبەرئەوەی هەر بابەتێک حەزت لێی بوو، ئیتر وەک ئەرک تەماشای ناکەیت، وەک ئەو کتێبەی خولیاتە بیخوێنیتەوە، ئیتر پەرۆشیت، نازانیت چۆن تەواوی بکەیت، بەڵام هەر هەمان کتێب بڵێن نمرەی لەسەرە و تاقیکردنەوەی تێدا دەکەیت، تاقەتت لێی نامێنێت، بۆیە ڕێگەچارە ئەوەیە وا لە خۆم بکەم وەک ئەوەی خولیام بێت بیخوێنمەوە، پەرۆشییەک بۆ خۆم دروست بکەم! ئەگەر توانیم ئەوە بکەم، ئیتر سەرکەوتوو دەبم، وەک مەولانا دەڵێت: کۆمەڵێک زانستەکەیان بە کۆڵیانەوەیە، واتە بێگارە، و کۆمەڵێکیش بە کۆڵی زانستەکەیانەوەن، واتە خۆشحاڵانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، کەواتە لێرەدا دەپرسم، چۆن دەتوانم ڕاستگۆ بم ئەگەر ڕاستگۆیی تەنها وەک تاقیکردنەوە یان وەک ئەرکێک لێی بڕوانم، ئەگەر وەک بێگارێک لێی بڕوانم، ئیتر تاقەتم لێی نامێنێت، تەمەنێک پێت بڵێن درۆ مەکە، هەر ناتوانیت، درۆ نەکەیت! ئیتر ئەمە بەسەر هەموو فەزیلەتەکانی تریشدا گشتاندنی بۆ بکە، هەمان ئەنجامی درۆنەکردنەکەیە.

ئەگەر ئارامگری تەنها وەک ئەرکێک بێت، هەر ماوەیەک ئارمگر دەبم، ئیتر وازدێنم، بەڵکو دەبێت ئارامگرییم خۆش بوویت، پەیوەندییەکە لە ئەرکەوە وەربچەرخێنم بۆ خۆشەویستی، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە، چۆن ئەم وەرچەرخانە دروست دەبێت؟ وا بخوێنم خوێندنم خۆش بوویت، وا ڕاستگۆ بم.. وا ئارامگر بم کە ئەو فەزیلەتانەم خوش دەویت، واتە دەبێت بە هەموو بەشەکانییەوە ئەخلاقم خۆش بویت ئینجا دەتوانم ئەخلاقییانە مامەڵە بکەم، بەڵام وەک وتمان خاڵەکە ئەوەیە چۆن ئەخلاقم خۆش بوویت؟ دەزانن خۆشویستنی ئەخلاق بۆخۆی بەشێکە لە ئەخلاق؟ بەڵام بەشە باڵاکەی ئەخلاقە.

**خۆشویستن وەک بنەمای هەموو فەزیلەتەکان**

دایکێک منداڵەکەی خۆی خۆشدەویت، ئەو دایکە بۆئەوەی منداڵەکەی خۆش بوویت پێویست ناکات بڵێت با من ئارامگر و ڕاستگۆ بم، بەڵکو هەر خودی ئەو خۆشویستنە وای لێدەکات بەرامبەر منداڵەکەی ئارامگر بێت، ئەوە نییە شەو ناخەویت بە دیارییەوە! واتە ئێمە ئەگەر وەک دایک بین چەمکی دایکبوون ئەوەیە، واتە بگوازینەوە بۆ خۆشەویستی، ئیتر فەزیلەتەکانی تر لەبەر خۆشەویستی ئاسان دەبن، نابن بە ئەرک و بێگار، بەڵکو دەبن بە بەشێک لە مامەڵەمان، پێغەمبەر ئێمەی

فێری ئەمە کردووە، واتە ئێمە خودامان خۆش بوویت، ئیتر لە سایەی خۆشویستنی خوداوە هەموو فەزیلەتەکان دێنەناو مامەڵەی ژیانەی رۆژانەمانەوە، چیتر ئێمەش لەبەر خۆشەویستی خودا درۆ ناکەین، ئارامگر دەبین، خۆشەویستی قۆناغێکی پێشتری ئەخلاقە و بەشێکیشە لە ئەخلاق! بۆیە ئەو کەسەی ئەوینی خودایی لە دڵدا بێت، فەزیلەتەکانی تر خۆبەخۆ دێنەدی، چونکە من دەزانم لە هەرشوێنکاتێکدا بم خودا بینەر و بیسایە، شەرمی لێدەکەم.

مرۆڤی باوەڕدار خەوفی خودا لە دڵیدایە، بەڵام خەوف نەک ترس، لە هیچ شوێنێکی قورئاندا دوامان لێنەکراوە ترسنۆک بین، واتە (جبن و جبان) لە قورئاندا نیین، خەوف ترسە لە بەرامبەر هەبوویەک کە شایستەی ئەوەیە لێی بترسین، فەزیلەتە، بەڵام جوبن ترسێکی ناشایستەیە، رەزیلەتە، حاڵەتێکی دەروونییە، نەخۆشییە، لێرەدا هەروەک چۆن تێگەیشتن فەزیلەتە، منی مرۆڤ لە ئاستێکدام شایستەی ئەوەم لە خودایەتی خودا تێبگەم، هەر ئاوایش شایستەی ئەوەم خەوفم لە خودا هەبێت، واتە بوونی خەوفی خودا شایستەی منی مرۆڤە، هەروەها شایستەیە شەرم لە خودا بکەم، ئەوەی شەرم و خەوف و تێگەیشتنم هەبێت رێزم لێنراوە، واتە بوونی ئەوانە لە خوداوە سەبارەت بە من رێزم لێنراوە، لە منیشەوە بەرامبەر بە خودا فەزیلەتی تەقوایە، بۆیە لە قورئاندا لووتکەی ئەخلاق تەقوایە، واتە:

قۆناغی یەکەم: لە منداڵیدا ئەدەبی ئەخلاق فێردەکرێین.

قۆناغی دووەم: ئەو ئەدەبانە دەبنە ئەخلاق.

قۆناغی سێیەم: ئەو ئەخلاقانەش دەبنە لووتکەی ئەخلاق، واتە دەبنە تەقوا.

وەک وتمان ئەگەرچی خۆشەویستی قۆناغێک پێشترە لە ئەخلاق، هەروەها بەشێکیشە لە ئەخلاق، بەهۆی ئەوەوە ئەخلاقەکانی تریش دەرەخسێن، وەکچۆن دایکێک لەبەر 'خۆشەویستی' ئەو هەموو فەزیلەتەی بۆ منداڵەکەی هەیە، ئێمەیش کە خۆشەویستیمان هەبێت ئیتر هەموو ئەخلاقەکانی تر، هەموو فەزیلەتەکانی تری بە دوادا دێت، دەزانن کیشەی ئێستای مرۆڤایەتی چییە، لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوەیە کە خۆشەویستی خودایی لەناو دڵی مرۆڤەکاندا خاو بووەتەوە، کز بووە، یان هەر نەماوە، بۆیە ئەخلاق ئاسان نییە، ناتوانین خۆمان رابێنین، چاکبوون زۆر قورسە، وەک ئەو ئافرەتەی منداڵی هەیە، دایکە، ئیتر دایکایەتی

خۆی دیتەدی، بەڵام ئافرەتێک کە منداڵی نییە، دایک نییە، دایکایەتی قورسە بۆ ئەو، زۆر لەخۆکردنی دەوێت، ئەو کاتەش کە رۆڵی دایک دەبینێت، ئەوە رۆڵی دایکە نەک ئەوەی دایک بێت، دەبینین بەم نموونەی دایکە بابەتەکە ئاسانتر تێدەگەین.

کەواتە بوونی تەقوا یان خۆشەویستی خودا ئەو بنەمایەیە کە ئەخلاقی لەسەر بنیاد دەنێین، بوونی بنەمایەک کارەکە ئاسان دەکات، زۆرجار دەبینین گەنجێکی خودانەناس خەڵک گیردەخۆن بە دەستییەوە، کە دەبێتە کەسێکی ئایینی دار، هێور هێور دەبێتەوە، پێی دەڵێن چۆن ئاوات لێهات، دەڵێت نازانم! چونکە خۆشەویستییەکە لە دڵیدا دروست بوو، وەرگۆڕانێکی بەسەرداهات، ئیتر بە ئەخلاقبوونی ئاسان دەبێت، ئێستا وڵاتان ملیارەها دۆلار لە پەروەردەکردنی منداڵ و گەنجەکانیاندا خەرج دەکەن تا بە ئەخلاق بن، کەچی نابن، دەبینین بەرهەمی ئەو پەروەردەیەی ئێستا لە جیهاندا هەیە زۆر کەمترە لەو هەموو سامانەی لەو پێناوەدا خەرج دەکرێت.

سالانی سەرەتای (٢٠٠٠) هەفتەیەک لە لەندەن لە ماڵی هاورێیەکم بووم، باسی پەروەردەی ئەوێی بۆ دەکردم، میتۆدیان، بودجەی تەرخانکراو، ئەو هەموو گرنگیپێدانە، بۆئەوەی منداڵ و گەنجیان چاک بن، لێم پرسی: جا چاک دەبن؟ وتی بەداخەوە، نەخێر، با سبەی بچینە دەرەوە دەیبینیت، کە لە ماڵیان چووینە دەرەوە، هەر لە گەراجی ئەو بینایەدا پێنج کچم بینی ماددەی هۆشبەریان بەکار دەهێنا! ئەگەر ئەوە فێری خۆشەویستی خودا کرابان، هەر خۆیان وازیان دەهێنا و خۆیان دەپاراست، بۆیە دەبینین کە گروپ رێکخراو و کۆمەڵە ئایینییەکان ئەگەر لە هەر بوارێکی تردا خەڵک گلەیی لێمان هەبێت، لەم بوارەدا کەس گلەیی نییە، بێ ملامەت نییە کە دەوترێت حیزبە ئیسلامییەکان کەسیان لەسەر خراپەکاری لە زینداندا نییە، ناڵێین ئێمە فریشتەین هەڵە ناکەین، وا نییە، ئێمەیش مرۆڤین، بەڵام دواجار ژیانی ئەخلاقی بۆ ئێمە ئاسانترە، چونکە خودامان خۆش دەوێت.

زۆرجار وتوومە ئەو ئەدەبەی لە منداڵیدا فێردەکرێین، بەشێکی بریتییەلە پەرستش، بۆ نموونە: نوێژ، کە لە منداڵیدا فێری نوێژ دەکرێین، زۆرجار هەر لێی تێناگەین، ئاگامان هەر لە نوێژیش نییە، بەڵکو جاری وایە منداڵ دەیکات بە گاڵتەوگەپ، دەبینین لە مزگەوتدا چی دەکەن، خۆ ناشبێت لێیان توورە ببین، بۆ ئەوەی لە ئەدەبەکەدا بمێننەوە، چونکە لە قۆناغی ئەدەبدان، ئەوان لەو کاتەدا خۆ

عیبادەت ناکەن، بەڵکو رادێن بۆ عیبادەت، ئامانج لەو راهێنانە عیبادەتە، ئامانج لە عیبادەتیش، وەک نوێژ، رۆژوو، زەکات و حەج و...هتد تەقوایە، ئەوانە دەکەین (لعلکم تتقون)، بۆ ئەوەیە لووتکەکە دروست ببێت.

ئەو سێ قۆناغەی باسمان کرد، کورتەی تیۆریای ئەخلاقی ئایینی یان مامۆستابوونی پێغەمبەرە، شوێنکەوتووانی خۆی فێری ئاداب کردووە، زۆر قورسیش بووە، چونکە ئەوان ئەعراب بوون، نەخوێندەوار بوون، لە تەمەندا گەورەش بوون، بیرم لێ دەکردەوە، چۆن سەرکەوتوو بووە، تۆ بیری لێبکەرەوە پێڵاویان لە پێدا نەبووە! لە کتێبە فیقهییەکاندا هاتووە: دەڵێت ئەو ئەعرابەی کە پێستی ژێر پێیان قایم بووە، واتە ئەستوور بووە، ئەگەر قاچیشیان نەشۆن قەیدی ناکات! بۆچی؟ چونکە تازە فێر نەدەبوون! سەرنج بدە، پێغەمبەر تەنانەت ئەوانەیشی گۆڕی! فێری ئەدەبی ئەخلاقی کردن، ئەو ئەدەبە بۆ ئەو قۆناغەی ئەو مرۆڤانە ئێجگار گرنگ بوو، پوختەی کردنەوە، دواتر فێری فەزیلەتە ئەخلاقییەکان بوون، راستگۆیی، دڵسۆزی، بوێری، ئازایەتی، فیداکاری...، لە کۆتاییشدا هەموو ئەوانە لووتکەیەک کۆیان دەکاتەوە، ئەویش تەقوایە، واتە گەیاندنی بە تەقوا! هەنگاو هەنگاو دەستی گرتن و گەیاندنیە گەوهەرەکە! ئیتر جیهانیان گۆڕی! مشتێک هاوەڵ بوون، مشتێک تەقواکار بوون جیهانیان گۆڕی! شەپۆلێکیان دروست کرد، تا ئەو دنیاش هەر دەڕوات! ئەم نووسینەیش لە سایەی ئەو شەپۆلەی ئەوانەوەیە، ئەم دێڕانە زادەی ئەو پەروەردەیەی پێغەمبەرە (د.خ).

# ئاگایی مێژوویی؛ هاونشینی ناسین و گۆڕان

**بێستون عەبدولکەریم**

مێژوو، شانۆی ژیانێکی زیندووە. ژوول میشلە

ژیان بەبێ ئاگایی مێژوویی بێمانایە. یۆستن گاردەر

ئەو کەسەی فەرمانڕەوای رابردووە، فەرمانڕەوای ئێستا و داهاتوویشە. جۆرج ئۆرێل

### بەرەو پرۆسەی ئاگایی

جیهانی ئەمڕۆ جیهانی ئاگاییە، هیچ شتێکی تر بە ئەندازەی ئاگایی کۆمەکمان ناکات بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا و دەستکاریی ئەم جیهانەی کە تێیدا دەژیین. لێرەدا ئاگایی وەک چەمک و کەرەستەیەکی فیکری و مەعریفی دەناسرێت. ئاگایی تەنیا پرسێکی زاتیی، ناوەکیی و داخراوی مرۆڤ نییە؛ کورتکردنەوەی ئاگایی وەک وزە و رۆشناییەکی دەروونیی سنووردار کە خەریکی ڕێکخستنی ژیانی ناوەوەی مرۆڤە و بوونێکی سرووشتیی، جێگیر و نەگۆڕی هەیە، روانینێکی مەترسیدارە.

ریشەی ئەم بیرکردنەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە سیفەتی مێژوویی، زیندوویێتی و جووڵە لە ئاگایی دەسێنێتەوە و رەهەندە فیزیکی و بایۆلۆژییەکانی لە بەرچاو دەگرێت. نابێت ئاگایی وەک تۆوێکی چێنراو و ماددەیەکی خاو ببینین کە ئەرکی پەروەردەکردن، گەشەپێدان و ئاراستەکردنی لە ئەستۆی ئێمەدا نییە و هەمیشە بە شێوەیەکی سروشتی و جەبری لە خۆدروستکردن و خۆبەرهەمهێنانەوەدایە. ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر مانەوە و قەتیسبوونی رۆڵی ئاگایی لە سنووری درک، ناسین و هەستپێکردندا دەکاتەوە. بە پێچەوانەوە، ئاگایی

جگە لەوەی کە بەرهەمی ئامادەگی توانا زەینی و دەروونییەکانی مرۆڤە، هاوکات دیاردەیەکی دەرنشین، بینراو و کردەییە.

کرۆکی راستەقینەی ئاگایی لەو ساتەوە دەست پێدەکات کە شوناسە خودیی و دەروونییەکەی تێدەپەڕێنێت و لە وێنەیەکی ئاشکرا و حەقیقیدا بەرجەستە دەبێت. ئاگایی راستەقینە ناتوانرێت بشاردرێتەوە و بچەپێنرێت، خامۆشی و بێدەنگی قبووڵ ناکات، دژی داخران و چەقبەستووییە، واتە ئەگەر لە شوێنێکەوە سەری پان بکەیتەوە، لە شوێنێکی ترەوە دەردەپەڕێت.

ئاگایی پێویستی بە خۆنواندن و فۆرمەڵەبوونە لە ژیانی رۆژانەدا، دەبێت ریشە و لێکەوتەکانی بۆ ناو واقیع شۆڕ ببێتەوە. بوونی ناوەکیی ئاگایی مانای تەواو و کامڵی شتەکان ناسەلمێنێت. دیوی ناوەوەی شتەکان تەنیا قورسایی مانا مەعنەوی و رەمزییەکەی پێناسە دەکات. هەر شتێک بۆ ئەوەی وەک حەقیقەتێکی دیار و رەسەن خۆی بناسێنێت، پێویستی بە کرانەوە و بەرجەستە بوونە، بە تایبەت ئاگایی مێژوویی لە تەجەلابووندا مانا پەیدا دەکات. پێویستە ئاگایی تاقیبکەینەوە و ئەزموونی بکەین، بیخەینە گەڕ و ئیشی پێبکەین.

زۆر جار ئاگایی لە سنووری ناوەوەماندا ختوکەمان دەدات، دەخولێتەوە و ناتوانێت خونچە بکات. بەو هۆیەوە ئاگایی تووشی دۆخی چەمانەوە و پاشەکشە دەبێت، مەیدانەکە چۆڵ دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا و دەچێتەوە ناو بازنە داخراوەکە. راستە مەعریفە پێش هەموو شت روو لە جیهانی ناوەوە دەکات، گەشتی دونیای نەبینراو و شاراوەی دەروونی مرۆڤ دەکات، سەرەتا هەرچی ترس، برین و دەردی ناخ هەیە، سارێژ دەکات و بڵێسەی بێداری و ژیانەوە بەرز دەبێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤ لە زیندانەکەی ناخی، کە دەیەوێت ئەسیری ئەو بێت و کۆتوبەندی بکات، رزگاری دەبێت، بۆ هەمیشە مەشخەڵی ئازادی هەڵدەکات.

ئەو مرۆڤە جارێکی تر لەدایکدەبێتەوە و بە جۆرێکی تر لە خۆی و دونیا دەڕوانێت. لێرەوە مەعریفە بەرجەستە دەبێت و بە کرداریی دەکرێت، وەک دەوترێت زانین بۆ کردار. مەعریفە پێش ئەوەی ژیان جوان و مانادار بکات، ئازادی و سەربەستی بە مرۆڤ دەبەخشێت، دەتباتەوە سەر بنەچەی خۆت و دەتکاتەوە بە خۆت، وەک ئەوەی هەیت پیشانی دونیات دەدات، بوون و شوناست پێدەبەخشێت، ئەگەر مەعریفە ئەم خەسڵەتی گۆڕانکارییەی پێوە نەبوو، وەک کەفی

سەر دەریا دەڕوات و ئاسەوار جێ ناهێڵێت. بە وتەی عەبدولکەریم سروش؛ مرۆڤ پێش ئەوەی لە دونیا بڕوات، دەبێت شۆڕشێک لە جیهانیدا بەرپا بکات، تا ئەو شۆڕشە روونەدات، ئەستەمە ئاسۆی دونیایەکی تازە ببینرێت. مەعریفە ناوکێکی بزێو، جوڵەدار و زیندووی هەیە، کاتێک ئەم وزەیە ئاگایی و خەیاڵی مرۆڤ دەگرێت، ئیتر هەلومەرجی مەنگی و سستی دەسڕێتەوە و دۆخی هۆشمەندی و گۆڕان روو لە مرۆڤ دەکات.

## چۆن زانینی مێژوویی بکەین بە کردار

هەموو جۆرە هەوڵێک بۆ قسەکردن لەسەر ئاگایی تەنیا ئەوە نییە، رانان بۆ شتەکان بکەین و بیناسین، بەڵکو هەوڵێکیشە بۆ دەسکاری و گۆڕانکاری، بۆیە کاتێک باسی شتێک دەکەین، لە راستیدا دەمانەوێت ئەو شتە بگۆڕین. لێرەوە ناسین و گۆڕان دەبنە دوانەیەکی لێکدانەبڕاو. لەو روانگەیەوە ئیتر ئێمە تەماشەکەر نین، بەڵکو سازێنەریشین، کەواتە هەر شانۆکە راڤە ناکەین، بەڵکو خۆمان دەبینە ئەکتەر و رۆڵ دەگێڕین، ئەمەیش کارێکی قورسە و پێویستی بە راهێنانی فیکری و زەینی هەیە. ئەگەر تا ئێستا مەعریفە خەیاڵمانی جۆش داوە و دەروونمانی رووناک کردووەتەوە، ئیتر کاتی ئەوەیە بپرسین کە چۆن زانینی مێژوویی بکەین بە کردار.

لە بنەڕەتدا ئاگایی خاوەنی بوون، رۆح، گیان و جەستەیە، لە کات-شوێنی خۆیدا و لەسەر بنەمای پێویستی و زەرورەت خونچە دەکات، دەدرەوشێتەوە و بەر دەگرێت. لەدایکبوونی ئاگایی، بەستێنە، رەوتە، کەڵەکەبوون و چڕۆکردنە، کەواتە ئاگایی ناخوڵقێنرێت و دروست ناکرێت، دەردەکەوێت و بەرجەستە دەبێت. جیاوازییەکی قووڵ لەنێوان مانای پێگەیشتن و خوڵقاندندا هەیە و مەودایەکی گەورە هەیە لەنێوان ئەوەی چ شتێک بەرهەمی خواستی مێژووە و شتێک کە هەڵتۆقیوە و سوتفەیە. ئەگەر ئەندێشە، ماتەوزە و هەژانێک لە هەناوی ئەم رۆحەدا هەبێت، خۆی ئاشکرا دەکات، ئاگایی ناچەپێنرێت، سەرکوت ناکرێت و پەنگ ناخواتەوە، حەزی لە کرانەوە و رزگارییە و دەیەوێت بوونی خۆی وەک چەتر بکاتەوە، کەواتە ئاگایی رسکان، پێگەیشتن و کامڵبوونە.

مێژوو زانستێکی یاسامەندە لەبارەی واقیعێکەوە کە ئەویش ژیانی مرۆڤە، کەواتە مێژوو زانستی ئێستایە لە پتەوترین و هەنووکەییترین واتایدا، ئەگەر مێژوو

زانستی ئێستا نییە، لە کوێدا ئەو رابردووەمان دەدۆزییەوە کە عەودالین و وەک سەرمەشق لێی دەڕوانین، رابردوو وەک هێزێکی زیندوو و کارا لە ئەمڕۆدا پشتیوانیی ئێمە دەکات، رابردوو لەو دوورەدەستەوە کە رووی داوە جێگەی نییە، بەڵکو لێرەدایە.

دەروونی من، رابردووی منە، کە مەبەست لێی هەمان ژیانی منە. مرۆڤ پێویستی بە پەیامی نوێیە، بە وتەی خۆزی ئۆرتێگا گاست( José Ortega y Gasset) ئێمە لە سەردەمی دەرکەوتنی مەعریفەی مێژووییدا دەژین، مەعریفەی مێژوویی لەسەر مرۆڤ، بۆیە ئاگایی مێژوویی ئێمە لەسەر مێژوو، کە لە سەردەمی نوێدا لە بوارێکی دیسپلینی زانکۆیی رێکخراودا دەرکەوت، پەیام و دۆزینەوەی تێدا نەبووە، بەڵام ئێستا کاتی بڕیارلێدراو دەگات، ئەم مژدە نوێیە، دامەزراندنی بوارێکی نوێی ئەکادیمی یا شۆڕش لە زانکۆدا نییە، بەڵکو مزگێنی سەردەمی نوێ تایبەتە بە مرۆڤ و ئەندێشە فەلسەفییەکانی، کە خۆی لە بەدیهاتنی پانتاییەکی رەسەن، پەیامی نوێ و بانگەوازی دواهەمین هیوای مرۆڤدا دەبینێتەوە، ئەویش دەرکەوتنی عەقڵێکی نوێ، یا جەوهەری عەقڵانی مێژووە. بابەتی ئەم مەعریفە نوێیە مرۆڤە.



خۆزێ ئۆرتیگا گاست (١٨٨٣-١٩٥٥)

ئاگایی مێژوویی، تێگەیشتنی مرۆییە و لە رووی ژانری فیکرییەوە سەر بە کایەی مەعریفەناسیی مێژوو و فەلسەفەی مێژووە. گۆڕان و جووڵە، مەرجی سەرەکیی دەرکەوتنی مێژووە، بنەڕەتییترین گۆڕانکاریی مرۆیی، گۆڕانکارییە لە بیروباوەڕدا، چونکە باوەڕەکان ژێرخان و قووڵترین چینەکانی پەیکەری فیکری ئێمە پێک دەهێنن، هەر بەو واتایە کە زیندووین. ئاگایی مێژوویی جۆرێکی تایبەتی ئاگاییە، هەر تەنیا ناوەڕۆکی بەلاوە گرنگ نییە، بەڵکو لە رێگەی شێوەوە پەی بە جیهانی ناوەوەی مێژوو دەبەین.

دەرکەوتەکانی ئاگایی، پەیوەندیی بە ئەندێشەی کەسەکەوە هەیە، وەک چۆن روخسار و شێوەی مرۆڤ پەیوەندیی بە ناخ و دڵی کەسەکەوە هەیە، بۆیە رۆحێکی بێدار، گەڕۆک و زیندوو، جەستەیەکی جوان، دلڕفێن و چالاکی لێ دەکەوێتەوە. وشکهەڵاتن و زەردهەڵگەڕانی ئاگایی مێژوویی، پەیوەندیی بەو رۆحە پەژموردە و داڕزیوەی تێڕوانینی بیرکردنەوەی مێژووییەوە هەیە. بۆیە عەشق لەم بیابانەدا ناڕوێت. تا رۆح پەککەوتە، دۆشداماو و بریندار بێت، لەشولاریش ماتەم، کزۆڵ و بێ رەونەق دەبێت. ئاگایی مێژوویی و دەرکەوتەکانی و دوانەیەکی لێکدانەبڕاون و گرێدراوی یەکترن، هەر جۆرە قسەکردنێک لەسەر ئەم، راستەوخۆ پەیامێکیشە بۆ ئەوی تریان، بەکورتی؛ ئاگایی مێژوویی بە دەرکەوتەکانییەوە دەناسرێتەوە. هەموو شتێک ناوەڕۆک و فۆرم (ناخ و شکڵ)ی هەیە، شکڵ دیوەکەی تری ناخە، ناوەڕۆک لە رێگەی شکڵەوە خۆی وێنا دەکات، ناوەڕۆک مانا دەداتە شکڵ، شکڵ خۆی هیچ نییە جگە لە تەجەلابوونی ناواخن، فۆرم گیراوەی رۆحی شتەکەیە.

## گەڕان بەدوای واتای مێژوو

مێژوو لە لایەکەوە ئەندێشە، کردار و دیاردەکانی ژیانی رابردووی مرۆڤ لە خۆ دەگرێت و لە لایەکی تریشەوە بریتییە لە ناسین، راڤەکردن و پەسندانی رووداوەکانی رابردوو لە بۆتەی ئێستادا، لە مانای یەکەمدا مێژوو ئەو شتەیە کە رووی داوە و کۆتایی هاتووە و لە مانای دووەمدا ئەو شتەیە کە دەربارەی ئەو رووداوە دەنووسرێت و تۆمار دەکرێت، لە روانینی یەکەمدا مێژوو حیکایەت و چیرۆکی رابردووە، لە روانینی دووەمدا گێڕانەوە و هۆنینەوەی ئەو چیرۆکەیە.

بەکورتی، لەم تێگەیشتنەدا مێژوو لە پەیوەندیی رابردوو و ئێستا پێک دێت، بۆیە ئەگەر مێژوو وەک رووداو، پێشهات کۆتایی هاتبێت، ئەوا وەک ریوایەت و دەق بەردەوامە و تا ئەو کاتەی مرۆڤ بیر لە رابردوو بکاتەوە، بیناسێتەوە و بیخولقێنێتەوە، کاروانی مێژوو درێژەی هەیە و وێستگەی کۆتایی مێژوو ئەو کاتەیە کە مرۆڤ نامێنێت، کەواتە مێژوو چیرۆکێکی بێکۆتاییە، ئەرکی ئێمەیە ئەم چیرۆکە بگێڕینەوە و مانای نوێی تێدا بدۆزینەوە. هەروەها مێژوو شتێکی بەدیهاتووە نەک بۆچوونێک و باوەڕێک کە رەتی بکەینەوە یان قبووڵی بکەین، مێژوو ئامادەیە و هەیە.

ئاگایی مێژوویی، وەک دۆخێکی مێژوویی لە ئێستا دەڕوانێت، واتە مێژوو ئەوەیە کە ئێستا هەیە، بە وتەی میشێل فۆکۆ ئێمە لە ئێستایەکی مێژووییداین، ئێستا چییە و بۆ بەو شێوەیەیە کە هەیە، ئێمە چۆن بووین بەو ئێمەیەی کە ئێستا هەین. ئەمانە کۆمەڵێک پرسیاری "فۆکۆ"یین دەربارەی دۆخی ئێستا. چەقی بیرکردنەوە لای فۆکۆ ئێستایە.

ئەو زەمینە و بونیادە فیکری، سیاسی و ئابورییانەی کە تێیدا دەژیین و بیر دەکەینەوە، وەک کۆمەڵێک پایەی گرنگ و مەرجەعی سەرەکیی پێکهێنەری شوناسی مرۆڤ دەناسێنێت و پێی وایە ئەوانە دیاریدەکەن کە ئێمە چۆن بین، چی بڵێین و چی نەڵێین، چی بکەین و چی نەکەین، چی پەسەند بکەین و چی ڕەت بکەینەوە. لە ڕوانگەی فۆکۆدا، ئێستا شوێنێکی بنەڕەتیی هەیە. بە پێچەوانەی دیکارتەوە کە دەڵێت: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم"، ئەو دەڵێت: "من هەم، کەواتە من بیر دەکەمەوە".

## هەموو مێژوو مێژووی هاوچەرخە

فۆکۆ تایبەتمەندیی سیستم، بونیادە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و هەلومەرجی بوون و مێژوویی وەک فاکتەری سەرەکیی خوڵقاندنی ئاگایی و دونیابینیی مرۆڤ دەستنیشان دەکات. ئەوە فۆرمی سیستم و سروشتی ژیان و هەلومەرجی ئابووری و ڕەوشی کۆمەڵایەتییە، کە دیاریدەکات ئێمە چۆن بیربکەینەوە و چۆن بژیین، چ هەڵوێست و گوتارێکمان هەبێت. هەروەک کرۆچە ( Benedetto Croce) دەڵێت: "هەموو مێژوو مێژووی هاوچەرخە." یەکێک لە ماناکانی ئەم ڕستەیە ئەوەیە لە چاویلکەی ئێستا و بە پێی ئەو زینگەیەی کە هەیە و بە ڕەچاوکردنی خواستەکانی ئێستا لە مێژوو دەڕوانین. کەواتە ئێمە لە هەناوی واقعیدا گیرمان خواردووە و لەژێر هەژموون و ڕکێفی بونیادەکان و سیستمداین.

بە پێی ئەم لێکدانەوەیە، شەڕی ئێمە، شەڕی مێژوو و ڕابردوو نییە، شەڕ نییە لەگەڵ دونیایەک کە تەنیا تارمایی و سێبەرەکەی لە ئێستادا هەیە، بەڵکو شەڕە لەگەڵ ئێستادا، ڕەخنەگرتن و دژایەتیکردن و ئەو دۆخە زاڵ و باڵادەستەیە کە ئامادەیە. بەم پێیە ئەو فەزایەی کە تێیدا دەژین، بیر دەکەینەوە و کار دەکەین، ماهیەتی ژیانمان دیاری دەکات. ئەستەمە بتوانین بەبێ تێگەیشتن لە ئێستا لە مێژوو تێبگەین، هەر بەو چەشنەی کە تا زیاتر ڕابردوو بناسین، باشتر لە ئێستادا

تێدەگەین. پێویستە دەرگیری واقیعەکە ببین و وردتر لە دۆخی هەنووکەیی بڕوانین و رابمێنین، دۆخێکی قەیراناوی کە تەواوی پنت و جومگەکانی ژیانمانی داگیر کردووە.

قەیران یەکێکە لەو بابەتە مێژووییانەی کە رێگە دەدات دووبارە بیر لە شتەکان بکەینەوە، هەموو ناسینەوەیەکی مێژوویی لە لایەکەوە گەڕانە بە دوای زانینی حەقیقەت و لە لایەکی ترەوە بۆ ئەوەیە باشتر و قووڵتر لە شتەکان تێبگەین، وەک دەوترێت مەرجی گۆڕینی دونیا لە ناسینەوە دەست پێدەکات، ئێمە ناتوانین دونیا بگۆڕین تا نەیناسین، ئەم ناسینەوەیەش پشت بە دیدی رەخنەیی و خەسارناسی دەبەستێت، بۆ ئەوەی شتەکان هەمان ئەو مانایەی نەبێت کە پێشتر هەیبووە.

لە سەردەمی ئێمەدا، ئاگایی مێژوویی، ئاگاییە لەسەر قەیران و ئەم ئاگاییە نزیکەی سەد ساڵێکە پەیدا بووە و رۆژ لە دوای رۆژ برەو دەسێنێت و لەمڕۆدا تاڕادەیەک بووەتە ئاگایی هەموو مرۆڤەکان، بۆ ئەوەی بتوانین لە دۆخی قەیراناویی خۆمان تێبگەین، بێگومان پێویستمان بە مێژووە، لە رێگەی توانای سوودوەرگرتن لە رابردوو بۆ ئێستا و دووبارە چێوەبەندیی ئەوەی کە روویداوە، مرۆڤ دەتوانێت خزمەتی دۆخی مرۆییبوونی خۆی بکات.  مێژوو پەناگە و دەلاقەی ئومێدە، دەتوانین بڵێین بیرکردنەوەی مێژوویی لە سەردەمی هەرەسهێناندا رێی تێدەچێت و مەیسەر دەبێت.



کرۆچە (١٨٦٦-١٩٥٢)

مێژوو هەر ئەوە نییە کە بووە، بەڵکوو ئەوەیە کە هەیە و لە داهاتوودا دەبێت، هێڵی سەرەکی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئەوەیە کە زەمەن تێکەڵکێش و بەیەکدا چووە، رابردوو ئێستایە و ئێستا رابردووە، زەمەن لە حاڵەتی جێگۆڕکێ و ئاڵوگۆڕدایە، رابردوو لە ئێستادا دەژی و ئێستا دەبێتەوە بە رابردوو، رابردوو ئێستا دەگۆڕێت و ئێستا لەژێر کاریگەریی رابردوودایە، داهاتوویش لەم نێوەندەدا

شکڵ دەگرێت، ئەو داهاتووەی کە ئێمە دەیخوازین، لە بۆتەی رابردوو و ئێستادایە. رابردوو لە رێگەی نەریتەکانەوە بە ئێمە دەگات، لە چوارچێوەی ئەم گەیشتنەدایە کە ئێمە لەبارەی رابردووان و داهاتووانەوە قسە دەکەین.

لێرەوە روون دەبێتەوە کە ئاگایی مێژوویی پەیوەندییەکی قووڵی بە یادگەی مێژووییەوە هەیە، بەردەوامی و گۆڕانی ئاگایی مێژوویی پەیوەندی بە بیرەوەریی مێژووییەوە هەیە، بە وتەی مۆریس هالبواکس (Maurice Halbwachs) یادگەی مێژوویی چ لە ئاستی تاک و چ لە ئاستی کۆمەڵ، بە واتای پاراستنی رابردوو لە ئێستادا، یان پاراستنی ئێستا لە رابردوودا دێت. بە وتەی میلان کۆندێرا مرۆڤەکان شەیدای ئەوەن ببن بە سەروەری داهاتوو تا بتوانن رابردوو بگۆڕن. ئاگایی، سیستمی فیکری کۆمەڵگە ئاراستە دەکات و بە پێدانی شوناسێکی تاقانە لەوانی تر جیای دەکاتەوە.

لە چوارچێوەی ئاگایی مێژووییدایە کە خەڵکانێک پێکەوە دەژین و، ئامانج، هۆگری و پەیوەستبوونی هاوبەش و هاوبیریی هاوبەش پێکدەهێنن و رۆح و هەستی هاوبەش بەهێز دەبێت. ئاگایی مێژوویی دۆخێکە کە مرۆڤ پێگە و پایەی لە نەخشاندنی هێزە فیکرییەکان، هۆکارە کاریگەرەکان بە سەر کولتوور، ژیان، کۆمەڵگە و شێوازی دیاریکردنی بوونی مێژوویی پەیدا دەکات. کاتێک قسە لەسەر مێژوو دەکەین، واتا قسە لەسەر مرۆڤ دەکەین، مرۆڤ پێش ئەوەی هەر شتێکی تر بێت، بوونەوەر و بابەتێکی مێژووییە، بوون و شوناسێکی مێژوویی هەیە، مێژووییبوون واتە ئەو شتە گەڕۆک، زیندوو، مانابەخش و ئاگامەندە و هەمیشە لە بزاوت، پەرەسەندن و گۆڕاندایە.



مۆریس هالبواکس (١٨٧٧–١٩٤٥)

**مێژوومەندیی مرۆڤ**

لێرەدا دونیای مێژوویی، لە بەرانبەر دونیای سرووشت دادەنرێت کە نەگۆڕ، جێگیر، پایەدار و ناهۆشیارە، مانای تێدا نییە، خاوەن رێسا و یاسای توندوتۆڵە و

جووڵە و بزاوتەکەی لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤە. کەواتە سرووست مێژوومەند نییە. بە واتایەکی تر، مێژووییبوونی مرۆڤ لەوەدایە خاوەنی ئاگایی، کات، زمان و هێمایە، ئەو پێناسەیەی کە مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، مەدەنی یا سیاسیی لە قەڵەم دەدات، لەو بیرکردنەوەی مێژووییەوە سەرچاوەی گرتووە کە هەموو دیاردە مرۆییەکان مێژوویین.

مێژوومەندیی مرۆڤ هێڵی سەرەکیی جیاکەرەوەی مرۆڤە لە بوونەوەرانی تر. مێژووییبوونی مرۆڤ سێ تایبەتمەندیی سەرەکیی هەیە؛ مرۆڤ بوونەوەرێکە لە رووی شیمانەوە، یەکەم؛ ئاگایی هەیە یان دەتوانێت هەیبێت، دووەم؛ ئازادی هەیە، واتە توانای هەڵبژاردنی هەیە، سێیەم؛ خوڵقێنەرە، واتا توانای ئافراندنی هەیە. هیچ یەکێک لەم سێ خەسڵەتە لە سرووشتدا نییە. بوونەوەرانی تر تێڕوانینیان لەسەر شتەکان، دیاردەکان، ژیان و مەرگی خۆیان نییە، رابردوو و داهاتوویان نییە، یادەوەریی و چاوەڕوانییان نییە، تەنیا مرۆڤە ئاگایی لەسەر ژینگە، هەڵسوکەوت و مەرگی خۆی هەیە، مرۆڤ بە هۆی مێژوومەندییەکەیەوە دەتوانێت شتەکان بە بیر بهێنێتەوە.

لێرەوە شیمانەی ژیانی رەسەن دەستەبەر دەبێت و رەسەنبوونی مرۆڤ دەردەکەوێت. لەم روانگەیەوە ژیانی مرۆیی و مێژوویی جیاوازە لە ژیانی بایۆلۆژی، فیزیکی و میکانیکی. لەسەر ئەو بنەمایە جیاوازیی مەعریفەی مێژوویی لەگەڵ مەعریفەی سرووشتی لە سێ رەگەزی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتییەلە بابەت، میتۆدی لێکۆڵینەوە و ئامانج. لەم بابەتەدا زیاتر جەخت لەسەر رەگەزی سێیەم دەکەینەوە، کە ئامانجی مەعریفەی مێژوویی چییە، رەوتی پێکهاتن و پەرەسەندنی چۆن بووە و تایبەتمەندییەکانی کامانەن.



کالینگوود (١٨٨٩-١٩٤٣)

مێژوو وەک سەرمایەیەکی کەڵەکەبوو و بەجێماوەی مرۆیی، هەمیشە دەبێت دووبارە بخوێنرێتەوە و بنووسرێتەوە، چونکە رەوش و هەلومەرجە نوێیەکە پرسیاری نوێ دەخوازێت، مێژوویش بە دووبارە بیرکردنەوە لە رابردوو درک دەکرێت. بنکۆڵ و ناسینەوەی نوێ، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە واتای هەر وشەیەکی نووسراو، تۆمارکراو وتراو بە پێی زەرورەتی کاتی، دەگۆڕێت و دەبێت دووبارە واتای پێبدرێتەوە، ئێمە تەنیا لە رێگەی ئەم جیاکاریی زەمانییەوەیە کە توانای تێگەیشتنمان لە خۆمان هەیە. بە وتەی "گۆتە" ئازارێکی گەورەیە کە چیتر ناتوانین شتێک بۆ یەکجار و بۆ هەتاهەتایە فێری بین، پێشینانی ئێمە ئەو بیروباوەڕانەی کە لە لاوێتیدا فێری دەبوون، تا کۆتایی تەمەن بە کاریان دەهێنا، بەڵام لەمڕۆدا ئێمە ناچارین هەر پێنج ساڵێک جارێک ئەو بیروباوەڕ و زانینانەی خۆمان بەڕۆژ و نوێ بکەینەوە، ئەگەر نا بەشێوەیەکی تەواو لە سەردەمی خۆمان دوا دەکەوین.

## مێژوو بۆ خۆناسینی مرۆڤە

بە بڕوای کالینگوود (Robin George Collingwood) مێژوو بۆ خۆناسینی مرۆڤە، بەگشتی وەها لێکدەدرێتەوە کە بۆ مرۆڤ گرنگە خۆی بناسێت، ئەڵبەتە خۆناسین، تەنیا بە واتای ناسینی خەسڵەتە کەسییەکان و ئەو شتانەی کە ئەو لە کەسانی تر جیا دەکاتەوە نییە، بەڵکو جەوهەری ئەوە لە پێگەی مرۆڤدا. خۆناسی بەو واتایەیە کە یەکەم، بزانیت کە مرۆڤبوون چییە، دووەم، بزانیت کە بوونی ئەو جۆرە مرۆڤە کە تۆیت چییە، سێیەم بزانیت بوونی ئەو جۆرە مرۆڤەی کە تۆیت و هیچ کەسێکی تر نییە، چییە. خۆناسین واتە ئەوەی کە بزانیت دەتوانیت چی بکەیت و ئەوانی تر ناتوانن بیکەن، بایەخی مێژوو ئەوەیە فێرمان دەکات کە مرۆڤ چی کردووە و مرۆڤ چییە. بۆیە مێژوو بیرەوەرییەکە کە نەک تەنیا لە یادمانە و دەیناسین، بەڵکو سەرچاوەی ژیانمانە، کۆڵەکەیەکە لە سایەیداین و ئەگەر بمانەوێت لەناونەچین، دەبێت و ناچارین پەیوەندی لەگەڵیدا نەپچڕێنین، ئەمەش لەسەر ئەوە وەستاوە ئێمە چۆن لە مێژوو دەڕوانین.

مێژوو دوو رەهەندی هەیە، یەکێکیان تایبەت و دەستەبژێرییە و ئەوی تریان گشتی و جەماوەری، یەکێکیان زانکۆییە کە بنەما و رێسای تایبەتیی خۆی هەیە، توێژینەوە و فێرکاریی ئەکادیمییە، ئەوی تریان پەیوەندیی بە خەڵکەوە هەیە.

هەموو گەلان سەرەڕای جیاوازییە کلتورییەکانیان ئاوڕێکی تایبەتیان لە مێژوو داوەتەوە، زۆرێک لە خەڵک لەگەڵ ئەوەی لە پسپۆڕی و پیشەیەکی تردا ئیش دەکەن، کەچی بەشێک لە کاتەکانی ژیانی ڕۆژانەیان بۆ خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکان تەرخان دەکەن.

ڕاز و حیکمەتی ئەمە چییە، گروپ و توێژە کۆمەڵایەتییەکان شەیدایی و هۆگرییان بۆ مێژوو هەیە، فیلمە مێژووییەکان تەماشا دەکەن، لەبارەی چیرۆکە مێژووییەکان قسە دەکەن و سەربوردەی ڕابردوو دەگێڕنەوە، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە خەڵک وەک سەرچاوەی ئەزموون لە مێژوو دەڕوانن، لێرەدا مرۆڤ پتر لە ڕابردوودا دەژی و بەناو کۆڵان و شەقامە تۆز لەسەر نیشتووەکانی سەرزەمینی مێژوودا پیاسە دەکەن، ناتوانن مێژوو ببەستنەوە بە دونیای هەنووکە و ئێستاوە، مێژوو تەنیا وەک کەلەپوور، پاشخان و سەرمایە هەمەرەنگەکانی مرۆڤ لێکدەدرێتەوە.

کەڵکەڵەی ئەم جۆرە بیرکرنەوەیە ئەو قەڵەمڕەوییە بەرتەسک و سنووردارە تێناپەڕێنێت کە مێژوو وەک منداڵی ڕابردوو دەبینێت کە چیتر سێبەر و تارمایی ئەو دونیایە بە سەرمانەوە نەماوە و لێکدابڕاوین. ئەمەش بناغەی فیکری مێژوویی دونیای کۆن دادەڕێژێت، لە لۆژیک و دیدی تەقلیدیی باودا وەها وێنا کراوە کە ڕابردوو دونیایەکی خامۆش و بێ ڕۆحە و لە زەینی ئێمەدا پاک بووەتەوە و ئەوەی ڕوویداوە، هیچ پەیوەندیی بەوەوە نییە کە ئێستا ڕوودەدات.

**مێژوو لە عیبرەتەوە بۆ ئامرازی سەربەستی**

لە مەنزومەی فیکری و مەعریفیی دونیای پێش مۆدێرن و لە تێگەیشتنی کۆن و کلاسیکدا، بنەمای فێرکاریی مێژوو (عیبرەت) پەند و ئامۆژگاریی بوو، واتە مێژوو زانستی بەخۆداچوونەوە و خۆناسینەوە بووە. ئامانجی سەرەکی لە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەی مێژوو عیبرەت بوو، مەعریفەی مێژوو سەرچاوەی وەرگرتنی وانە و پەیامی ئەخلاقی و سیاسی بوو، ژیاننامەکان، بیرەوەرییەکان و ساڵنامەکان هەموویان تەنراون بە ڕەگەزی ئامۆژگاری، مرۆڤی ڕابردوو بۆ ئەوە مێژووی دەخوێندەوە و بنکۆڵی دەکرد تا هەڵەکانی بزانێت، کەموکورتییەکانی چاک بکات و ڕەخنە لە شکستەکانی بگرێت.

لە قورئانی پیرۆز و کتێبە ئاسمانییەکانی تریشدا گەڕانەوە بۆ رابردوو، ئاماژەدان بە رووداوەکانی رابردوو و بەیانکردنی ریوایەتە مێژووییەکان دەبینرێت و دیاردەی عیبرەت هەستی پێدەکرێت. مێژوو بۆ هەر تاکێک بایەخێکی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوەی هەڵقوڵاوی ئەزموونێکی درێژخایەن و کۆییە، دیدی بەردەوام بۆ مێژوو، نەک تەنیا یارمەتیمان دەدات کە لە باروودۆخی سەختدا ئارامیی خۆمان بپارێزین، بەڵکو بە بیرمان دەهێنێتەوە کە درێژترین تونێلەکان کۆتاییان هەیە، تەنانەت ئەگەر نەتوانین دەلاقە ئومێدبەخشە خێردارەکانی پێش خۆمان ببینین، ئەوا هۆگریی بۆ مێژوو بەوەی کە چ رووداوێک روودەدات، یارمەتییە بۆ بڕینی درێژەی ڕێگاکە.

بە وتەی یاکوب بورکهارت (Jacob Burckhardt): "مێژوو، ئێمە نەک زیرەکتر (بۆ جاری داهاتوو) بەڵکو و ژیرتر (بۆ هەمیشە) دەکات. پۆلیبیوس (Polybius) بەتواناترین مێژوونووسی قۆناغی کۆن، دەربارەی وانەی مێژوویی دەڵێت: تەنیا ڕێبەر و ڕێبازی فێرکاریی بەرگەگرتنی شەرەفمەندانەی دژوارییەکان چارەنووس، وەبیرهێنانەوەی نەهامەتییەکانی ئەوانی ترە. لە گۆشەنیگای عیبرەتەوە، مێژوو ئەزموونێکی جیهانییە، ئەزموونێکی بێ ئەندازە درێژخایەنتر، فراوانتر و هەمەجۆرتر لە هەر ئەزموونێکی تاکەکەسی. هەروەها پولیبیۆس دەڵێت: بۆ مرۆڤ، دوو رێگەی چاکسازیی هەیە، یەکێک لە رێگەی بەدبەختییەکانی خۆیەوە، ئەوی تر لە رێگەی بەدبەختییەکانی ئەوانی ترەوە. مێژوو راپۆرتی هەنگاو و خلیسکانە، مێژوو فێری ئەوەمان دەکات لە خلیسکانی ئەوانی ترەوە فێر بین، کە مرۆڤ چۆن هەڵەکانی خۆی دووبارە دەکاتەوە و هەڵەکانی کامانەن.



یاکوب بورکهارت (١٨١٨-١٨٩٧)

پسمارک دەڵێت: گەمژەکان دەڵێن پەند لە ئەزموونی خۆمان وەردەگرین، من پێم باشە سوود لە ئەزموونی ئەوانی تر وەربگرم. وەک دەوترێت مێژوو قوتابخانەیە، لەم قوتابخانەیەدا هەوڵ و هەڵەکانی پێشینان دەناسین، تا ببێتە چرای ڕێگای ئازادی و سەربەستی ئێمە. مێژوونووسێک کە پەند و ئامۆژگاری لە دڵی مێژوو دەردەهێنێت، بەباشی دەزانێت کە چ کەسێک ڕاست هەنگاوی ناوە و چ کەسێک هەڵە ڕۆیشتووە. مێژوو چرای ڕێگای داهاتووە، تا زیاتر مێژوو بناسین، باشتر لە ئێستا تێدەگەین، ئەم گوزارشتە ڕۆحی ئەو ڕوانینە پیشان دەدات. هەر تاک و کۆمەڵگەیەک بە پێی ئامانجەکانی خۆی، توانا و پێداویستییەکانی خۆی، ئاتاجی مەعریفەی تایبەتی رابردووە.

**مێژوو چرای ڕێگای داهاتووە یان مشتێک گوتار و ریوایەتە؟**

نەریتی فیکری مێژوویی دونیای کۆن، شوێنکەوتەی ئەو سیستمە زانستی و دانایيە باڵادەستەی ئەو سەردەمە بووە. لە پۆلێنی زانستی ئەو قۆناغەدا، مێژوو خاوەن پێگەیەکی باڵا و مەزن نەبووە، لە بنەڕەتدا وەک مەعریفەیەکی بێبایەخ و زەبوون تەماشا کراوە، چونکە پێیان وابوو مێژوو مشتێک گوتار و ریوایەتە و پەیوەندی بە شتە بچووک و هەندەکییەکانەوە هەیە و پەیوەندییەکی قووڵی بە ڕۆحی ژیان و شتە هەمەکییەکانەوە نییە، لە ڕۆژگاری دێریندا ئەرستۆ و لە دونیای نوێدا دیکارت نوێنەری ئەو بیرکردنەوە ڕەشبینانەیەن بەرانبەر بە مێژوو.

ڕاستییەکەی تا ئەو سەردەمە خودی زانست پەیوەندییەکی قووڵی بە ڕۆحی ژیانەوە نەبووە، ژیان لەسەر بنەمای زانست بە ڕێوە نەدەچوو، لە بنەڕەتدا زانست دیاردەی تایبەت، قۆرخکراو و دەستەبژێری بوو، دواتر لە سەردەمی ڕێنیسانس و لە ئەنجامی شۆڕشە زانستییەکانەوە دیاردەی زانست و زانستخوازی دەبێتە بەشێک لە کایەی گشتی. لە ڕووی مەعریفەناسییەوە، مێژوونووسانی کلاسیک لەسەر بنەمای ئەو پێشگریمانەی دووبارەبوونەوەی دیاردەکان پەرەیان بەم بابەتە دەدا، واتە گریمانەی ئەوەیان دەکرد کە دیاردەکانی دووبارە ببنەوە بۆ ئەوەی هەلی پەندوەرگرتن لە ڕوداوەکان بڕەخسێت، واتە لە وڵات، سەرزەمین و ژینگەیەکی تر، دەبێت هەمان شت دووبارە ببێتەوە، بۆئەوەی عیبرەتی لێ وەربگیرێت، ئەگەر وەها نەبوو عیبرەت بۆ کەسی دووەم و ئەزموونی دووەم مانای نییە.

ئەگەر ئەو روداوە لە سەرزەمینێکی غەریب و نەناسراو بێت، ئەزموونەکە دووبارە نەبێت و تازە بێت، لەو کاتەدا لۆژیکی ئامۆژگاری رۆڵی خۆی لە دەست دەدات. لۆژیکی عیبرەت لە ئەزموونە لێکچوو و هاوشێوەکاندا رەوایەتی هەیە، لە کاتێکدا هەلومەرج، بەستێن، هۆکار و لێکەوتەکانی روداوەکان جیاوازن، ناتوانین قسە لەسەر عیبرەت بکەین. مێژوو لەم گۆشەنیگایەوە، ئاوێنەیەکە خۆمانی تێدا دەبینینەوە، شتەکان دەناسینەوە و پەسنیان دەدەین، دەزانین چی روویداوە، بەڵام نازانین بۆ روویداوە، چۆن روویداوە، شیکاریی زەمینە و هۆکار و دەرەنجامەکانی ناکەین، ئەو لۆژیک و یاسایانە ناناسین کە باڵادەستن بەسەر رەوتی مێژوودا، لێهاتوویی و کارامەییەکانی مێژوو بە هەند وەرناگرین، رۆح و فەلسەفەی مێژوو پشتگوێ دەخەین. لە پانتایی عیبرەتدا رۆڵ و پێگەی مێژوو بریتییەلە فێرکاری و ئامۆژگاری و بەشێکی فراوانی پرۆسەی مێژوونووسینیش هەر لە خزمەتی ئەم دیاردەیەدا بوو. بە لەبەرچاوگرتنی سیفەتەکانی هەر قۆناغێکی مێژوویی، تێدەگەین کە عیبرەت لەو قۆناغەدا جەوهەری مەعریفەی مێژوویی دیاری کردووە.


بە پێچەوانەوە دەتوانین سیستمی فیکری و مەعریفیی مۆدێرن بە سیستمێکی مێژوویی دابنێین کە درک و ئاگایی مێژوویی نوێ لەدایکدەبێت، مێژوو رۆح/گیان و میحوەری سیستمی مەعریفیی مۆدێرنە. بەو شێوەیەی لە سیستمی هەتاویدا هەموو گەڕۆکەکان بە دەوری خولگەی خۆردا دەسوڕێنەوە و دەگەڕێن، بە هەمان شێوە لە سیستمی مەعریفیی مۆدێرنیشدا، زانست و مەعریفەی مرۆیی بە دەوری مێژوودا دەسووڕێنەوە و لە خولگەی ئەودا تانوپۆ دەکەن. لەوانەیە زیادەڕەوی نەبێت ئەگەر لە رووی زانستی و کەلتوورییەوە بڵێین گرنگترین پێوانەی مۆدێرنیتە و کەلتوور و ئەندێشەی مۆدێرن، بریتییە لە دەرکەوتن و باڵادەستیی زانستی مرۆیی. هەروەها بەم مانایە و لەسەر ئەم زەمینەیە، زانستی مێژوو و ئاگایی و درکی مێژوویی خۆی دیاردەیەکی مۆدێرنە، یاخود بە واتایەک داهێنانی مۆدێرنە. مێژووی مۆدێرن لە سەدەی هەژدەیەم ئاسۆی نوێ و فەزای ئەزموونێکی نوێی کردەوە. بناغەی سەردەمی نوێ لەسەر ئەو تێڕوانینە بوو کە مرۆڤ بناغەی نەزمی ژیان لە ئەستۆ بگرێت و خۆی یاسا دابڕێژێت، لە سەدەی هەژدەیەمەوە ئەو باوەڕە وا بوو کە ئەم بناغەیە بەهەشتی نیعمەت، ئازادی و داناییە.

سەرهەڵدانی مێژوو وەک زانست دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدە، ئەم سەدەیە بەهۆی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکارییە بنچینەییانەی کە بەسەر چەمک و واتا، پێگە و کارکردی مێژوودا هات، بە سەدەی مێژوو ناو دەبرێت، لێرەوە مێژوو بە واتا نوێیەکەی دەدۆزرێتەوە یان دەخولقێنرێت، ئەڵبەتە داهێنانی مێژوو لەم قۆناغەدا بەو واتایە نییە کە مێژوو دیاردەیەکی تەواو نوێیە و لەسەر رەوتێکی بەردەوام و گۆڕاو نییە، بە پێچەوانەوە پایەکانی ئاخێزگەی مەعریفەی مێژوو لەناو بیری مێژوویی چاخی یونانی کۆن، سەدەکانی ناوەڕاست و سەردەمی رێنیسانسدایە، ئەوەی کە دەگۆڕێت شوناس و کارکردەکەیەتی.

## زانست و مێژووی مێژوو

هەڵبەتە لە جیهانی ئیسلامیشدا زووتر لە سەدەی نۆزدە مێژوو دۆزرابوویەوە، بەڵام بەردەوامی و گۆڕانی بەسەردا نەهات و لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکی تایبەت، بابەتێکی پیشەیی و رشتەیەکی ئەکادیمی و زانکۆیی جێگیر نەکرا و نەبوو بە زانستێکی جەماوەری و کۆیی. هەوڵەکانی ئیبن خەلدون جێی سەرنجە، فەزڵی ئەو لە ڤیکۆ (Giambattista Vico)، کە لە رێگەی کتێبی "زانستی نوێ"وە بانگەشەی دۆزینەوەی مێژوویی دەکرد، لەپێشترە. داڕشتنی زانستی کۆمەڵایەتی (علم عمران) هەموو بوار و دیسپلینە زانستییەکانی لەخۆ دەگرت کە لە سەدەی نۆزدەدا بوو بە بناغەی زۆرێک لە بوارە زانستییەکان، وەکو بوارەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی. ئەم رەوتەی ئیبن خەلدون درێژە ناکێشێت و دەوەستێت و سەرەنجام لەناو کەلەپورێکی فیکری و مەعریفیتردا مێژوو دەدۆزێتەوە.

لە سەدەی نۆزدەدا مێژوو لە عیبرەتەوە دەگۆڕێت بۆ زانست و وەک مەعریفەیەکی مرۆیی بەهادار پێناسە دەکرێت. لێرەوە ئەم زانستە دەبێتە مەعریفەی ناسینی مرۆڤ و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆیی، رێگا و شێوازەکانی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی. فەیلەسوفەکانی وەکوو هیگڵ و مارکس لەوە تێگەیشتبوون کە بەبێ ئاوڕدانەوە لە مێژوو شیمانەی روونکردنەوە و شیکاریی ئەندێشە و کردەوەکانی مرۆڤ فەراهەم نابێت.



ڤیگۆ (١٦٦٨-١٧٤٤)

زانستی نوێ بە پێچەوانەی زانستی کۆنەوە سەرنجی زۆری لەسەر حەقیقەت نەبوو، واتا حەقیقەتناسی و دۆزینەوەی حەقیقەت لە ئەولەویەتدا نەبووە، بەڵکو زیاتر گرنگی بە دەسەڵات، بارودۆخی رۆحی و دەروونی مرۆڤ، ژینگەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی سروشتی بوو، زانستی نوێ لە رێگەی ناسینی سروشت و یاسامەندییەکانی، دەیەوێت ئەو دیاردەیە کۆنترۆڵ بکات و لە خزمەتی خۆیدا بەکاری بهێنێت. ئەمە هەنگاوێکی پێشکەوتنخوازانەی گرنگ بوو بەو ئاراستەیەی کە چیتر زانست تەنیا سەرچاوەی ناسین، بیرکردنەوە و روونکردنەوەی شتەکان نییە، بەڵکو دەبێت ئەو زانستە رەهەندی دەرەکی، کردارەکی و سوودمەندی پەیدا بکات و لە ژیانی واقیعدا بەهانای نیاز و پێداویستییەکانی مرۆڤەوە بچێت و ببێتە ئامرازی جێبەجێکاری خواست و ویستەکانی مرۆڤ.

هەڵبەتە ئەم تێگەیشتنە زیاتر مەبەستی زانستی سروشتی بوو، بەڵام بە دەرکەوتن و نەشونماکردنی پۆزەتیڤیزم، ئەو باوەڕە خرایەڕوو کە دەبێت یەکێتی و یەکانگیریی زانستیی دروست ببێت و زانستی مرۆیی و کۆمەڵایەتی بە گشتی و مێژوو بە تایبەتی بە پیادەکردنی رێسا و یاساکانی زانستی سروشتی، هەوڵی بەخسیرکردن و کۆنترۆڵکردنی سروشت بدات و هەموو شتێک بکەوێتە خزمەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ.

بەکورتی، ئەمە سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هەژموونداری زاستە بەسەر سروشتدا. لەم نێوەندەدا چاوەڕوانی ئەوە لە مێژوو دەکرا لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا رۆڵ بگێڕێت و چاکسازی لە کۆمەڵگەدا بەرپا بکات. پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی بواری مێژوو هێندە قووڵ و بنەڕەتی بوو کە فەیلەسوفێکی وەک هۆسێرل بانگەشەی ئەوە بکات کە مارکس دۆزەرەوەی

کیشوەرێکە بە ناوی مێژوو و باسوخواسی رێکخراوێتی، یاسا، لۆژیک و میکانیزمەکانی گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خرایەڕوو.

لەم ڕوانگەیەوە ویستی ناسین و گۆڕین ئاوێتەی یەک دەبن و میتۆدلۆژییەکی نوێ و رزگاریبەخش دەخولقێنن. واتە گەر تەنیا بەدوای ناسینی مێژووەوە بین، بەس نییە، بەڵکو دەبێت بە دوای گۆڕینی مێژوویشەوە بین. دەبێت لە دۆخی تەفسیر و ریوایەتی مێژوو و کۆمەڵگەوە گوزەر بکەین بۆ دۆخی رەخنە، دەستکاری و گۆڕین. لە قۆناغی شیکاریی و هەڵسەنگاندنی تێکستەوە بۆ قۆناغی کرداری و بەکارهێنان. خوێندنەوە و ناسینی واقیعی مێژوویی لە رێگای ئاگاییەوە دەروازەیەکە بۆ خزمەتی گۆڕانی کۆمەڵگە و دۆخی هەنووکەیی. لەگەڵ گۆڕانی ئاگایی مێژووییدا، گۆڕانی مێژووییش سەر هەڵدەدات.

مێژوو بە تەنیا مەعریفەیەک نییە وێنەی دونیایەکی داخراو و تێپەڕیو بکێشێت، لەبارەی رووداوەکانی دونیای رابردووەوە بدوێت و ئێمە بە رابردووەوە گرێ بداتەوە، بەڵکو بەشێکی زۆر شوناسی مێژوو لە دونیای ئەمڕۆدا و لەناو واقیعی ئێستادا پێکدێت. بە دەربڕینێکی تر، نووسین و راڤە تەنیا ناتوانن چییەتی مێژوو دیاری بکەن، دونیای مێژوو تەنیا پانتاییەک نییە بۆ بەرهەمهێنانی ئاگایی و تێڕامان لەبارەی رابردووەوە. رۆڵی مرۆڤ لە مێژوودا کورت ناکرێتەوە بۆ رووبەرێکی بچووک و سنووردار کە ئەرکە سەرەکییەکەی خولقاندنی کۆمەڵێک چەمک، ئایدیا و تیۆری شیکاریی و کۆڵینەوە بێت و لە هیچ کوێیەکەوە نەچێتەوە سەر واقیع.

مێژوو تەنیا ئاوێنەیەک نییە خۆمانی تێدا ببینینەوە و لەو گۆشەیەوە تەماشای دونیا، کۆمەڵگە و دەوروبەر بکەین. شانۆیەک نییە تەواوی سیناریۆکەی داڕێژرابێت و رەوتی رووداوەکان لەژێر کۆنترۆڵی پلانێکی پێشوەختەدا بێت و ئامانج و مەبەستەکەیشی ملکەچی یاسا و لۆژیکی باڵادەست و حەتمی بێت. هابرماس دەڵێت: مرۆڤەکان دەتوانن لە رێگەی خودناسی و خودئاگایی مێژووییەوە لە پرۆسەی رزگاریی خۆیاندا بەشدار بن.

ئەم گوزارانەی سەرەوە دەرخەری ئەو راستییەن کە مێژوو بەشێکە لە ئێستا. دونیای مێژوو دونیایەکی دابەشکراوە بەسەر رابردوو و ئێستادا، تیۆر و پراکتیک، تێکست و واقیع، چەندە ناسین و تێگەیشتن لە مێژوو گرنگە، ئەوەندەیش گرنگە کە لە پشت ئەم ئاگاییەوە چ چاوەڕوانی و مەبەستێمکان هەیە و چۆن دەتوانین ئەو

ئاگاییە بە کرداری بکەین و ئیشی پێبکەین، کەواتە مێژوو هەر تەنیا ئاگایی، بێداری و بیرکردنەوە نییە، بەڵکو کردار، جووڵە و بزاوتە، مێژوو زیندووە و گیانی تێدایە و لێرە لەگەڵماندا دەژی. بە وتەی ئادۆرنۆ ئەو رابردووەی لێی هەڵدێن، هێشتا زیندووە.

هیگڵ باوەڕی وایە مێژوو پرۆسەیەکە شیاوی تێگەیشتنە کە بەرەو دۆخێکی تایبەت، واتە بەدیهاتنی ئازادی لە جووڵەدایە. بۆیە مێژوو دەبێتە مەعریفەیەکی ئازادیبەخش. ئەو مێژوو بە پرۆسەیەک دەبینێت کە تێیدا ئاگایی (رۆح) خۆی دەدۆزێتەوە. مێژووی جیهان ریوایەتێکە دەربارەی قۆناغەکانی ئازادی. ئیتر سوود و بایەخی مێژوو ئەوە نییە کە روداوەکان تۆمار دەکات، زانیارییەکان دەپارێزێت و حەقیقەت دەگێڕێتەوە، بەڵکو مێژوو مرۆڤ فرەزان دەکات و دەبێتە کەرەستەی گۆڕان و سەقامگیریی کۆمەڵگە و چارەنووسی نەتەوە دیاری دەکات.

وتە بەناوبانگەکەی مارکس کە دەڵێت: تا ئێستا فەیلەسوفەکان توانیویانە تەفسیری دونیا بکەن، بەڵام گرنگ گۆڕینی دونیایە، کۆڵەکەی ئەو وەرچەرخانە بوو کە لە دونیای مێژوودا هاتە ئاراوە. ئەوەی کە دەبێت مرۆڤ لەژێر جەبری مێژوو و سروشت بێتە دەرەوە و لە رێگەی دۆزینەوەی یاسا باڵادەستەکان بەسەر رەوتی پەرەسەندنی مێژوودا، رزگاری و چارەنووسی خۆی دیاری بکات، شوێنی ئاواتە بەدینەهاتووەکان بکەوێت و جڵەوی مێژوو بگرێتەوە دەست.

ئەم بۆچوونە زانستییە دەربارەی مێژوو سەرتاسەری سەدەی نۆزدەیەمی گرتەوە و جیهانبینییەکی نوێی مێژوویی خونچەی کرد. بەپێی ئەم جیهانبینییە مرۆڤ دەبێتە سەروەر و فەرمانڕەوای مێژوو، مێژوو وەک ئامڕازێک لە خزمەتی خواستەکانی مرۆڤدایە، بۆئەوەی مرۆڤ ڕێچکەی مێژوویی خۆی دیاری بکات و رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێڕێت. کەواتە گۆڕان و جووڵە مەرجی سەرەکی پەیدابوونی مێژووە. مێژوو هەوڵ دەدات بەشێک لە پێداویستییە بەردەوام و قووڵەکانی مرۆڤ دابین بکات.

قۆناغی رۆشنگەری لە بنەڕەتەوە زەمینەی پێکهاتنی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بوو، بیرکردنەوەیەک کە مرۆڤ چەقەکەیەتی، کردە و رۆڵەکانی مرۆڤ رەوڕەوەی پێشخستنی مێژوون، لەم قۆناغەدا ناسین و کۆڵینەوەی مێژوو بۆ ئەوە بوو کە میکانیزم و رێساکانی گۆڕانی مێژوویی بدۆزرێتەوە و روون بکرێتەوە و دواجار

مرۆڤ لە دیوە تاریک و ڕەشەکەی جەبری مێژوو ڕزگاری بێت، لێرەدا خوڵقاندنی مێژوو بە واتای ئافراندنی مرۆڤیشە، بە وتەی پۆڵ ریکۆر: مێژوو خودی مرۆڤەکانە؛ مێژووییەک کە تێیدا، مرۆڤ (لە حاڵەتی بووندایە) لەم گۆشەنیگایەوە پرۆسەی بەمرۆڤبوونی مرۆڤ دروست دەبێت.

بە وتەی میشێل فۆکۆ: مرۆڤ داهێنراویکی نوێیە، چونکە باسوخواسی ئازادی و سەربەستیی مرۆڤ پەیدا دەبێت، ئەم ساتەوەختە گواستنەوەی مرۆڤە لە دۆخی نائاگاییەوە بەرەو دۆخی ئاگایی، بە وتەی هیگڵ ئەم دۆخە سەیرورەی جووڵەیە لە سنووری زەرورەتەوە بۆ سنووری ئاگایی. لە فەلسەفەی مێژوویی هیگڵدا ئامانجی مێژوو بە ئازادییەوە گرێی خواردووە، تێکەڵبوونی پرسی ئازادی و ئاگایی بە مێژوو، دەروازیەک بوو بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەزموونی پرۆسەی خودئاگایی نوێی مێژوویی بکات، لە بنەڕەتەوە ئاڕاستەی مێژوو بەرەو ڕزگاریی مرۆڤە و ئەمەش جگە لە گواستنەوەی مرۆڤ لە کارامەییەوە بۆ کارایی، هیچی تری نییە.

**مێژوو وەک بارێکی قورس و تاقەتپڕووکێن**

مرۆڤ بە پێچەوانەی بوونەوەرانی ترەوە، ماهیەتی خۆی دەخوڵقێنێت، ئەم بوونەوەرانە پێش ئەوەی بێنە دونیاوە، ماهیەتیان دیاری کراوە، بەڵام مرۆڤ سەرەتا دێتە دونیاوە دواتر لە ڕێگەی پرۆسەی بوونەوە (مرۆڤبوونەوە) جەوهەری خۆی دەخوڵقێنێت، بەو پێیە مێژوو بریتییەلە دەرکەوتن و ئافراندنی جەوهەری مرۆڤ لە پرۆسەی کاراییدا، دەبێتە بوونێکی بەدیهاتووی دەرەکی. دکتۆر عەلی شەریعەتی پێی وایە مرۆڤ لە ژیاندا ڕووبەڕووی چوار زیندان بووەتەوە، زیندانی سروشت، زیندانی کۆمەڵگە، زیندانی مێژوو و زیندانی خود.

هەوڵی سەرەکیی مرۆڤ لە مێژوودا بریتییەلە زگاربوون لەم زیندانانە، ئەگەر مرۆڤ لەو زیندانانە قوتاری نەبێت، جیاوازی لەگەڵ بوونەوەرانی تردا نییە، لێرەوە مێژوو ڕزگاربوونی مرۆڤە لە زیندان، ئازادبوونی مرۆڤ لە زیندان واتە تەجەلابوونی مرۆڤ. تەجەلابوونی مرۆڤیش هیچ نییە جگە لەوەی جڵەو و بەرزەفتی ژیانی خۆی بکات و ئاراستەی ژیانی مێژوویی خۆی دیاری بکات. هەر یەکێک لەو زیندانانە لۆژیکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەموویان دیوار، بەربەست و جەبرن، ئیشی زانست ئەوەیە ئەم زیندانە ناوەکی و دەرەکییانە ڕزگار بکات، شەریعەتی پێی وایە زانست بۆ ناسینی زیندانە دەرەکییەکانە و عیرفانیش بۆ

ناسینی زیندانی خود (خۆناسین). ئەگەر مێژوو لە سەرەتادا مۆرکێکی ئایینی و سیاسیی پێوە دیار بووە، لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا مۆرکێکی مەعریفەیی هەیە.

پرسی مێژوو لە سەدەی نۆزدەیەم وایکرد فەیلەسوفێکی وەک نیچە دووبارە تێڕامانی مێژوویی بکات، پێچەوانەی ئەو رەوتە باوەی مێژوو بیری دەکردەوە و لە کتێبی سوود و بێسوودی مێژوو ئەو بۆچوونانەی خستۆتەڕوو. ئەو فەیلەسوفێکی دژە مێژوو و ستایشکەری مرۆڤ بوو، باوەڕی وا بوو کە خەریکە مێژوو رۆحی مرۆڤ لە جووڵە دەخات، نابێت ژیان ببێتە زیندانی مێژوو، خەریکە ئەم مەعریفەیە دەبێتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئازادیی مرۆڤ. پێی وابوو دەبێت مێژوو ببێتە پارێزەری هێزی ژیان و لە چنگی دەسەڵاتی رابردوو رزگارمان بکات، ئەگەرنا دەتوانێت کارەساتی مرۆیی بخوڵقێنێت.

ئەو دەیوست مێژوویەک لەسەر بنەمای ئیرادەی مرۆڤ بخاتەڕوو. ئەو تێڕوانینەی کە رەهەندی دەروونی هەیە و لە گەشەپێدانی مرۆییدا باوە، ئەوەیە کە دەڵێت؛ سۆفی ئیبنولوەقت بە، واتە لە ئێستادا بژی، ئەمەیش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ ئەوەی شاد بێت، پێویستە لە ئێستادا بژی، نە چاوت لە ئاسۆ بێت، نە ئاوڕ لە ڕابردوو بدەرەوە، پەیوەندی ئەمڕۆ و سبەینێ بپچڕێنە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، پێچەوانەی بیرکردنەوەی مێژووییە و ئێجگار ترسناکە. نیچە مێژوو دەکات بە قوربانی، پەرگیری لە مێژوودا دەکات، گورزێکی کوشندەی قورس لە مێژوو دەوەشێنێت و پێی وایە باری قورسی بیرەوەری و سەرگوزەشتەی رابردوو ئیرادەی مرۆڤ دەکوژێت، رابردووی مێژوویی هێندە سەنگین و زەبەلاحە کە ئێستا و داهاتووی ئێمە لە پەلوپۆ دەخات و ئیرادەی ئێمە بۆ بیاتنانی داهاتوو تێیدا دەتوێتەوە، بۆیە نیچە مێژوو وەک بارێکی قورس و تاقەتپڕووکێن دەبینێت.

نیچە پێی وایە ئافراندنی ئیمڕۆ و سبەینێ لە بۆتەی ئیرادەدایە، نابێت رابردوو بە شێوەی جەبری باڵادەست بێت و رێگری لەوە بکات کە ئێمە جیهانێکی نوێ بنیات بنێین، ئەگەر وا بێت ئێمە دەبینە ئەسیری رابردوو و ئەوە رابردووی ئامادەیە کە ئەمڕۆ و داهاتوومان دەسازێنێت، نەک ئێمە. ئەو کۆمەڵگەیانەی کە زۆر شەیدا و عەودالی رابردوون و شانازی بە مێژووەوە دەکەن، سروشتی مێژوویی لەدەستدەدەن، کۆمەڵگەی مێژوویی ئەوەیە کە ئەمڕۆی لە دوێنێ، سبەینێیشی لە ئەمڕۆ جیاوازتر بێت. مێژوو تا ئەو کاتە جێگای رێز و ستایشە کە

بتوانێت ئەمڕۆمان مانادارتر بکات. نیچە ئەم جۆرە مێژووە ڕەت دەکاتەوە، بڕوای وایە دەبێت مێژوو ئاوڕ لە ڕۆحی ژیان بداتەوە، مێژوو واتە ئەمڕۆ و سبەینێ.

ئەم فەیلەسووفە لە مەعریفەی مێژووییدا باوەڕی بە مێژووی ڕەخنەیی هەبوو، پێی وابوو ئەم جۆرە مێژووە دژی مێژووی ڕەخنەییە، توانا شاراوەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئەوەیە مێژوو بۆ ئێستا و داهاتوو مرۆڤ ئازاد بکات، ئەو مێژووەی کە ئێمە بە ڕەوتی ڕابردوو دەبەستێتەوە، ئێستا دووبارە دەبێتەوە. چاوی مێژوویی نیچە ڕووی لە ئێستا و داهاتووە، نەک ڕابردوو، مێژوو لەو ڕووەوە دەبێت کۆمەکی مرۆڤی هەنووکە بکات، تا لەو ئازارەی دەیچێژێت و لەو گێژاوەی کە گیری خواردووە، ئازاد بێت. بۆیە مێژوو لە دوای سەدەی نۆزدەیەمەوە دینامیکێتییەکی ئاشکرای پیشاندا، کە تا ئێستا بەردەوامە.

لە دیدی نیچەوە مێژوو ئافرێنەری مەزنییە و ئەم مەزنییە لە باڵابوونی مرۆڤدا دەردەکەوێت، ئەو ژیان لەپێش مێژوودا دادەنێت و ژیانێک کە لەژێر فەرمانداییە بە ژیان ناوی نابات. ئەو دەڵێت بوونێتی مرۆڤ پەیامێکە، بۆیە هەر کردەیەکی ئێمە بەشێکە لەو پەیامە. ڕەخنەی لەوە دەگرت کە مێژوو لەجیاتی پێشکەوتنی ژیان بووەتە مەشخەڵی مەرگ، هەروەها دەڵێت مێژوو زەرورییە، بەڵام بەو شێوەیەی کە لەمڕۆدا کردەوەی پێدەکرێت شتێکی ژەهراوییە، پێویستە ئێمە توێژینەوە و نووسینە مێژووییەکان بخەینە خزمەتی ژیانەوە و دەبێت لەپێناو ژیاندا بێت نەک بۆ خۆبادان و لوتبەرزی، پێویستە کەڵکەڵەکە لەسەر ژیانێکی چالاکتر، باشتر و مانادارتر بێت. تا ئەو شوێنەی ئێمە لە خزمەتی مێژووداین، کە مێژوو لە خزمەتی ژیاندایە.

نیچە بە ڕوانینێکی ڕیشەییەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەبێت ئەو تێگەیشتنە باوانە لەسەر مێژوو بگۆڕین، هەموو ئێمە بە دەست تایەکی مێژوویی پڕوکێنەرەوە دەناڵێنین، زۆر باشە تێبگەین کە خەریکین ئازار دەچێژین، دەبێت زانینە مێژووییەکانمان لەپێناو ژیاندا باشتر بکەین، مێژوو وەک زانستێکی پەتی و باڵادەست، جۆریک پاکتاوی کۆتایی ژیانە بۆ مرۆڤ. نیچە باوەڕی وایە مێژوو هۆگری بۆ ڕۆحێکی شکۆمەند و بوێرانەی ڕابردوو هەیە و کە لەو ڕێگەیەوە مرۆڤ فێری جوامێری و چاونەترسی دەبێت، هەموو ئەم بەهایانەیش بۆ ئەوەیە ستایشی ژیان بکەین. کاتێک کە مێژوو لە خزمەتی ژیاندایە، بونیادی ژیان باڵا

دەكات، كاتێک هەستە مێژووییەكان ناتوانن ژیان بپارێزن بەڵام مۆمیای دەكەن، ئەو كاتە ژیان وەک ئەو درەختێكەی لێدێت كە وشک دەبێتەوە و لە ریشەكەی جیا دەبێتەوە، ئیتر مەیلەو پیری مەرگ دەچێت.

ئەگەر یادەوەری مێژوویی رۆح و گیان بە ژیان نەبەخشێت و نەبێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆی، ئیتر ژیان وێران دەبێت و رابردوو شایستەی ئەوەیە سەرزەنشت بكرێت.

كەواتە وەک چۆن ئێستا خەریكی دروستكردنەوەی رابردووە، ئاوایش رابردوو خەریكی دروستكردنەوەی ئێستایە، بەڵام دەبێت ئێستایەكی مانادار و جیاواز بخوڵقێنێت. لەو دونیاییەی كە تێیدا دەژیین چەندە بیركردنەوە لە ئێستا گرنگە، ئەوەندەیش بیركردنەوە لە رابردوو، بۆیە ئەوەی كە گرنگە رابردوو لە ئێستادا چ مانایەكی هەیە و بۆچی بە كاری دێنین. راستە شەڕی ئێمە لەگەڵ ئێستا و ئێرەیە، بە پێچەوانەوە لەگەڵ رابردوو و بیرەوەریدا، نەک هەر تووشی پچڕان و گوزەر نابین و توانای قوتاربوون و ئازادبوونمان نییە، بەڵكو بە جۆرێک بەستراوینەتەوە و گەمارۆ دراوین و لەناو كۆت و زیندانی رابردوودایین.

ئەم پەیوەندییەیش سەرپێیی و راگوزەر نییە، بەڵكو جەوهەری و رۆحییە، نابێت وەک هێزێكی پاسیڤ و دەستەپاچە رێگە بدەین رابردوو قوتمان بدات و ئێستان بسڕێتەوە، زۆرمانەوە لەناو و رابردوو و شانازییكردنی لەڕادەبەدەر نیشانەی كەوتنی دۆخی ئێستایە، یان نیشانەی ئەوەیە رێگای ئێستامان دروست نییە و بە هەڵە هاتووین، بۆیە ناچارین زۆر دەرگیری ئێستا نەبین و هەمیشە بگەڕێینەوە بۆ رابردوو. مێژوو ئەو لێهاتووییەی تێدایە كە دەسكاریی دۆخی ئێستا بكات و بیگۆڕێت.

مرۆڤ دەبێت لەسەر بنەمای خواست و ئیرادەی خۆی ئەو مێژووە بەگەڕ بخات و مانای تری پێبدات. وەک جۆرج ئۆرێل وتوویەتی: "ئەو كەسەی فەرمانڕەوای رابردووە، فەرمانڕەوای ئێستا و داهاتوویشە". ئێمە كاتێک دەتوانین مانای جیاواز، پێناسەی نوێ و ئامانجی نوێ بە مێژوو ببەخشین، كە پرسیار، چاوەڕوانی و روانگەمان بۆ مێژوو بگۆڕین، ئەگەر هەمان بیركردنەوە و تێگەیشتنی باو و كۆن بەكار بهێنین، بێگومان مێژوو هیچ شتێكی تازەی لێ هەڵناهێنجرێت. مێژوو سەرچاوەی پەیام و وزەیە، ئەگەر مێژوویەک تا دوێنێ

مانای ئازار، بەدبەختی و نائومێدیی بووە، چۆن دەتوانین ئەمە بگۆڕیت بۆ هەستانەوە، ئومێد و چێژ.

بیرەوەریی پەیام و وزەیە، ئەوەی کە بتوانین ئەم چیرۆک و حیکایەتە لەسەر بنەمای نەهامەتی و نیگەرانی بگۆڕین بۆ پێشکەوتن و بووژانەوە، پێویستە بە جۆرێکی تر بیر لە مێژوو بکەینەوە. لێرەوە ئاگایی لەپێناو خودی ئاگاییدا نییە. چیتر مەعریفەی مێژوو، بەرهەمی هۆگری نییە، بۆ تێگەیشتن، تێگەیشتن لە ئەوی تر، بەڵکو دروستکردنی جۆرێک هاودڵی و هاوبیری و بەرپاکردنی جۆرێک پەیوەندیی مرۆڤە لەگەڵ مرۆڤ، یان کردەی مرۆیی. رۆشنگەری مژدەی ژیانێکی ئازاد و دادپەروەریی دەدات و دەبێت عەقڵانییەت و زانست وەک کردەیەکی ئامرازیی بن کە چارەنووسی مرۆڤ دیاری دەکەن.

مرۆڤ دەبێتە بابەتی مێژوو، بابەتیبوون و پێگەی مرۆڤبوون پەیدا دەکات، رۆڵی مرۆڤ لە ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و دامەزراوەیی بەرهەمی ئەو پێناسە نوێیە بوو کە رۆشنگەری بە مرۆڤی بەخشی، پەیوەندییە مرۆییەکان تەشەنەی کرد، بەشداریی خەڵک لە سیاسەت و لە حکومەت و ژینگەی دانیشتووان دەرکەوت، مرۆڤ بوو بە بوونەوەرێکی سیاسی، زانستێک کە بەرهەمی هۆگری مرۆڤە بۆ رزگاربوون لە دەسەڵات لەدایکدەبێت، مەعریفەی رەخنەیی و زانستیی رزگارییبەخش برەو دەسێنێت.

قوتابخانەی فرانکفۆرت لوتکەی ئەم جۆرە تێگەیشتنە جیاواز و بێپشینەیەی بۆ ڕۆڵی مرۆڤ لە ژیاندا خستەڕوو. هابرماس کاتێک قسە لەسەر هۆگریی ڕەهایی و مەعریفەی رەخنەیی دەکات، پێی وایە مێژوو وەک زانستێکی رەخنەیی دەتوانێت وەکوو زانستێکی ئازادی بناسرێت و لە ئارادا بێت، وەک چۆن مرۆڤ لە دەروونشیکاریدا مامەڵە لەگەڵ گرژی، ئاڵۆزی و گرێ دەروونییەکانی خۆیدا دەکات، لەگەڵ ناوەوەی خۆی و جیهانی دەروونیی خۆیدا مامەڵە دەکات و ئەو ئارێشانە دەستنیشان بکات کە بە شێوەیەکی ناخودئاگا لە دەروونیدا دروست بووە، چینە شاراوە و نادیارەکانی خۆی دەپشکنێت، ئەو هۆکارانەی کە دەیانەوێت سەرکوتی بکەن و بیچەپێنن، بنکۆڵ دەکات،

لە مێژوودا باسوخواسەکە رزگاربوونە لە کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەو لێهاتوویی و توانستە لە ڕووبەڕووبوونەوەداین کە لە رابردوودا دەرنەکەوتووە. لێرەدا

ماتەوزەی دەرنەکەوتوو دەخریتەڕوو، مێژووی ئەگەرەکان و شیمانەکان دەوروژێنرێت، لە مێژووی راستەهێڵی و یەکپارچەدا، رابردوویەکمان هەیە کە دەکرا بەم شێوەیە نەبێت، ئیمکاناتی تر لەم رابردووەدا هەبوو، واتە ئەگەری دەرنەکەوتوو، نەک ئەو شتەی کە دەیویست هەبێت، ئەوەی کە هەژموونداره و دەرکەوتووه دەیتوانی بەو جۆره نەبێت، بۆیە شتێک سروشتیی بێت، مێژوویی نییە، ئەو شتەی کە پێمان وایە سروشتییە، سروشتی نییە، نە ئەزەلی و نە ئەبەدییە، زەرورەتێکی مێژووییە. وەک دیاردەیەکی مێژوویی بەدیهاتووه. سەردەمێک تێپەڕیوه، کە ئەمانە بوونیان نەبووه و پاشان بەدیهاتوون، کردەی ئیمکانی مێژوویی، بەرهەمی گۆڕانکاریی مێژووییە.

ئەگەری مێژوو و رزگاری مێژوو پەیوەندیی بە جێگرەوه ئەگەرییەکانەوه هەیە، مێژوو دەیتوانی بەو شێوەیە نەبێت کە ئێستا هەیە، کەواتە رستێک ئەگەری تری دەرنەکەتوو هەیە کە لە داهاتوودا ئەگەری دەرکەوتنیان هەیە. دەبێت لە هەناوی ئەم ئەگەرانەوه، بونیادێکی نوێی مێژوویی بهێنینە دەرەوه. هەلومەرجی ئێمە، هەلومەرجی مێژووه، ئێمە بکەری مێژووسازین، لێکۆڵینەوەی مێژوو لێکۆڵینەوەی ئەو ئەگەرانەی ناو رابردووه کە دەرکەوتووه و بووەتە کردار، بەڵام ئەگەری سەرکوتکراو و چەپێنراویش هەیە، مێژووی رەشپێستەکان، مێژووی ژنان، مێژووی کرێکاران، مێژووی دەنگە نەبیستراو و سەرکوتکراوەکان، هەمووی خەباتی ئەوه دەکەن مێژوو بە جۆرێکی تر پێناسە بکەنەوه، مانای پێبدەنەوه و لە خزمەتی رزگاریی خۆیان بە کاری بێنن.

وتەیەکی باو هەیە دەڵێت: لە هەر کوێ دەرد هەبێت، دەرمانیش هەر لەوێیە. دەرد و دەرمان پێکەوەن و لێکئالاون، بەڵام لە دۆخی ئێستادا دەرد بێشوماره و دەرمان دەگمەن. بۆ ئەوەی بە دوای دەرد و ئافەتی مێژووییدا بگەڕێیت، بیناسیت و چارەی بکەیت، پێویستت بە دانایی و بەسیرەت هەیە، بە وتەی سوهراب سپهری؛ دەبێت چاوەکانمان بشۆین و بە جۆرێکی تر بڕوانین. دەرمانی مێژوو ئاگاییە، شتێکیش ئاگایی هەبێت گیان و هۆشی هەیە. کەواتە رابردوو کۆتایی نەهاتووه و لە ئێستادا دەژی و هاونشینی ئێمەیە.

مێژوو رەچەڵەک، بنەچە و ئاخێزگەی ئێمەیە، ناتوانین دەستبەرداری ببین و پەیوەندیی لەگەڵدا بپچڕێنین، ئاخر دواتر وەک ئەو درەختەمان لێ دێت کە لە

ڕەگەکەی بووەتەوە و وشک بووەتەوە و پتوروکاوە، کە ئیتر گەش نابێتەوە و نەشونما ناکات. کارەساتی گەورە ئەوەیە پەیوەندیمان بە وجودی خۆمانەوە نەمێنێت. هۆکاری ئەوەی ئێستا کۆمەڵگە بەتەواوی خەریکە وشک دەبێتەوە و بەرەو پەککەوتنی سەرتاسەری مل دەنێت، هۆکارەکەی نەمانی پەیوەندی و کارلێکە لەگەڵ مێژوودا، تا دۆخی بنبەستی مێژوویی ڕۆیشتووین، سەرگەردانی و چارەڕەشی ئەوەیە کێشەکان کەڵەکە و سەربار بن و جەهل و غەفڵەتیش سەروەر بێت، ناڵە و هاواری تۆ لە کاروانی مێژوودا ئەوەیە لە ڕیشەکەت جیا بوویتەوە، ئارام ناگریت تا یەکنگرێتەوە.

هاودڵی و هاودەمیی مێژوو ئەوەیە لە شەوکەت و هەیبەتی مێژوو تێبگەیت، گفتوگۆی لەگەڵدا بکەیت، دەست لە بێباکی و بێدەربەستی هەڵبگریت، ئامێزی بۆ بکەیتەوە و چیرۆکەکانی بخوێنیتەوە و وانە و پەندەکانی فێر بیت، خۆ مێژوو ماشینێکی خۆکار و بێ کۆنترۆڵ نییە دەستی لێ بەربدەیت و هەڕەمەکیانە بجولێت، دونیای مێژوو حساب و کتابی خۆی هەیە و لۆژیک و حیکمەتی تایبەتیی هەیە، بە وتەی هیگڵ مێژووی جیهان دادگایەکە بۆ داوەری، مێژوو ئامۆژیار و فێرکارە، مێژوو پێت دەڵێت تۆ کێیت، چییت و دەتوانیت چی بکەیت و بۆ کوێ دەڕۆیت، مێژوو ئاسۆ و چاویلکەیە، لەوێوە دونیا دەبینیت، دیدی خێچ و کوڵەوار ناتوانێت حەقیقەت ببینێت، نابێت نەفرەت لە مێژوو بکەیت و لێی وەڕەس بیت.

کۆمەڵگەیەک ڕشتەی مێژوو لە هەناویدا بەهادار و شکۆمەند بێت، هەرگیز بە مەیلێکی و کەنەفت و ژاکاو و دۆشدامانەوە هەنگاو نانێت، چونکە مێژوو سروشتی زیندوویەتی و جۆشوخرۆشی هەیە. پەیامی مێژوو ئەوەیە دەبێت لەم تاریکییەدا بێدار ببیتەوە، ئەگینا بە وتەی ساموێل بکیت ساتێک هەیە کە مرۆڤ دەست لە هەموو شت هەڵدەگرێت، چونکە ژیرانەترین کار هەر ئەوەیە.

کێشەی سەرەکی مەعریفەی مێژوو لە دونیای ئەمڕۆدا ئەوەیە شێوەکەی بزرە و دیار نییە، لەمس ناکرێت و ڕۆڵی نییە، ئەوانەی ڕەخنە لەوە دەگرن کە زانستە مرۆییەکان و بەتایبەت مێژوو چیتر پەیوەندییان بە ڕۆحی سەردەمەوە نەماوە، ناتوانن کێشە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ چارەسەر بکەن، پەیوەندی بە پێداویستییەکانی ژیان، بازاڕی کار و سەرمایەوە نەماوە و داهاتووی ژیانێکی شایستە بۆ مرۆڤ مسۆگەر ناکەن، ڕیشەی ئەم بیرکردنەوە قەیراناوییە لەناو ئەو

جۆرە تێگەیشتنەدایە. ئەم بیرکردنەوەیە تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بانگەشەی کۆتایی سەردەمی مێژوو بکەن، لەبەرئەوەی زانستە مرۆییەکان ناتوانن بەختەوەری، سەلامەتی و سەرمایە بۆ مرۆڤ دەستەبەر بکەن.

سەرەتا بۆ ئەوەی لە کارکرد و ڕۆڵی زانستێک تێبگەین، دەبێت شوناس، بابەت، میتۆد و ئامانجەکەی بناسین. ئیشی زانستەکان لە کۆمەڵگەدا جیاوازە، زانست هەیە ئیش لەسەر گەردوون و سروشت دەکەن، هەندێکی تر سەرقاڵی مادده و زیندەوەرن، بەشێکی تر لە زانست دەپەرژێنە سەر جەستە و سەلامەتی مرۆڤ و جۆرێکی تریان بنکۆڵی دونیای ئاوەزمەندیی دەکەن و پەیوەندییان بە ڕۆح، زمان و ئەندێشەی مرۆڤەوە هەیە. لە ڕووی زانستییەوە، یەکێک لە پێوەرەکانی کۆمەڵگەی سەقامگیر و ساغڵەم ئەوەیە، زانستەکان لەنێو بەستێنی کارکرددا یەکتری تەواو دەکەن، واتە هاوشان و هاوتەریب هەم پێش دەکەون و هەم دەگۆڕدرێن. نەخۆشی و هەژاری یەکێکیان یەکسانە بە پەککەوتن و داڕمانی ئەوی تر. ڕاستە ئەم زانستانە هەریەکەیان خاوەنی شوناسی تایبەتیی خۆیەتی، بەڵام لەسەر هێڵی کارتێکراو و کارتێکەرن.

هەریەک لە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای فیترەت، سەلیقە، کارامەیی و ئەزموون بۆ بوارێک بەدیهاتووە. ئێستا بێباکی و کەمتەرخەمییەکی کوشندە و کەموێنە بەرانبەر بە زانستی مرۆیی، بەگشتی هەستی پێدەکرێت و مەعریفەی مێژوو قوربانی سەرەکی ئەو دۆخەیە. ئێمە جیهانبینییەکی دەوڵەمەند و سەردەمیانەمان لەسەر پۆلێنی زانست و ڕۆح و فەلسەفەی زانستەکان و جێکەوتەیان لەناو کۆمەڵگەدا نییە، فەزڵ و شکۆی هەندێکیان دەدەین بەسەر ئەوی تریاندا، هەندێک لە پسپۆڕییەکان لە ئەولەویەتدا دادەنێین و هەندێکیان پەراوێز دەخەین، نمرە و ڕیزبەندیی ژمارەیەک لە بەشەکان بەرز دەکەینەوە و ژمارەیەکی تریان زەبوون و ڕسوا دەکەین، نابێت بۆ ئەم کارە پێوەر و زەرورەت و بەڵگەت هەبێت؟! بۆچی دەبێت بواری پزیشکی و ئەندازیاری، لە کۆمەڵناسی و مێژوو گرنگتر بن؟! هۆکار چییە کە یاسا و بایەلۆجی، لە فەلسەفە و دەروونناسی لەپێشترن؟!

ئەمە قەیرانێکی زانستی و پیشەییە و پەیوەندی بە ئەقڵ و خەیاڵدانی زانستی کوردییەوە هەیە. هەر لە قوتابخانەدا خوێندکار بەوە گۆش دەکرێت بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پیشەیەکی هەبێت و داهات و کاری مسۆگەر بێت، دەبێت ببێتە پزیشک

یان ئەندازیار و پارێزەر، ئەی کێ ببێتە کۆمەڵناس و مێژوونووس و سیاسەتمەدار؟! کۆمەڵگەیەک زانستی مرۆیی تێدا پیرۆز و ڕەونەقدار نەبێت، چارەڕەش و کەنەفت و دەبەنگ دەبێت، کۆمەڵگەیەک ڕشتەی فەلسەفە فەرامۆش بکات، دەمارگیری، ساویلکەیی و دۆگمایی بڕستی لێدەبڕێت، کۆمەڵگەیەک ئاوڕ لە کۆمەڵناسی نەداتەوە، سەری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەی سیاسی و پەرەسەندنی مێژوویی دەرناچێت، چڤاکێک سووکایەتی بە دەروونناسی بکات، ناتوانێن خۆی بناسێت و، گاڵتە بە یاسا، کات، ژینگە و وەرزش دەکات و ئیتر کۆمەڵگە دەبێتە نەخۆشخانە.

زۆر جار قەیرانی ئاگایی، هەر لە بنەڕەتەوە قەیرانی زانستی مرۆییە، زانستی مرۆیی واتە زانستی ڕەخنە، بەها و ئاگایی، کارەساتەکانی وەک: نایەکسانی، هەژاری و گەندەڵی و نائومێدی و پووچێتی تێکڕا تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندییان بە دارمانی زانستی مرۆییەوە هەیە. تا زیاتر ئەم زانستە گەشە بکات، لە دیموکراسی، خەڵکسالاری، خۆشگوزەرانی و بەختەوەری نزیک دەبینەوە، بە پێچەوانەوە تا ئەم زانستە پاشەکشە بکات، دەلان و درزی قەیرانە هەمەجۆرەکانی کۆمەڵگە گەورەتر دەبێت، ستەمکاری، جەهل و کۆیلایەتی هەڵدەکشێت. پەروەردەکرنی نەوەیەکی بوێر، سەربەست و مرۆڤدۆست پێویستی بە زانستی مرۆیی هەیە، ئایندەی مەملەکەتیش بەندە بە چۆنێتی کارکردنی ئەم زانستە لەناو ژیانی گشتیی کۆمەڵگەدا. ناسینی سروشتی کارکردنی مێژوو (فەلسەفەی کاری مەعریفەی مێژوو) لە کۆمەڵگەدا دەروازەیەکە بۆ تێگەیشتن لەو قەیرانەی سەرەوە.

ئەحمەد کەسرەوی، ڕووناکبیر و مێژوونووسی ناوداری ئێرانی، نزیکەی 75 ساڵ پێش ئێستا بەم شێوەیە پەیامی مێژوویی بە گوێی مەملەکەتەکەیدا دەدات: "ئێوە ئەمڕۆ دوو ڕێگەتان لە بەردەمدایە و ئازادن لەوەی کامیان هەڵدەبژێرن؛ یەکێکیان ئەوەیە هەر بەو حاڵەوە بمێننەوە کە ئێستا تێیدان، ئەندێشە پەرشوبڵاوەکان هەروەک خۆی لەنێو مێشکتاندا بێت، دەست لە شیعر و شاعیرێتی هەڵنەگرن، کتێبە زیانبەخش و پۆخڵەواتەکان چاپ بکرێن، ئەخلاقی پووچ لە دۆخی خۆیدا بمێنێتەوە. ڕقتان لە هەرکێ بوو دایپڵۆسێنن، هەموو خەڵک مات و بێدەنگ بکەن و ئەگەریش کەسێکتان لەناوبرد بە یەک جار دەمی لێ بکەنەوە، بە ناشرینی لەبارەیەوە بدوێن. ئەمە ڕێگەیەکە و دەتوانن درێژەی پێبدەن. بەڵام ئەگەر وا بێت

بارودۆختان هەر ئەوەیە کە ئێستا هەیە، تووشی سەد نەهامەتی و ماڵوێرانی دەبن، دەبنە خۆڵی ژێر پێی بێگانەکان و جڵەوی سەربەستیی ژیان لە دەستی خۆتاندا نامێنێت و لە یەک وتەدا ئەم بێدادی و سەرگەردانی و زەبوونییە بە خۆڕاگری دەمێنێتەوە، ڕۆژبەڕۆژ سەختر دەبێت و هێدی هێدی لە وێرانی نزیک دەبنەوە.

ڕێگەکەی تر ئەوەیە ئەو حەقیقەتانەی کە ئێمە باسیان دەکەین، قبووڵ بکەن و هەر کەسێک بە پێی پشکی خۆی کارێک بکات و ناشرینییەکان لە خۆی دوور بخاتەوە و گۆڕانکارییەک لە بیرکردنەوە و ڕەفتاریدا بخولقێنێت. ئەم بێچارەییەی کە من لە ئێوەدا دەیبینم ناتانەوێت باش بن، بەڵام دەتانەوێت لە ڕۆژگارێکی باشدا بژیین، دەتانەوێت لەم گرفتارییەدا بمێننەوە و قوربانی نەدەن. ئێوە نازانن کە هەر گرفتاری یان نەخۆشییەک کە کەسێک یان خەڵکانێک تووشی دەبن، بەهۆی هۆکارێکەوە ڕوویداوە کە دەبێت بە دوایدا بگەڕێیت و بیناسیت و بیر لە چارەسەرکردنی بکەیتەوە. ئەمە ڕێسایەکی گشتییە و لە هەموو شتێکدا هەیە، بەڵام ئێوە ئەوە نازانن و ئاوڕی لێ نادەنەوە، لەجیاتی ئەوەی ئەم گرفتارییە لە خۆتان دووربخەنەوە و ئارێشەکانتان چارە بکەن، هاوار و گازەندە بەس نییە، ئێوە لەنێو غەفڵەت و نەهامەتی و زەبوونی و بەدبەختیدا دەسوڕێنەوە، بێهودە ناڵە و هاوار دەکەن، ئەمەیش خۆی زەرەرێکی تری هەیە کە خۆتان فریو دەدەن و دروشمی پووچ دەهۆننەوە".



ئەحمەد کەسرەوی (١٨٩٠-١٩٤٦)

ئاگایی مێژوویی لێرەدا مەبەست ناسینی ڕووداوەکان و دیاردەکانی دونیای ڕابردوو نییە، هەر تەنیا فێربوونی وانەی ئەخلاقی و سیاسی نییە، چیرۆک و سەرگوزەشتەی ڕابردوو، نابێت تەنیا وەک یادەوەریی بیگێڕینەوە و پەندی لێ

وەربگرین، حیکایەتی مێژوو لەوێدا کۆتایی نایەت کە پێمان بڵێت چی ڕوویداوە و چۆن ڕوویداوە، یان ریوایەت و دەق بخوڵقێنیت. لەمڕۆدا چەمکی مێژوو وەک زۆرێک لە چەمکەکانی تر مانا و دەلالەتی تازە و جیاوازی وەرگرتووە. بە وتەی ڕاینهارت کوزەلک (Reinhart Koselleck) هەر ڕووداوێک کە لە شاردا ڕوودەدات لەوانەیە لە سپێدەدا ریوایەتێکی هەبێت و لە ئێوارەدا ریوایەتێکی تر، کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ دەوترێت، سبەینێ واتایەکی تری هەیە.

دەتوانین شتی جیاواز و تازە بڵێین، چونکە بە بەردەوامی بیر لە مێژوو دەکەینەوە و دەینووسینەوە، ئەم نووسینەوەیش بەندە بە پرسیار و چاوەڕوانییەکانی ئێمەوە. ئێستا مێژوو جۆرێک حیکمەت و بەسیرەتە بۆ دیتنی ئەو شتانەی ئەوانی تر نایبینن، درکی پێناکەن و ماناکەی ناخوێننەوە. داستانی نەبڕاوە و بێکۆتایی مرۆڤە لەپێناو خۆدۆزینەوە و سەربەستی و ئازادیدا. یەکێک لەو پێناسە جیاوازانەی کە ئەمڕۆ بۆ مێژوو دەکرێت، ئەوەیە کە مێژوو زانستی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، ئامڕازی دروستکردنی شوناس و گوتاری نەتەوەییە، پڕۆژە و پرۆسەی بیناکردنی تاک و کۆمەڵگەیە، لێرەوە مێژوو دەچێتە نێو هەموو کایەتی ژیانی مرۆڤ و هەموو شت دەبێتە مێژوو.

جارێک لە پیاوێک دەپرسن مێژوو چییە؟ ئەویش وەڵام دەداتەوە کە چ شتێک مێژوو نییە. درککردن و تێگەیشتن لە ڕابردوو، چەقی سەرەکیی ئەو ئاگاییەیە کە ئێمە لە مێژوو چاوەڕوانی دەکەین؛ ئەوەی کە ڕابردوو چییە، بۆ بیناسین و چۆن بیناسینەوە، بیری لێبکەینەوە و بیخوڵقێنینەوە. ئاخێزگەی هەر جۆرە ئاگاییەکی مێژوو لە هەناوی ئەم پرسیارانەوە پێکدێت. مێژوو بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوە و پەیامی بێداری و ئاگایی، پێوستی بە پرسیاری نوێ، بیروباوەڕی نوێ، گەواهیدەری نوێ و ریوایەتی نوێ هەیە، بەبێ ئەوانە مێژوو مانا و دەلالەتی نوێ لەخۆ ناگرێت. ڕابردوو خاوەنی دەق، وێنە، زمان و پەیامە، ناچارین سەرلەنوێ بیر لەو دونیا بێدەنگ و تێپەڕیوە کە وەک چیرۆکێک ئامادەیە، بکەینەوە و ڕاڤەی بکەین.

هەموو ئەو چەمکانەی کە دەربارەی دۆخی مێژوویی کورد بەکار دەهێنرێت، لەوانە؛ کورد لە دەرەوەی مێژووە، ترس لە مێژوو، نامێژوویی، نامۆبوون بە مێژوو، هەموو دەلالەت و گوزارشتە لەو دۆخە قەیراناوییە مێژووییەی کورد.

لەسەر ئەو جۆرە ئامادەگییە خراپەی ئێمە لەناو مێژوودا، بەختیار عەلی باوەڕی وایە کێشەی مێژووی ئێمە ئەوە نییە کە لە دەرەوەی مێژووین یان نا، توورِ هەڵدراوین و خراوینەتە دەرەوە، بەڵکو کێشە ئەوەیە جڵەوی مێژوو لە دەست خۆماندا نییە، ڕەگەزی بزوێنەر و هەڵسوڕێنەری ناو مێژووی خۆمان نیین، بکەرێکی باشی ناو مێژوو نیین.

خوێندنەوەی پانتاییسازی بۆ مێژوو، دەتوانێت دێوەزمە و کابووسی مێژوو لە خەیاڵدانی ئێمەدا بسڕێتەوە، دەبێت ماتەوزەی بەرەنگاری لەناو مێژوودا بدۆزینەوە، ئەو ئەگەرانە بدۆزینەوە کە پێشتر تاقیمان نەکردوونەتەوە. بە پشتبەستن بە لۆژیکی گۆڕانکاریی مێژوویی، مێژوو ڕەوتێکی هیوابەخشە، ئامڕازێکی گرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شکست و نائومێدی. مێژووزانی و مێژووناسی، وەک ڕێنمایی و نەخشەڕێگای پێشکەوتن دەناسرێت. سەید جەمالەدینی ئەفغانی مێژوو وەک پزیشک پێناسە دەکات، پزیشکی ڕۆحانی و کۆمەڵایەتی، کە جۆرێک دەرمانی بۆ تیمارکردنی دەردەکان پێیە. هەر جۆرە رابوون و بێدارییەکی مێژووییە، پێوستی بەو دەرمانە هەیە، تەنانەت بەشێکی زۆری بەختەوەری و حەسانەوەی ئێمە هەر لە قووڵایی ئەو ئاگاییە مێژووییەوە چەکەرە دەکات.

لە ڕاستیدا ئەو چەمک و زاراوانەی سەرەوە کە بۆ ناساندنی کێشەی مێژووی کورد بەکار دەبرێت، شتێکی کۆنکریتیی ئەوتۆمان لەبارەی بنەڕەتی کێشەکەوە پێ ناڵێن. ئەقڵی تەقلیدی و باوی مێژووناسی و مێژووباوەڕیی کورد هەمیشە ئیشی لەسەر بەرهەمهێنان و پەرەپێدانی ئەم تێزە کردووەتەوە؛ "مێژوو موڵکی ڕابردووە، دونیایەکی تێپەڕیو و بەسەرچووە، چیتر سێبەری ئەم دونیایە بە سەرمانەوە نەماوە و بۆ هەمیشە کۆتایی هاتووە، هیچ ڕووبەرێک بۆ ئەرکی مێژوو لە ئێستادا نەماوە".

ئەم دیدە خێچ و ئیفلیجە، نەک تەنیا بۆچونێکی ناڕاست و نازانستیە و خاڵییە لە هەموو چوارچێوەیەکی تیۆریی و بنەمای میتۆدی، بەڵکو ڕوانین و بیرکردنەوەیەکی مەترسیدار و کوشندەیە و بێبەهاکردنی قورسایی ئەم زانستەیە بۆ ئاستی مشتێک گوتاری پەرتەوازە و بێ کاریگەر. بەرگری و پاراستنی ڕابردوو و وێناکردنی مێژوو وەک دونیایەکی موقەدەس، بەرهەمی ئەو خەیاڵدانە

مێژووییەیە کە چییەتیی ئەم دونیایەی بەستووەتەوە بە کۆمەڵێک ساڵ و ژمارە و رووداوی ڕێکەوت و بێنەزم و بێ پەیوەندییەوە، بێئاگا لەوەی کە مێژوویش وەک هەر زانستێکی تر یاسا، حیکمەت و لۆژیکی تایبەتیی دەیجوڵێنێت و جەدەل، ململانێ و پێکدادانە ناوەکییەکانی، بەرهەمی هاوکێشەیەکی یاسامەند و مەبەستدارە.

چەندێک هۆشیاری و ئاگایی لەبارەی چییەتی، ئاڕاستە و فاکتەرەکانی جووڵەی مێژووییەوە گرنگە، هێندەیش لەبارەی زمان، فەلسەفە، حەقیقەت و میتۆدەکانی زانستەکەوە گرنگە. بە واتایەکی تر، کێشەی بنەڕەتی عەقڵی مێژووناسی کورد بە تەنیا کێشەی بوونناسی نییە، واتا کورد هێزی خوڵقێنەر و ئاڕاستکەری مێژوو نییە، توانای پەرەسەندن و گۆڕانی نییە، مێژوو بۆ کورد پرۆسەی بێداری و گەڕان و خۆناسینەوە و خۆبەرهەمهێنانەوە نییە، قەیرانەکە لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە کورد قوربانیی دەستی مێژووە، مێژوو زوڵمی لە کورد کردووە، مێژوو بۆ کورد سیمبولی چەرمەسەری و کارەساتە، بەڵکو کێشەکە ڕەهەندی مەعریفەناسیی هەیە و پەیوەندیی بە بونیادی ئەندێشە و تێگەیشتنی مێژوویی، مێژووناسی و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئامانج و چاوەڕوانی لە مێژوو، مامەڵە و پەیوەندیی لەگەڵ مێژوودا هەیە.

لێرەدا چەقی کێشەکە پەیوەندیی بە چۆنێتیی خوێندنەوە و درک، ناسین و گێڕانەوەی زانستەکەوە هەیە. گرفتی ئەم ئەقڵە مێژووییە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تا ئێستا بونیاد، پایە و پرەنسیپە گشتییەکانی زانستەکە ناناسێت، بکەر، رەگەز، هێز و یاساکانی گۆڕان و پێشکەوتنی مێژوویی نەدۆزیوەتەوە، خەیاڵی زانستی، ئامراز و کەرەستەی فەلسەفیی پێ نییە بۆ خوێندنەوەی ئەم دونیایە، توانای راڤە، ریوایەت و خوڵقاندنی تێکست و بیرەوەریی مێژوویی نییە. ئەندێشەی مێژوویی کورد هەمیشە بەم لۆژیکە مێژوو دەخوێنێتەوە کە بریتییەلە "کۆمەڵێک پرەنسیپی هەمیشەیی، ئەبەدی و نەگۆڕ و بۆیە بەردەوام لەو گێژاوەدا دەخوولێتەوە، بیر لەوە ناکاتەوە کە مێژوو هەندێجار لەسەر خەتێکی راستەوانە و روو لە پێشکەوتنە و هەندێجار بە شێوەی مارپێچی دەجووڵێت، هەموو ئەم تیۆرانەی مێژوو، پێش ئەوەی بەرهەمی ژینگەی سیاسی، رەوشی کۆمەڵگە و پێشینەی مێژوویی بێت، زادەی جۆرێک دونیابینی و روانینی مێژووییە.

ڕێگەی یاخیبوون و تووڕەبوون لە مێژوو، نەفرەت لە باری سەنگینی ڕابردووی دادمان نادات، زەمەنی ئەمڕۆ، زەمەنی گومان، ڕەخنە و ڕەتکردنەوەیە، ئەرکی سەرەکی ئێستامان ئەوەیە داماڵینی ئەو مێژووە لەو تێڕوانینانەی کە ناتوانن دەلاقەی نوێ بە ڕووی ئەم گیانە کەنەفت و کۆڵەوارە بکەنەوە. ڕابردوو لە کۆڵ ئێستا نابێتەوە، هاونشینی ئێستایە، ئامادەیە.

سەرچاوە و پەراوێزەکان


1. پل ریکور، تاریخ و هرمونتیک، ترجمه مهدی فیضی، چ2، تهران، نشر مرکز، 1400.
2. راینهارت کوزلک، تاریخ مفهومی بنیانهای نوین نظریه تاریخ، چ1، تهران، فرهامه، 1401.
3. رولان بارت، دلالت و تاریخ، ترجمه حسام نقرهچی، چ1، تهران، آگاه،1402.
4. خوزه ارتگایی گاست، تاریخ به مثابه نظام معرفی بنیانی نو برای معرفت تاریخی، ترجمه رضا وسمەگر، چ1، تهران، 1402.
5. بی. اچ. لیدل هارت، چرا از تاریخ درس نمیگیریم؟ تاریخ، راهنمای حقیقت و هنر زندگی جمعی، ترجمه شهابالدین عباسی، چ1، تهران، مان کتاب، 1402.
6. عبدالله عروی، مفهوم تاریخ واژهها و روشها، ترجمه سید محمد آل مهدی، چ1، تهران، اختران، 1400.
7. رضا داوری اردکانی، بلای بیتاریخی و جهان بیآینده، چ1، تهران، نقد فرهنگ، 1402.
8. رابین جورج کالینگوود، مفهوم کلی تاریخ، ترجمه علی اکبر مهدیان، چ2، تهران، کتاب آمه، 1389.
9. کارل یاسپرس، آغاز و انجام تاریخ، ترجمه محمد حسن لطفی، چ2، تهران، خوارزمی، 1373.
10. پیتر خیل، استفاده و سوءاستفاده از تاریخ، ترجمه حسن کامشاد، چ2، تهران، فرهنگ جاوید، 1400.
11. بابک احمدی، رسالەی تاریخ جستاری در هرمنوتیک تاریخ، چ2، تهران، نشر مرکز، 1387.

12.فريدريش نيچه، سودمندی و ناسودمندی تاريخ برای زندگی، ترجمه عباس کاشف و ابوتراب سهراب، چ5، تهران، فرزان روز، 1391.
13.جف تيمينز و ديگران، آموزش و يادگيری تاريخ، ترجمه محمد غفوری، چ1، تهران، سمت، 1398.

# ئاوێتەیی هونەر لەگەڵ ئایین و سیاسەت لە عێراقدا خەتخۆشیی عەرەبی-ئیسلامی

هەڵگورد ئەحمەد بارام

وەک هونەرمەند و ناوبەناو نووسەری بابەتە هونەرییەکان، زمان پانتاییەکی بەرفراوانی لە بیرکردنەوە و پراکتیکە هونەرییەکەمدا داگیر کردووە. گرنگیدانم بە زمان هەر بە پرسەکانی زمانەوانییەوە ناوەستێت، بەڵکو پەل دەکێشێت بەرەو ماناکانی ناو رەهەندە فۆرمییەکەی زمان–نووسراو، بەو مانایەی کەسێک لە رووی بینینەوە نەک خوێندنەوە، مامەڵەیەکی وێنەیی لەگەڵ ئەم کەرەستەدا دەکات. بەلای منەوە، هونەر ئامڕازێکی کاریگەرە بۆ وروژاندنی پرسەکان و نووسینیش دەربارەی هونەر وەک ئەوەی لێرەدا هەیە، پێویستی خۆی دەسەلمێنێت وەک تەواوکەرێکی پراکتیکە هونەرییەکە.

هەر لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەشە کەم تا زۆر نووسین وەک هاوەڵی کارە هونەرییەکان بەپێویست دەزانم. ئەم بابەتەیش، پێویستە وەک تەواوکەری دوو کاری هونەری خۆم ببینرێت (لە وێنەی ١، وێنەی٢ بڕوانە) کە لە دوا پێشەنگای خۆمدا لەژێر ناونیشانی (کاتەلیست)[١] خرابوونە بەرچاوی وەرگر. بەتایبەت لە

ڕێی ئەم دوو کارەوە وێڵی تەقاندنەوە و خستنەڕووی ئەو مانا کولتوری و سیاسییانە بووم کە ترنجێنرابوونە ناو فۆرمە وێنەییەکەی خەتخۆشی عەرەبی.

لێرەدا دەبێت خوێنەر ئاگاداری ئەوە بێت کە خەتخۆشی ئیسلامی، دەستنووسی ئیسلام، تێکستی ئیسلامی و تێکستی عەرەبی لەو بەستێنانەی من بەکارم هێناون دوور و نزیک هەموویان بەیەک مانا دێن. زیاتر لەوەیش، زۆر گرنگە بڵێم ئەم نووسینە تەواوی هونەرەکانی شارستانێتی ئیسلام ناهێنێتە ژێر لێکۆڵینەوەوە، بەڵکو تەنها کار لەسەر هونەری خەتخۆشی ئیسلامی دەکات کە وەک هونەرێکی باڵا لەسەرووی هەموو هونەرە جوانەکانی هونەری ئەم شارستانێتە دانراوە و وەک هونەرێکی ئیلاهی هەژمارکراوە. لە ڕێی ئەم بابەتەوە هەوڵ دەدرێت وەڵامێکی رەخنەیی ئەو هەوڵانە بدرێتەوە کە ئەلفوبێ و زمانی عەرەبی دەکەنە بنەمای ئایینی ئیسلام و هونەری خەتخۆشی.

سەرباری ئەوەی بەتەواوی ئاگامان لەوەیە ئەم هونەرە کۆمەڵێک مانای ئایینی و گەردوونی هەیە، بەڵام بەپێی ئەو بەستێنەی ئەم هونەرەی لێوە دەردەکەوێت و ئەو وەرگرەی لێی دەڕوانێت یاخود دەیخوێنێتەوە، چاوەڕوان دەکرێت مانای جودایش بگەیەنێت. هەر بۆیە ئەم نووسینەی من بە زۆری کار لەسەر ئەم هونەرە ئیسلامییە دەکات لە بەستێنێکی دیاریکراودا کە ئەویش جوگرافیای عێراقە. لەم جوگرافیایەدا ناتوانرێت ئەم سکریپتە عەرەبییە تەنها لە بڕیارە ئیستاتیکی و زمانەوانییەکاندا کورتبکرێنەوە، بەڵکو لە بارودۆخی تایبەت و دیاریکراودا، فۆرمی سکریپتەکان سنورەکانی ئیستاتیکا و زمانەوانی تێدەپەڕێنن و دزە دەکەنە ناو سنورەکانی شوناس و سیاسەت و کەلتوور.

ناونیشانی ئەم بابەتەش لەم تێگەیشتنەوە هاتووە، ئەم هونەرە و ئایین و سیاسەت لە عێراقدا زۆر ئاوێتەن (کە دواتر درێژەی پێدەدەین). من وەک هونەرمەندێکی عێراقی نا-عەرەب لەڕێی ئەزموونی هونەرییەوە تێبینی ئەوەم کردووە ئەو مانایانەی لەناو قەوارە فیزیاییەکەی زماندا خۆی مەڵاس داوە، گرنگی و بەهاکەیان بۆ هونەرمەند هیچی کەمتر نییە لەو مانا زمانەوانییانەی بۆ زمانەوانەکان بەهادارن. هەر بۆیە وەک راوکەری ئەو مانایانەی چاوەڕوان دەکرێت لە فۆرمی زمانی نووسراودا هەڵهێنجرێن، بەمەبەست مشتومڕاویترین

تێکستم هێناوەتە ناو گەلەرییەکانەوە تا بزانم چ دیسکۆرس و مانایەکی لێدەکەوێتەوە.

پێش ئەوەی بێمە سەر مانا سیاسی و کەلتوورییەکانی تێکستی ئیسلامی، پێویستە لەسەر چییەتی ئەم هونەرە و چۆنێتی سەرهەڵدانی و پەیوەندی لەگەڵ کایەکانی تردا روونکردنەوەیەک بدەم، بەتایبەت هونەر. لەپێناوی چنگ-گیرکردن لە کرۆکی بابەتەکە، باشترە لە پێناسەی ئەم هونەرەوە دەست پێبکەین. رەگ و ریشەی وشەی خەتخۆشی دەگەڕێتەوە بۆ "سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە لە کەلیگراڤیا (kalligraphia)ی، گریکییەوە هاتووە، خەتخۆشیش ئەو کەسەیە بە جوانی بنووسێت، کالۆس (kallos) بەمانای جوان دێت و گرافین (graphein)یش، بەمانای نووسین دێت[٢].

## دەربارەی خۆشنووسیی ئیسلامی

بە تێگەیشتنێکی مۆدێرنانە، خەتخۆشی پەیوەستە بە هونەری خستنەوەی فۆرمی هێما و نیشانەکان، بە شێوەیەک رەچاوی گوزارشت و هارمۆنیبوون و شارەزایی تێدا بکرێت."(رزوان بەگ، ٢٠١٦)[٣] خەتخۆشی ئیسلامیش یەکێکە لە وردترین و دەقیقترین خەتەکانی جیهان و بریتییە لە گوزارشتێکی بینەیی قووڵترین پێزانین و رێز بۆ جیهانی خواهانە. خەتخۆشی لە "عەرەبیدا بە خەتی ئیسلامی ناو دەبرێت، بە مانای هێڵ یان دیزاین یاخود پێکهێنانی ئیسلامییانە دێت[٤]. یەکێک لە پێناسەکان بۆ ئەم هونەرە ئەوەیە "خەتخۆشی ئیسلامی بریتییەلە پارچەیەک نووسینی جوان کە تێکستی عەرەبی وەک بنەما لەو نووسینەدا بەکارهێنرابێت، هەر بۆیە، زۆرجار خەتخۆشی ئیسلامی بە خەتخۆشی عەرەبی ناودەبرێت[٥].


لکاندنی ناوی عەرەبی بەم هونەرەوە تەنها لەسەر بنەمای ئەو حەقیقەتە نییە ئەلفوبێی عەرەبی تێدا بنەمایە، بەڵکو خودی هونەرەکە لە جوگرافیایەکی عەرەبییەوە هاتووەتەدەر. مێژوو و جوگرافیای سەرهەڵدانی ئەم هونەرە لە ماڵپەڕی ئیجیپتودەی بەم شێوە پشتراست کراوەتەوە "لە سەدەی یەکی مێژووی ئیسلامدا، هونەری خەتخۆشی سەری هەڵدا. یەکەم دەستنووس لە هەرێمی حیجازی سەربە دوورگەی عەرەبی دەردەکەوێت، زۆر رێی تێدەچێت شاری مەدینەی ئەمڕۆ بووبێت[٦].

ئەم هونەرە بە توندی پەیوەست کراوە بە بیری ئیسلام و عەرەببوونەوە و بە بەرزترین و پیرۆزترین هونەری کەلتووری ئیسلامی دادەنرێت. تیتس بۆکهار (Titus Burckhardt) کە نووسەری بەپێزترین پەرتوکە سەبارەت بە هونەری ئیسلامی دەڵێت: 'هونەری نووسینی عەرەبی بە بەراورد بە هەموو لقەکانی هونەرە جوانەکانی تری ئیسلام، ئەم هونەرە لەهەموویان عەرەبیترە. دەگەڕێتەوە بۆ تەواوی جیهانی ئیسلامی، هەمیشەش بە باڵاترین هونەرەکانی سەربە و جیهانە دانراوە، لەبەر ئەوەی رەهەندێکی بینەیی دەبەخشێتە وشە پیرۆزەکانی قورئان[٧].
سەیید حوسەین نەسر، پرۆفیسۆر لە زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی سەبارەت بەم هونەرە و زمانی عەرەبی دەڵێت: "خەتخۆشیی ئیسلامی بریتییەلە بە بەرجەستەکردنێکی بینەیی ئەو حەقیقەتە روحییە بلورییانەی (الحق) کە لەناو وەحیە ئیسلامییەکەدا هەن. ئەم خەتخۆشییە بەرگێکی دەرەکی دەبەخشێتە وشەی خودا[٨].

ئەو زیاتر لەوەش دەڕوات و زمانی عەرەبی کە کەرەستەی سەرەکی ئەم هونەرەیە بە پیرۆز دادەنێت و تەنانەت وەک بنەمای ئایینی ئیسلام هەژماری بۆ دەکات و هونەری خەتخۆشی ئیسلامی لا پیرۆزە و لە لووتکەی هونەرە ئیسلامییەکانی دادەنێت[٩].

## خەتخۆشی و پیرۆزکردن

لێرەدا، سەرباری ئەوەی زۆر ئاگامان لەوەیە لەم هونەرەدا لەپاڵ ئەلفوبێی عەرەبی، ئەلفوبێی نەتەوەکانی تریش بەکاردێت، هاوشان لە پاڵ گوزارشتی ئایینی گوزارشتی نا-ئایینیشی پێ بەرجەستە دەکرێت، بەڵام خەتخۆشی بەپێی پێوەرەکانی ئایینی-ئیسلام بەندە لەسەر بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبی و بەرجەستەکردنی ناوەڕۆکی قورئان. بە بڕوای من لەپشت بە بنەماکردنی ئەلفوبێی عەرەبی و پیرۆزکردن و بەرزڕاگرتنی ئەم هونەرەوە و پەیوەستکردنی بە بیری ئایینەوە، هەر لە سەرەتاوە هونەرەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەر لەبەر وەڵامدانەوە و وروژاندنی ئەم خاڵەشە لە هونەرەکەمدا رەنگم پێداوەتەوە.


تیتس بۆکهارت (١٩٠٨-١٩٨٤)

تا رادەیەک لەناو کەلتووری ڤیژەوەڵی زۆربەی نەتەوەکاندا هونەری خەتخۆشی هەیە. بۆ نموونە: نەتەوەیەکی وەک نەتەوەی چین ئەم هونەرەی گەیاندووەتە ترۆپک، بەڵام نە چینییەکان و نە نەتەوەکانی تر وەک نەتەوەی عەرەب کاری لەسەر بەپیرۆزکردن و ئاسمانیکردنی ئەم هونەرە نەکردووە. مەبەست چییە لەم هەوڵە ئایینییە؟ بۆ خەتخۆشی و دانانی ئەم هونەرە لەگەڵ ئایین وەک دوانەیەکی لەیەک دانەبڕاو؟ دەبێت لە سەرەتاوە ئەوە بزانین کە هیچ لۆژیکێک لە نێوان هونەری خەتخۆشی و زمانی عەرەبی و ئایینی ئیسلام نییە! گەورە فەیلەسوفی ئێرانی، عەبدولکەریم سروش لە رووی فەلسەفی و سیۆلۆژییەوە لە کتێبەکەیدا بە ناوی (بەرفراوانکردنی ئەزموونی پێغەمبەرانە، ٢٠٠٩)، بەدوورودرێژی لەسەر رێکەوتبوون (ئاکسیدێنتەڵ) و پیرۆزبوونی زمانی عەرەبی دواوە و بە کورتی دەڵێت: "رێکەوتی یەکەم لە دروستبوونی ئیسلامدا زمانی عەرەبییە کە ئەکرا زمانێکی تر لەجێی بووایە. رێکەوتی دووەمیش کەلتووری عەرەبییە." (سروش، ٢٠٠٩: ٦٣) [١٠].

سروش کە بیرمەندێکی ئیسلامیی ریمفۆرمخوازی ئێرانییە. لە پەرتوکەکەیدا بەڵگەی پێویستی بۆ ئەم تێگەیشتنەی هێناوەتەوە و دەڵێت: "تەواو دڵنیام تێگەیشتنی من بەرامبەر رێکەوتبوون و هاتنەوەی زمان لە هەموو ئایینەکاندا یەکلایی بووەتەوە و لەبارێکدان ناتوانرێت پاساویان بۆ بهێنرێتەوە [١١]. بە بڕوای من هەر ریفۆرمێکیش لە ئایینی ئیسلامدا بکرێت، کۆتاییەکەی بە تەنگەتاوکردنی کەلتوور و بیروباوەڕی عەرەبەکان کۆتایی دێت. روونە کاتێک ئیسلام دەردەکەوێت، تاقە کەرەستەیەکی کەلتووری بەردەستی ڤیژوەڵ کە بتوانێت نوێنەری عەرەببوون بکات و ئایینەکە وەک بەرهەمێکی شارستانی و بیری

عەرەبی مانیفێست بکات، زمانی عەرەبی و ئەدەبەکەی بوو. دەشبوو ئەو کەرەستە مۆرکی عەرەببوونی پێوە دیاربێت تا لە رێی هاوپێچکردنی ئایینەکە لەگەڵی ئەگەری تەشەنەپێکردنی بیری عەرەبێتیش برەخسێت، هەڵبەت لەرێی دانانی هالەیەکی پرۆز بەسەر سەری کەرەستەکەوە (پیتی عەرەبی).

## خەتخۆشی و زالکردنی کەلتوورێک

کەواتە لەبنەمادا لەپاڵ یەکدانانی تێکست لەگەڵ جیهانی خواهانە، هەوڵێکی سیاسی و کەلتووریی مرۆڤکردە لەپێناو تەشەنەپێکردن و بڵاوکردنەوەی کەرەستە کەلتوورییەکانی عەرەب لەبەرگێکی ئایینیدا. "بەکارهێنانی پیتەکانی عەرەبی لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرن کە رەنگدانەوەی مێژوو، کەلتوور و شوناسن"(١٢). راستە خەتخۆشە موسڵمانە نا-عەرەبەکان بەئەلفوبێی زمانی خۆیان ئەم هونەرە پراکتیزە دەکەن، لە نموونەیان خەتاتەکانی وڵاتانی وەک ئێران، تورکیا، ئەندۆنیزیا، بەنگلادیش و مالیزیا و ...هتد. بەڵام هیچ خەتاتێکی ئیسلامی نییە، تەنانەت ئەگەر عەرەبیش نەبێت، بە ئەلفوبێی عەرەبی گوزارشتە ئایینییەکان و ناوەکانی ئەڵا و ناوی موحەمەدی نەنووسیبێت، چونکە مەرجی چوونەژێر خانەی هونەری خەتخۆشی ئیسلامی، وەک لە سەرەوە روون کراوەتەوە، دەبێت ئەو خەتاتە یەکەم: ئەلفوبێی عەرەبی بەکاربێنێت، دووەم: وشەکانی خودای پێ بەرجەستە بکات.

"پەیوەندی نێوان خۆشنووسی و ئایین تا رادەیەک روونە. بەپێی ئەو پەیمانەی لە فەرموودەدا هاتووە، نووسینەوەی قورئان بە کردەیەکی ئایینی دادەنرێت. لە فەرموودەیەکدا هاتووە ئەو کەسەی بەجوانی بیسمیلا بنووسێت، دەچێتە بەهەشت"(١٣).




Figure 1, Halgurd A. Baram (Iraqi Kurdish Artist, 1983), Iraqi Flag, Esta Gallery 2018, Contemporary Artwork, Artists Collection, Photograph by Sangar Abdulah.

تێبینی بکە، ئایین چەند ورد و دەقیق کراوەتە بزوێنەرێک بۆ بەرهەمهێنانی هونەرێک لە سوودی شارستانێتی عەرەبی، بە شێوەیەک پێشەوای ئەم ئایینە، گفتی چوونە بەهەشت دەداتە هەر کەسێک ئەو دەستەواژە بەو زمانە بنووسێت. بۆیە هەر کەسێک لەهەر نەتەوەیەک و لە هەر شوێنێک ئەم هونەرە بەرهەمی بێنێت، بە بەرژەوندی کەلتووری عەرەبی کۆتایی دێت، چونکە زمان چ لە فۆرمی نووسیندا بێت یان ئاخافتن، هەڵگری شوناسی نەتەوەییە.

زمانەوانی کوردی جەعفەر شێخهولئیسلامی پرۆفیسۆر لە زانکۆی کارلیتۆن دەڵێت: "لەناو پێکهێنەرەکانی شوناسی نەتەوەییدا، زمان لەهەموویان گرنگترە(١٤)."

زمان دەتوانێت نوێنەرایەتی شوناسی نەتەوەیی بکات، گوزارشت لە پێگەی کەلتووری و سیاسی بکات. بەتایبەت لەنێو ئەو نەتەوانەی خولیای ساغکردنەوەی شوناسی خۆیان هەیە. نەتەوەی عەرەب یەکێکە لەو نەتەوە زلهێزانەی کە ویستی رەنگپێدانەوەی فەرهەنگ و کەلتوور و دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەتەوەکانی تردا هەیە و لەم هەوڵەشدا یەکێکە لە سەرکەوتووترین نەتەوەکان. بەشێک لەم سەرکەوتنەش لەو رۆڵەوە بوو کە سپاردوویەتی بە هونەری خەتخۆشی! نووسینی عەرەبی بەزۆر-پیرۆزکراو وەک رووکارێک لە رێیەوە عەرەبیزمی تێدا دەبینرێت. دەکرێت بڵێم یەکەم کەس لەمێژوودا درکی ئەم خاڵەی کردبێت و

هەڵوێستی جدی وەرگرتبێت، کەمال ئەتاتورکە (١٨٨١–١٩٣٨). "دوای کەوتنی ئیمپراتۆری عوسمانی، کەمال ئەتاتورکی باوکی تورکیای مۆدێرن لە ساڵی ١٩٢٨دا، دەستنووسی عەرەبی کوێرکردەوە. وتی دەبێت خۆمان رزگار بکەین لەو هێما و نیشانە ناڕوونانەی ساڵەهایە مێشکی داگیر کردووین. ئەم ریفۆرمەی لەسەر ئاستی دەستنووسەکان کرا، بۆ ئێوارەکەی کرابە یاسا، بینای سەرەکی ئەنقەرە رووناکی خستە سەر ئەلفوبێیەکی نوێ بۆ تورکەکان[١٥].



جەعفەر شێخولئیسلامی

لە هەوڵێکی نوێی تردا، لە ساڵی ١٩٣٢. لە رێی بزوتنەوەیەکی زمانەوانی توندەوە، ئەتاتورک ئاراستەی ریفۆرمێکی مەعریفی دیاری کرد لەپێناو 'پوختەکردنی' زمانی تورکی لە وشەی عەرەبی و فارسی و دەستەواژەکانیان لەپێناو بنیادنانی "تورکیایەکی نوێ"[١٦]. ئەتاتورک دەیزانی بەپراکتیزەکردنی ئەم هونەرە هەتا ئەگەر عەرەبیش نەبێت، زمانی تورکی روو لە کوێربوونەوە دەکات و بەبەرژەوەندی کەلتووری عەرەبی کۆتایی دێت. کەواتە کاتێک خەتخۆشی عەرەبی لە کارەکانی مندا دەردەکەوێت، بەو مانایە نایەت کە من ئەو هونەرە خواهانە پیرۆزەم نیشانداوە کە پلەی یەکەمی هەیە لەناو پلەبەندیی هونەرە جوانەکانی ئایینی ئیسلام، بەڵکو خەتخۆشی عەرەبی لای من لەژێر پرسیاردایە و داماڵراوە تا ئەو رادەی مانا راستەقینەکانی خۆیان بەیان دەکەن، کە بریتیین لە مانای نا-هونەری. کەواتە هونەرەکەم پەردە لەسەر مانا شاراوەکانی خەتخۆشی یان تێکستی ئیسلامی لادەبات، بەتایبەت لەناو کایەی سیاسیی عێراق و هەرێمی کوردستان و هاوشان دیاریکردنی لێکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.





Figure 2, Halgurd A. Baram (Iraqi Kurdish 1983), Militarizing God Word, Esta Gallery 2018, Contemporary text-based animated artwork. Photograph by Sangar Abdulah.

**ئەزموونی کورد**

ئەزموونی کورد لەگەڵ ئەم هونەرەی کە گوایە بەرجەستەکەری وشە کریستاڵییەکانی خودایە، ئەزموونێکی تاڵە و ئەرێنی نییە. دەستەواژە ئایینییە ئیسلامییەکانیش هەمیشە وەک کەرەستەیەکی سیاسی و مەترسیدار بەرەو کوێرکردنەوەی ناو و ناونیشان و زمان و شوناسی کورد ئاڕاستە کراون. کوردی عێراق، زیاتر بەر کاریگەرییە نەرێنیەکانی تێکستی ئیسلامی کەوتووە وەک لەوەی وەک سەرچاوەیەک بن بۆ وەرگرتنی چێژی ئیستاتیکی و رۆحی.

لە دیارترین کارەساتەکان کە بەهۆی سوودوەرگرتن لەو دەربڕینە ئایینییانەوە بەسەر کوردا هاتبێت، ئەو شاڵاوە سەربازییە بوو کە لەژێر ناو و کۆنسێپتی وشەی (ئەنفال)، عێراقییە عەرەبەکان بەرامبەر قەڵاچۆکردنی کورد گرتیانەبەر. "ئەنفال بەمانای پاشماوەکانی جەنگ دێت. ئەم وشە ناونیشانی بەندی هەشتی قورئانە. لەو بەندەدا داوا لە موحەمەد پێغەمبەر و شوێنکەوتووەکانی دەکات کە بجەنگن لەدژی بێ-باوەڕەکان، تا سەرکەوتنی یەکجارەکی"[١٧].

سەرباری ئەوەی کوردەکانی عێراق پەیڕەوی ئایینی ئیسلامیان دەکرد، بەڵام لەو کاتەدا سیاسییەکانی عێراق حوکمی بێ-باوەڕیان دا بەسەر کوردەکاندا. "هێزی سەربازی عێراقی ناوی ئەنفالیان لە ساڵی ١٩٨٨ هەڵگرتەوە بۆ دەستپێکردنی شاڵاوێکی جینۆسایدی دژی کوردەکانی باکوری عێراق. بەو شێوازە، حوکمەتی عێراق کوردەکانیان لەگەڵ نا-موسڵمانەکان/بێ-باوەڕەکان هاوتا کردەوە و هەوڵی

شەرعییەتپێدانی ئەو شاڵاوە لە دیگایەکی ئیسلامییەوە درا[١٨]. "دوای تەواوبوونی ئەم پرۆسەیە، "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئەوەی راگەیاند ١٨٢،٠٠٠ هاوڵاتی کورد کوژراون [١٩].

ئەمە تەنها یەک شاڵاوی سەربازییە کە بەسودوەرگرتن لە تێکستی ئیسلامی کراوە. ئەم جۆرە بەکارهێنانە سیاسییەی تێکستی ئایینی تا ئەمڕۆش لە فۆرمی جیاجیادا درێژەی هەیە، من لە ڕێی هەر دوو کاری-هونەری ئاڵای عێراق (بڕوانە لە وێنەی ١)، و بەجەنگیکردنی وشەکانی خودا (بڕوانە لە وێنەی ٢)،  لە ڕێگای بینینەوە سەرنجی بینەرم بۆ ئەم باسە راکێشاوە و ئێستا لە ڕێی راڤەکردنی مانای ئەم کارانەوە دەخوازم درێژە بەم بابەتە بدەم.

**ئایین و تێکست.. جوڵاندنی سۆز**

کاری یەکەم (بڕوانە وێنەی ١) دەقاودەق بریتییەلە ئاڵای عێراق و کەرەستەی کارەکە بریتییەلە بەرمیلێکی فلاتکراوی نەوت وەک ئاماژەیەک بۆ عێراق بەکارم هێناوە وەک وڵاتێکی نەوت. پێوانەی کارەکە (٨٨ سم X ١٦٢ سم)ە. ئەمە ئاڵای عێراقێکی نوێیە، کە دەکاتە عێراقی دوای رژێمی سەدام. ئەم کارە لەلایەک پەیوەندی بە پرسی نەوتەوە هەیە. لەلایەکی تر، پرسی سیاسی و ئایینی. لێرەدا پرسی نەوت وەلا دەنێین و درێژە دەدەین بەو پرسەی لە ڕێی تێکستەوە دەمانگلێنێتە پرسی سیاسەت و ئایین. ئاڵا یەکێکە لەو کەرەستانەی لە رووی سمبولییەوە هەر رەگەزێکی سەری (وەک تێکست و رەنگ و سمبول و هێڵ) بەهاو مانای قووڵی خۆیان هەیە.

لێرەدا تەنها تێکست وەردەگرین لە دەستەواژەی (الله اكبر)، وەک رەگەزێکی سەرەکی سەر ئاڵای عێراق دەکۆڵینەوە. بیرۆکەی هێنان و جێگیرکردنی ئەم تێکستە لە چرکەساتێکی مێژوویی دیاریکراودا سەرەداوی باش لە خزمەتکردنی بابەتەکەمان دەخەنەڕوو. سەدام لە ١٦ی حەوتی ١٩٧٩ تا نۆی چواری ٢٠٠٣ سەرۆکی عێراق بوو. ئێمە دەزانین کاتێک حیزبەکەی سەدام لە ساڵی ١٩٦٣وە دێتە سەر کورسی حوکمی عێراق، ئاڵای وڵات ئەم تێکستە ئیسلامییەی لەسەر نەبوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٩١ گۆڕانکارییەک لەو ئاڵایەدا دەکرێت، ئەویش هێنانی تێکستی (الله اكبر)ە، بۆ ناوەڕاستی ئاڵاکە.

سالی ١٩٩١ خاڵی وەچەرخانی بیرکردنەوە و سیاسەتی سەدام بوو بەرامبەر ئەمەریکا. سەدام بەر لەو بەروارە بە هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنرا، رەنگە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەم هاوپەیمانییە، دید و بۆچوونیان بووبێت بەرامبەر بە ئێران وەک دوژمنێکی هاوبەش بۆ هەردوو وڵاتەکە. کاتێک سەدام ئەم پاڵپشتییەی نامێنێت و ئەمەریکا پشتی تێدەکات، دەبێت جێگرەوەیەکی خێرا بدۆزێتەوە بۆ وەستان دژی ئەو دوژمنە نوێیەی وا دەردەکەوێت زاڵبوون بەسەریدا ئەستەم بێت. سەدام دەیزانی کۆمەڵگەیەکی لەبەردەستدایە عاتیفەیەکی قووڵیان بۆ ئایینی ئیسلام هەیە، هەر بۆیە دەکرێت بەگۆڕانکارییەکی کەم کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ئەو گۆمەڵگایە دابنێت.

کورترین و خێراترین چارەسەر ئەوە بوو لەوەودوا وەک پیاوی خودا خۆی نیشان بدات و بەرگێکی ئیسلامی بپۆشێت. جیمس پیسکاتۆری سەبارەت بە بڕوای سەدام پێش جەنگی ساڵی ١٩٩١ی ئەمریکا و عێراق دەڵێت: "سەدام قەت ئەو هێزەی پێ باش نەبووە کە ئایین لە دەماغ و بوونیادی مرۆڤدا دروستی دەکات. بەڵام لە لێواری جەنگێکدا کە خەریکە رووبدات، فەرماندە باڵاکانی کۆکردەوە تا رووله خودا بکەن وەک ئەندازیاری جەنگێک کە خەریکە هەڵدەگیرسێت[٢٠]".

سەدام پێشتر کۆمەڵێک هەوڵی سەرکەوتوانەی لە رێی سودوەرگرتن لە فەرهەنگی ئیسلامییەوە تاقیکردبووەوە و تێیاندا سەرکەوت بوو. ئەم جارەیان ویستی سەرلەبەری عێراق بە فیتەری ئیسلامیدا تێبپەڕێنێت و بەم هەوڵەش پاڵپشتی دەوڵەتە عەرەبە ئیسلامییەکانی تریش دژی دوژمنە نوێیەکانی بەدەست بهێنێت. بۆ دووپاتکردنەوە و مانیفێستکردنی ئەم باوەڕە لە ناکاوەی هەندێک ماتریاڵی ئیسلامی لە هەندێک شوێنی هەستیارەوە زەقکردوە، لە گرنگترنیان ئەم تێکستەی سەر ئاڵای عێراقە، تێدا دووپاتی دەکاتەوە کە خودا مەزنترینە و من لەژێر فەرمانی ئەودا کارەکانم رێک دەخەم. سەرباری ئەوەی جەنگ بەدڵی سەدام کۆتایی نەهات و شکستی هێنا، بەڵام لێرە و لەوێ وەک ئایکۆنێکی ئایینی خاوەن ئیرادە هەڵدەسەنگێندرا.

"لە سەروبەندی قەیرانی گۆڵفی ٩١-١٩٩٠، سەدام حوسێن بەمتمانەوە پەیمانی سەرکەوتنی دژی هێزە داگیرکارییەکانی رۆژئاوای دا، بەڵام لەبەر دەستکەوتێکی و سەیر و چاوەڕواننەکراوی تر لەبیر نەکرا. ئەو رژێم و وڵاتەکەی تا کەناری

وێرانکارییەکانی یەکجارەکی هێنا، کەچی هێشتا، ملیۆنەها موسڵمان لە سەرتاسەری جیهاندا وەک پەرچەکردارێک دژی حوکمەتەکانی خۆیان، وەک پاڵەوانێکی موسڵمان ستایشی سەدامیان دەکرد[٢١]." سەرنج بدە، راهێنراوی کۆمەڵگا ئیسلامییەکان چەند رێگە خۆشکەرە بۆ بەلارێبردنی تاک. ئەوەی جێی سەرنجە دوای لەناوچوونی هەژموونی سەدام و رژێمەکەیشی، دەستنووسی سەر ئالاکە بەپێویست زانرا بهێڵرێتەوە بۆ هەمان کۆمەڵگە.

شیعەکانی عێراق کە سالانێکی زۆر ژێردەستەی رژێمی سەدام بوون و خەونی گرتنە دەستی دەسەلاتیان هەبوو، ئێستا عێراق لەژێر دەسەلاتی خۆیاندایە و لێیان چاوەڕێ دەکرێت گۆڕانکاریی بنەچەیی لە عێراقدا بکەن. بەر لە هەر شتێک، چاوەڕوان دەکرا ئالاکەی سەدام بگۆڕن، بەتایبەت ئەو دەستنووسە ئیسلامییەی کە سەدام وەک مەرامێکی سیاسی دایانبوو. لەعێراقدا تەنها نەتەوەی عەرەب ناژی، بەڵکو نەتەوەکانی وەک کورد و ئاشور و کلدانیش دەژین. زیاتر لەوەش لەعێراقدا تەنها ئایینی ئیسلام پەیڕەو ناکرێت، بەڵکو ئایینی مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی و زەردەشتیەکانیش. هەر بۆیە کاتێک ئالایەک بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق دیزاین دەکرێت، دەبێت هەموو نەتەوە و بیروباوەڕ و ئایینەکان رەچاوبکرێت.

دەستەواژەی (ئەڵاهو ئەکبەر)، وەک دەستەواژەیەکی ئیسلامییانە و بە ئەلفوبێی عەرەبی، یەکێکە لەو دەستەواژانەی هەر لە سەرەتاوە خۆسەپێنە و شوناسێکی ئیسلامی دەدا بەسەر تەواوی ئایینەکانی تردا، و پیتەکانیش گوزارشت لە کلتور و شوناسی عەرەب دەکەن.

سەیر لەوەدا بوو، ئەم دەستنووسە لە شوێنی خۆی هێڵرایەوە، بەڵام ئەم جارەیان بە خەتی کوفی، وەک لە کارە هونەرییەکەمدا دیارە. تەنها گۆڕانکارییەکی بەرچاو لەو ئالایەدا سڕینەوەی سێ ئەستێرە سەوزەکەی نێوان دەستەواژەکان بوو کە وەک ئاماژە بوون بۆ دروشمە سێ وشەییەکەی حزبی بەعس "ئازادی و یەکگرتوویی و سۆشیالیزم"[٢٢].

ئاشکرایە سەدام سوننی مەزهەب بوو، هەروەها عێراقی نوێش چووە ژێر رکێفی عەرەبە شیعە مەزهەبەکانەوە. روونە، دواهەمین گۆڕانکاریی لەم ئالایەشدا لە ژێر چاودێری شیعەکاندا کرا. گۆڕینی ئەم دەستەواژە ئیسلامییە لە دەستخەتی سەدامەوە بۆ خەتی کوفی لەم چرکەساتەدا کە شیعەکان حوکمڕانی عێراق دەکەن


بۆم ڕێکەوت نییە و کردەیەکی بیرلێکراوەیە. بۆ تێگەیشتن لەم کردەیەش، هەر ئەوەندە بەسە کەمێک بچینە ناو مێژووی سەرهەڵدانی تێکستەکە و پەیوەندی لەگەڵ بیری شیعەگەریدا دەستنیشان بکەین. خەتی "کوفی لە شاری کوفە لە دەیەی دووەمی ئیسلامدا دادەهێنرێت [٢٣]. خەتی کوفی، بەپێی ناوەکەی بێت لە ناوی شاری کوفەی عێراقەوە وەرگیراوە و ئەم خەتەش بەتەواوی جیهانی ئیسلامیدا بڵاوبووەتەوە[٢٤].

هێشتنەوەی تێکستەکە لەلایەن عەرەبە شیعەکانەوە چاوەڕوانکراو بوو، چونکە لە بنەمادا جەخت لەسەر عەرەب بوون دەکاتەوە، بەڵام دەبوو بگۆڕدرێت بۆ جۆرە دەستخەتێکی تر کە مانیفێستی دەسەڵاتی شیعە بکات لە عێراقدا "کوفە یەکێکە لەو پێنج شارە عێراقییەی گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە بۆ موسڵمانی شیعە[٢٥]. لەو کاتەی ئیمامی عەلی دەچێتە کوفە لە ٦٥٦، تەنانەت زووتریش، ئەم شارە دەبێتە سەنتەری سەرەکی بزاڤ و خولیا و ئاواتەکانی شیعە. لە دەوروبەر و ناوەوەی کوفەدا چەندین ڕووداوی وا ڕوویدا بە شێوەیەک سەرەتای مێژوویەکیان بۆ موسڵمانە شیعەکان دروستکرد[٢٦].

تێبینی دەکرێت، ئەم هونەرە چەند هەستیارانە و دەقیق شەڕی شوناس و خاوەندارێتی لە ئاستێکی وردتردا پێ دەکرێت. شیعە ئەو جۆرە خەتەی لابرد کە تایبەتمەندێتی سونەی پێوەبوو، و بە خەتێکی تر هەمان نووسینی دانایەوە کە ئاسەواری شیعەی پێوە دیارە و گوزارشت لەو سەرووەرییەی شیعە دەکەن کەهەیان بووە، لێرەشەوە دەڵێن گەیشتینەوە هەمان سەرووەری. ئەمە ئەگەر بە ئەستەم ڕاستیی تێدابێت، ئەوا بێئەندازە گرنگە لە جیهانی سیاسەت و کەلتووردا. ئەگەر لە وڵاتێکی وەک عێراق پرسەکانی زمان تەنها لەناو پرسەکانی زمانەوانیدا کورت بکرێتەوە، ئەوا هەڵەیەکی فەرهەنگییە. بۆنموونە، وادانێت کوردەکانی عێراق داوا دەکەن هەمان دەستەواژەی سەر ئەم ئاڵایە بەزمانی کوردی بنووسرێت (خودا مەزنە)، کە بەهەمان ئەو مانایەی دەستەواژە عەرەبییەکە دەیدات، ئایا هەمان مانا و لێکەوتی دەبێت؟ بێگومان نەخێر.

بەڵکو لەپاڵ مانا ئایینییەکە، مانایەکی سیاسی و کەلتووریش خۆی دەردەخات کە هەمیشە لەناو فۆرمی وێنەیی تێکستدا خۆی مەڵاس داوە و لە دەرفەتێک دەگەڕا خۆی تێدا بەیان بکات. ببینە، لێرەدا ئامادەیی زمانە کوردییەکە وەک نوێنەر

و شوناسی نەتەوەیەک مانا دەدات، هەر بۆیە هەتا عەرەب لە عێراقدا دەسەڵاتی ڕەهایان هەبێت و عەرەبوون لایان بابەت بێت شتی وا ڕوونادات.



, A photo of my artwork (Militarizing God Word), ٢ وێنەی
وێنەی ٢، فۆتۆی projected on a gallery wall.

لە عێراق و دەوروبەری، تێوەگلانی تێکست لە پرسە سیاسی و کەلتوورییەکاندا بووەتە دیاردە و زۆرێک لە سیاسییەکان بەشێوەی جیاجیا ئەم کەرەستەیان ئیستیغلال کردووە، بە شێوەیەک سیاسییە کوردەکانیشی بەدەست لێنەدراوی جێ نەهێشتووە. لە ڕێی کاری دووەمەوە (بڕوانە وێنەی ٢) بە هەناسەیەکی کەمێک جودا درێژە بەم بابەتە دەدەم. لەیەکەم بەرکەوتنی ئەم کارەدا دەتسپێرێت بە چێژی بینینی هونەری خەتخۆشی عەرەبی. بڕیارە ئەم کارەیش وەک هەر کارێکی تری هونەری خەتخۆشی ئەزموونی ڕۆحی و ئیستاتیکیت پێ ببەخشێت، بەڵام لەناکاو خۆت لەناو ڕەنگە کامۆفلاجکراوە سەربازیەکان و ئامرازەکانی جەنگ و هێما و دەستنووسە عەرەبی-ئیسلامییەکاندا دەدۆزیتەوە.

لەڕێی ئەم کارەوە ویستوومە گوزارشت لەو پێگەیە بکەم کە کوردێک چۆن لە نێوان سڵکردنەوە و چێژدا، ئەزموونی تێکستی ئیسلامی دەکات، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی هونەرییەوە کارلێک لەگەڵ ئەم هونەرە بکات، ئەوا کاتێک خۆی دەبینێتەوە بارگاوی کراوە بە بابەتە سیاسی و جەنگییەکان. ئەم کارە بریتییەلە کارێکی تێکست-بنەمایی ئەنیمەیشنی. بە پێوانەی (١٢مX٤م)، لەڕێی پرۆجێکتەری

سینەماییەوە درابوو لە دیواری گەلەرییەکە (بڕوانە وێنەی ٢). کارەکە جگە لە تێکستی ئیسلامی هیچ تێکستێکی تری تێدا بەکارنەهێنراوە. تێکستەکان مغاویریکراون و شێوەی دەبابە و ساروخ و کۆمەڵێک مەکینەی جەنگی تری پێدراوە. هەر بە رەنگ و شێوە و قەبەیی ئیشەکەدا لەیەکەم بەرکەوتندا دەزانرێت ئەم کارە ئەوەندی کارێکی جەنگییە ئەوەندە ئایینی و ئاسمانی نییە.

قەبەکردنی کارەکە بەمەبەست بوو، چونکە وەک تێبینم کردووە زۆربەی کارە سیاسییەکانی مێژووی هونەر لە پێوانەدا زۆر گەورەن، لە نموونەیان کاری گۆرنیکای پیکاسۆیە. دەکرێت قەبەکردنی کارە هونەرییە سیاسییەکان لەپێناوی بچووککردنەوەی مرۆڤ (بینەر) بێت لەبەردەم پاوەری سیاسی و سەربازی و ئایینی.

مێژوو و بیرۆکەی بەرهەمهێنانی ئەم کارە هاوکاتی بەیەکدادانی کوردەکانی عێراق بوو لەگەڵ رێکخراوی چەکداری داعش. داعش ئەو گروپەی لەکاتێکی کەمدا توانیان ژمارەیەکی بەرچاو لە جەنگاوەر لەدەوری دیدوبۆچوونە ئایینییەکەی خۆیان کۆبکەنەوە. بیر و ئایدۆلۆژی داعش بیر و ئایدۆلۆژیاکی سیستەماتیکی و تۆکمە و قوڵ نەبووە تا وابکات خەڵک بکەوێتە ژێر کاریگەرییان، لە کۆمەڵگایەکی پێشتر-ڕاهێنراو بۆ وەرگرتنی جۆرێک لە دیدی ئیسلامی، ئەوەندە بەس بوو رفرێنسی ئیسلام بکرێت و بگەیتە ئامانجەکەت.

داعش لەڕێی بیرهێنانەوەی ئەو ئایەت و فەرموودانەی باس باسی بەکافردانان و کوشتنی بەرامبەرە، توانی مەیلی زۆرێک لە جەنگاوەر بەلای خۆیدا رابکێشت، تەنانەت هەندێک جەنگاوەری کوردیش. دیسانەوە، کەرەستەی مانیفێکستکردنی ئەم بیروباوەڕە، تێکست بوو. لە گرنگترینیان ئاڵاکەیان بوو. بەهەمان شێوەی ئاڵاکەی عێراق، دەستەواژەی ئیسلامی لەسەر ئاڵای ئەم ڕێکخراوەیش هاتبوو، وەک لەیبڵێکی ئیسلامی دابوویان لە خۆیان، لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا ئەمە سادەترین تاکتیکی سواو و ساویلکانەیە، کەچی هەتا ئێستا هەر مرۆڤی پێ لەخشتە دەبرێت.

زۆری نەبرد ئەم سوپا ئیسلامییە ڕوویانکردە داگیرکردنی ناوچە کوردییەکان. ئاشکرایە کۆمەڵگەی کوردی پێشمەرگەی هەیە بۆ پاراستن و بەرگیری لە کورد، زۆرینەی ئەو پێشمەرگانەی هێشتا عەتفێکیان هەبوو بۆ ئیسلام و وەک موسڵمان خۆیان هەژمار دەکرد، گومانیان بۆ دروست بوو لەوەی ئایا دەکرێت ئێمە شەڕ

لەگەڵ کەسانێک بکەین لەژێر ناوی خودادا خۆیان ڕێکخستووە و خۆیان بە پەیڕەوکەرانی ڕێگەی ئیسلام دەزانن؟ هەر زوو، میدیا و سیاسییەکانی کورد مەلا و پیاوە ئیسلامییەکانی خۆیان هێنا، تا شەرعییەت بدەن بە شەهیدبوونی هەر پێشمەرگەیەک کە لەم جەنگەدا لەناودەچێت. ئێمە وەک کورد، سەرباری ئەوەی لەژێر ناوی ئیسلامدا زۆرترین قوربانیمان داوە، بەڵام وەک نەتەوەیەکی سەر بە جوگرافیای ئیسلامی، بۆئەوەی ڕەهەندێکی مەعنەوی بە خۆمان بدەین، پەنا بۆ هەمان فەرهەنگ و تاکتیکی ئیسلامی دەبەین. کاتێک ئەم تێکستەی کۆنسێپتی خودای دراوەتە پاڵ، لە زەمینەیەکی وادا دوو لایەن کردویانەتە سەرچاوە بۆ کوشتنی یەکتر، تێدەگەیت ئەمە جگە لە هونەری بەکارهێنانی ئەم ماتریاڵە بۆ جەنگ و سیاست، هیچ مانایەکی هونەری و ڕۆحی هەڵناگرێت.

لە کۆتاییدا، من تێکستی ئیسلامی وەک کەرەستەیەکی هونەریی ئیستیغلالکراو دەبینم، جۆرێک لە مامەڵەی سیاسی نا-هونەرییانەی لەگەڵدا دەکرێت. لە سەرەتاوە عەرەبەکان کە هەر خۆیان ئەم هونەرەیان داهێنا و خاوەندارێتی دەکەن، هەرخۆشیان ڕێگایان کردەوە بۆ تێوەگلانی ئەم هونەرە لە کایە ناهونەرییەکان. عەرەب ئەوەندەی پەرۆشی هاوپێچکردنی کەلوپەلە عەرەبییەکانی بوو (بە پلەی یەک ئەلفوبێی عەرەبی، وەک لە سەرەوە باسکراوە) لەگەڵ ئایین، ئەوەندە پەرۆشی بەگەردوونیکردنی بنەماکانی خودی ئایینەکە نەبوون، ئەمیش لەبەرئەوەی تەشەنەپێکردنی کەلتووریان پێش ئایین خستبوو.

بیرۆکەی بە بنەماکردنی ئەلفوبێی عەرەبی و پیرۆزکردنی لە ئایینی ئیسلامدا، هەر لەو تێگەیشتنەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر بۆیە لە سەرەوە کارمان لەسەر پووچەڵکردنەوەی ئەو بیرۆکەیە کرد کە دەویسترا لە ڕێی بەکارهێنانی هونەری خۆشنووسییەوە ئەم دەسکەوتە چنگ بخرێت. ئایینی ئیسلام لە هەناوی عەرەببوونەوە هاتووەتەدەر، دەشبوو عەرەب کەرەستەیەک هەڵبژێرێت بۆ مانیفێستکردنی ئەم ئایینە، عەرەبی بێت تا وەک مۆرکی عەرەببوونی ئایینەکە بیپارێزێت. ئەمە ئەو هەنگاوەیە کە ئایین دەگلێنێتە ناو ململانێ سیاسی و کەلتوورییەکان.

ئەگەر بڕیارە شەڕی فیکری و فەرهەنگی شارستانێتەکان هەبێت و کەرەستەیەکی سەربە کەلتووری ڤیژوەڵ هەبێت و توانای بەشداریکردنی لەم

شەڕەدا هەبێت، ئەوا تێکست زیاتر لەهەر کەرەستەیەک دەتوانێت بەو ئیشە بکات. هەر بۆیە عەرەب لەڕێی بارگاویکردنی تێکستەکەی بە ئایین و نیشاندانی لە فۆرمێکی هونەریدا، توانیویەتی زۆرترین دەستکەوتی کەلتووری و سیاسی پێ بەدەست بهێنێت. لێرەوە بە مانایەک لە ماناکان، چەمکی هونەر وەک هونەر لە فەرهەنگی ئیسلامدا بەشێوەیەکی پەتی بوونی نییە، بەڵکو باس باسی هونەرە لەپێناوی شتێکی تر.

لەو جێیەی دەستنووس وەک کەرەستەیەکی ئیستیغلالکراو تواناى بەجێهێنانی ئەرکێکی سیاسی یان ئایینی هەبێت، ئیدی کاری تەواو دەبێت و ئەرکە هونەری و زمانەوانییەکانی بە شتێکی لاوەکی دادەنرێت. دەکرێت پشتبەست بەهەندێک پێوەری ئیستاتیکی و ئایینی خوێندنەوەیەکی دوور لە سیاسەت بۆ دەستنووسی ئیسلامی بکرێت و بە هونەرێکی ناسک و روحی دابنرێت، بەڵام ئەمە کاتێک روودەدات پەیوەندی ئەم دەستنووسە لەگەڵ سیاسەتدا لەسەر ئەرزی واقیع لەبەرچاو نەگیرێت. دەستنووسی ئیسلامی، بەو جۆری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بە ئامرازێکی بەلارێدابەر هەژمار دەکرێت و کاریگەریی نەرێنی لەسەر کەسانێکی پێشتر-گۆشکراو بۆ ئیسلام دادەنێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان


١. 27-13 December, 2018, Esta Gallery, Sulaimani, Iraqi Kurdistan), https://www.youtube.com/watch?v=n0gqb0xCpfI&t=286s

٢. Lexico, Lexico dictionary, powered by Oxford, Aug 30, 2019.

٣. Razwan Baig, 25th June 2016, *Qur'anic History and the Role of Islam Calligraphy*, The Review of Religions, 30th Aug 2019, https://www.reviewofreligions.org/12577/quranic-history-and-the-role-of-islamic-calligraphy/

٤. Islamic Art Store, *Calligraphy Artworks*, 30th Aug 2019, https://www.islamicartstore.com/collections/calligraphy-artworks/quran-verse

٥. Moslimcalligrapy, 7th July, 2012, Islamic Calligraphy, 30th Aug 2019, http://moslemcalligraphy.blogspot.com/2012/07/definition-of-islamic-calligraphy.html

٦. Razwan Baig, 25th June 2016, *Qur'anic History and the Role of Islam Calligraphy*, The Review of Religions, 30th Aug 2019, https://www.reviewofreligions.org/12577/quranic-history-and-the-role-of-islamic-calligraphy/

٧. Burckhardt, Titus, 2009, *Art of Islam: Language and Meaning*, World Wisdom, Inc.

٨. Seyyed Hossein Nasr, 1987, *Islamic Art and Spirituality*, State University of New York Press.

٩. BYU MOA, 2012, *Dr. Seyyed Hossein Nasr-Islam: Truth and Beauty*, Accessed Dated 30 Aug, 2019

١٠. Abdulkarim Soroush, 2009, *The Expansion of Prophetic Experience*, Translated from Persian by Nilou Mobasser, Brill, Leiden Boston.

١١. American Academy of Religion, *Discussion with Abdul Karim Soroush on Revelation, Reform, and Secularism*. November 20, 2011, Accessed 1st Sep, 2019. https://www.youtube.com/watch?v=riwmwcgo6_o&t=467s

١٢. Noha A. Mohamed and Khaled T. Youssef, vol. 19, 2014, *Utilization of Arabic Calligraphy to Promote the Arabic Identity in Packaging Designs*, Helwan University, Giza, Egypt.

١٣. Hee Sook Lee-Niinioja, 2018, *Islamic Calligraphy & Muslim Identity*, Novel&Noble Communication: Helsinki. P49.

١٤. Jaffer Sheyholislami, 2010, 'Identity, Language, and New Media: The Kurdish Case,' *Language Policy*, v9, n4, p291.

١٥. Showcase, The Story of Islamic Calligraphy, 2018, Accessed 1st Sep, 2019, https://www.youtube.com/watch?v=IPYfKSBPNHE&t=19s

١٦. Murat Yetkin, 25th Dec 2014, *Turkish Cannot Go Back to Arabic Script*, Hurriyet Daily News, Accessed 1st Sep, 2019. http://www.hurriyetdailynews.com/opinion/murat-yetkin/turkish-cannot-go-back-to-arabic-script-76063

١٧. Chak Center (The Center of Halabja Against Anfalization and Genocide of the Kurds*), "Anfal" The Iraqi State's Genocide Against the Kurds*, CHAK, Halabja: 2007, p6.

١٨. Ibid, p6

١٩. Hiltermann Joost, 3rd Feb, 2008, *The 1988 Anfal Campain in Iraqi Kurdistan*, Escyclopedia of Mass Violence: SciencesPo, Accessed 1st Sep, 2019, https://www.sciencespo.fr/mass-violence-war-massacre-resistance/en/document/1988-anfal-campaign-iraqi-kurdistan

٢٠. James piscatori, Vol 45, No 1 (Oct, 1991), *Religion and Realpolitik: Islamic Responses to the Gulf War*, Bulletin of the American Academy of Arts and Sciences. P18.

٢١. Ibid. p17.

٢٢. Dave Fowler, (11th July 2015), *Evolution of the Iraqi Flag*, FOTW, accessed 1st Sep 2019. https://fotw.info/flags/iq_evol.html

٢٣. Razwan Baig, 25th June 2016, *Qur'anic History and the Role of Islam Calligraphy*, The Review of Religions, 30th Aug 2019, https://www.reviewofreligions.org/12577/quranic-history-and-the-role-of-islamic-calligraphy/

٢٤. Markus Hattstein, Editor: Peter Delius, Islam Art and Architecture, H.F. Ullmann Publishing Gmbh, 1st June 2015, p574.

٢٥. Aug 2017, *Kufa*, Wikipedia, Accessed 1st Aug, 2019, https://en.wikipedia.org/wiki/Kufa

٢٦. Kufa, *Stage of Shi'I Activities*, Al-Islam.org, 2nd Sep 2019, https://www.al-islam.org/the-origins-and-early-development-of-shia-islam-sayyid-jafari/chapter-5-kufa-stage-shii-activities

# هونەری هاوچەرخی ئیسلامی؛
# پارادایمێکی بە ئەقڵانییەت گۆشکراو

**بەشی یەکەم***

**کارزان ئەحمەد جان**

"هونەر دەچێتە قەوارە-بوونێکی تیۆرییەوە، دادەبڕێت لە شوێنکات، دەبێت بیری لێبکەیتەوە نەک بیبینیت". مارسێل دوشامپ.

پێشەکی:

هونەری هاوچەرخی ئیسلامی چییە؟ ئایا شیمانەی وەها پرسیارێک لە گۆڕێدایە؟ ئایا ئەو هونەرەی کە پاشگری هاوچەرخی هەڵگرتووە هیچ پەیوەندییەکی بە هونەری نەریتی ئیسلامییەوە هەیە، یاخود پارادایمێکی تەواو جیاواز و ناوازەیە؟ یان کارەکان هیچ پەیوەندی بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەزموونەکانیانەوە هەیە لە کەلتورە ئیسلامییەکەی پێشوویاندا؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندانی تر، هەوێنی ئەم نووسینەن. ئەگەرچی لە راستیدا، پرسیارەکانی هونەری هاوچەرخ تا رادەیەک وەڵامەکانیان لە ئێستادا دەست ناکەوێت، بۆ تێگەیشتنی دروست پێویستی بە کنە و پشکنین و بیر و فکرێکی کراوەیە، دوور لە پەرگیری و بریاری پێشوەختە لێکۆلینەوەی دەربارە بکرێت.

بە هیواین بتوانین دەلاقەیەک بکەینەوە لەوێوە بڕوانینە دیمەنە گەورەترەکە، بەهۆی فراوانی و فرە رەهەندیی دیدگاکانیان ئاسان نایەتە ناو چوارچێوەی

زەینمانەوە، ناچارمان دەکات بە بەشێک لە پاژە بچووکەکانی پازڵەکە، خۆمان تەواوی بکەین، کەلێن و بۆشاییە مەعریفییەکانی لەنێو هزرماندا تەواو بکەین.

**ئایا هونەری هاوچەری ئیسلامی هەیە؟**

بۆ وەڵامی پرسیارەکە، هونەرمەندی جەزائیری-فەرنسی 'قادر عەطیە' دەڵێت: بەڵێ ئێمە لە ئێستادا لە هەوڵی بونیادنانیداین، هەوڵی سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کولتوورەکەمان، ئەمەیش کاریگەریی لەسەر ڕووگە هونەرییەکەمان دادەنێت. لە ڕاستیدا، هونەرمەندانی پاش کۆلۆنیاڵیزم بە شوێن پێناسە و پرسی هونەرەوە نیین، کە هونەر چییە؟ و دەبێت چۆن بێت؟ بەڵکو کەڵکەڵەی ئەوان هاوشێوەی پۆستمۆدێرنیستەکان، وەرچەرخاندنی ئاراستەکەیان بوو بەلای پرسیارێکی فراوانتر و کاراتر، ئەویش بریتییە لەوەی بەراستی " ئەرکی هونەر لەنێو کۆمەڵگەدا چییە؟"

**دیدگایەکی گشتی بۆ هونەری هاوچەرخی ئیسلامی:**

هونەر، لە هەر سەردەمە و ئەرکێکی تایبەت و جیاوازی هەبووە، ئەگەر سێ زەمەنە جیاوازەکە وەربگرین وێنەکەمان باشتر بۆ دەکێشرێت، مێژوونوسانی هونەر باس لە سێ زەمەن دەکەن کە ڕۆڵ و ئەرکی هونەر پیشان دەدات. ئەوانیش بریتین لە:

١- هونەری پێش مۆدێرن 'ترادیشنەڵ'.  هونەرێکی ڕازئامێزە، لە هەوڵی گەیاندنی پەیامێکی ئێستاتیکی باڵادا بوو، بە لاساییکردنەوەی جیهانی دەرەکی. مارشاڵ مەکلوەن (Herbert Marshall McLuhan) ناوی دەنێت 'پانتایی بینراو'، لەم زەمەنەدا خەڵک و کەلتوور کۆدەنگییان هەیە لەسەر شێوازەکانی بینین.

٢- هونەری مۆدێرن، گرنگی بە دروستکردنی زمانێکی هونەری بینراوی نوێ دەدات، بۆ ئەوەی مانا دروست ببێت، لەهەوڵی گۆڕانکاریدایە بەسەر بابەتە دەرەکیەکاندا. بە دەربڕینێکی تر لە هونەری مۆدێرندا داهێنان سەنتەرە.

٣- هونەری هاوچەرخ، گرنگی بە لایەنی عەقڵیی هونەر دەدات، کۆنسێپتی بەرهەمە هونەرییەکان سەنتەرین لەنێو بەستێن/کۆنتێکستدا. داڤید ئێبێرت دەڵێت:" لە هونەری هاوچەرخدا کۆنتێکست هەموو شتێکە".

بە شێوەیەکی گشتی، هونەری ئێستا ڕەنگدانەوەی ئەزموون و ژیانی ئێستا و ڕابردوویەکی نزیکە، زمانحاڵی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە لە کۆمەڵگە و سیاسەت و

تەکنەلۆجیادا روویداوە، بەها کۆمەڵایەتییەکان و گریمانە فیکرییەکان دەخاتە ژێر پرسیاری شێلگیرانەوە. هونەری هاوچەرخ چالێنجێکە وەهامان لێدەکات دووبارە بیر لە هەموو شتێک بکەینەوە.

هونەری هاوچەرخ لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە دەستپێدەکات، بەڵام لەدوای هەشتاکان فۆرمەلە دەبێت، دیاردەگەلی وەک:

-چوونە نێو جیهانی گڵۆبالیزەیشن

-روخانی دیواری بەرلین

-لەناوچوونی یەکێتی سۆڤێت

-کولتووری دیجیتاڵی

-سیسیتەمی ئابووری نیو لیبراڵیزم

ئەوانە هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئاگاییەک بوون لە لایەن هونەرمەندانی جیهانی ئیسلامی، بەتایبەت لە پاش هاتنەدەرەوە و کشانەوەی هێزی داگیرکاری کۆڵۆنیالیزم، بەمەیش توانییان هونەرێک سەرپێ بخەن بەناوی "هونەری هاوچەرخی ئیسلامی". بۆئەوەی رەنگدانەوەی بابەتە ئاڵۆز و جیهانە خێرا گۆڕاوەکەیان بەرجەستە بکات.



مارشاڵ مەکلوەن (١٩١١-١٩٨٠)

لەم چەند دەیەی دواییدا، گۆشەی هونەری ئیسلامی فراوان بووە، رووە و هونەری هاوچەرخی ئیسلامی لەلایەن ئەو هونەرمەندانەی رەگ و ریشەیان دەگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراست، کولتووری نەریتی زێدی خۆیان کردووەتە سەنتەری پراکتیکییە هونەرییەکانیان. هونەرمەندانێک لەگەڵ پرس و کێشەکانی کۆمەڵگە دەست و پەنجە نەرم دەکەن، لە واقیعەکەی خۆیانەوە ئیلهام وەردەگرن و هەر لەپێناو ئەو واقیعەیشدا بۆ ژیانێکی باشتر و شیاوتر تێدەکۆشن، ژیانێکی شیاوتر بۆ تاکبەتاکی کۆمەڵگە. سەرەڕای ئەوەیش، بە شوێن شوناسی کەسی و

فەرهەنگی خۆیانەوەن، بەشێکیشیان مکورانە رەخنە لە دۆخی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی خۆیان دەگرن. بەڵام هەندێکیان لە هەوڵی گەڕانن بە شوێن سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی هونەر، کە بتوانێت جیهانبینی نەوەیەک لە خۆیدا کۆبکاتەوە.

هونەری ئیسلامی هەمیشە دەربڕی هەردوو رەگەزی بینراو'Visual'، بیرۆکەیی 'Conceptual'بووە. د. حوسیەن نەصر دەبێژێت: مرۆڤ خاوەنی دوو هێزی گەورەیە:

یەک: هێزی عەقڵ "The power of Mind"، کە چەمکەکانن، یاخود بیرۆکەکانن دێن و دەچن لەنێو زەینماندا.

دوو: هێزی وێنەیی "The power of images"، کە وێنەکان یاخود فۆرمەکانن لە زەیندا هامشۆ دەکەن. مرۆڤ کەمترین توانستی بەسەریاندا هەیە و هونەرمەندەکان هەوڵ دەدەن لە رێگەی خەیاڵەوە وێنە و کۆنسێپتەکان بەرجەستە بکەن. لێرەوە هونەر خەیاڵ فراوان دەکات و ناچار بە بیرکردنەوە و تێهزرینمان دەکات.

## بیرۆکەی نوێ و فۆرمی نوێ

روونە فۆرمی نوێ، بە بیرۆکەی کۆن بەرهەم نایەت. بۆئەوەی فۆرمێکی هونەری نوێمان دەستکەوێت، کە رەنگدانەوەی جیهانی ئێستا بێت. پێویستە لە و چەمک و پرسە هەنوکەییانە سوود وەربگرین کە لە ژیانی ئێستاماندا جێگە و پێگەی دیاریان هەیە و لەبیرکردنەوە و تێڕامانی ئێستامانەوە سەرچاوەی گرتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو حیکمەت و بنەمایانەی ئاماژەمان پێدا بەرهەمی ناوازە بەرجەستەکەین لە زەمەنی ئێستادا، بەتایبەت کە زۆر گونجاوی هەیە لەنێو بەستێنی هونەری هاوچەرخ و بەستێنی هونەری ئیسلامیدا، چونکە هەردوکیان لە ئێستادا هەم مرۆڤسەنتەرن و هەم عەقڵ و بابەتە مەعنەویەکان لە سەنتەردان. پاشان بە سوودبینین لە پارادیمی گروپە جیاوازەکانی نێو ئەم کولتووره، دەشێت بەگەڕانەوە بۆ بنەما عەقڵی و مەعنەویەکانی ئەم ئایینە میتۆد و قوتابخانە و رووگەی هونەری گەورە دروست ببێت. بێگومان وەک بیریاری پاکستانی فەزلوڕەحمان دەبێژێت: "هێنانەوەی ئەوەی رابردوو بۆ ئێستا بە بێ ئاماژەکردن بۆ بەستێن و لەبەرچاوگرتنی رەنگە هیچ مانایەک نەبەخشێت". هەر وەک چۆن لە

پێشدا پەیامێکی ئێستاتیکی و جوانیینانەی هەبووە ئەم هەموو شاکارە ناوازەی خوڵقاندووە، پێویستە لە ئێستایشدا پەیامێکی عەقڵی و مەعریفەیی و مەعنەوی پێبێت، بۆئەوەی لەم نێوندە مەعریفییەدا لەگەڵ ناوەڕۆک و بەستێنی هونەری هاوچەرخدا بگونجێت و جێگە و پێگەی خۆی بدۆزێتەوە. واتە لە جوانی سەنتەرییەوە بۆ هزرسەنتەری.

## مەعریفە و هونەر

بۆ دروستکردنی هونەر و کولتوورێکی لەو شێوەیەش پێویستمان بە سونەتێکی گەورە دەبێت کە ببێتە پاڵپشت بۆی، بەڵام پێویستە ئەو سونەتە ئەزمونکراو بێت و چوارچێوەکەی زانراو بێت. خۆشبەختانە یەکێک لە جوانترین سونەتەکانمان لەبەردەستادایە، کە سەرشارە لە عەقلانییەت و مەعنەوییەت و بابەتە مەعریفی و روحییەکان. پەیوەندی نێوان هونەر و مەعریفە پەیوەندییەکی راستەوانەیە، ئەمەیش لەگەڵ روحی سەردەمی نوێ و بەستێنی هونەری هاوچەرخدا هاوتەریبن. هەرکات گەشەسەندنی مەعریفی روویدابێت، گەشەسەندنی هونەریشی بەشوێن خۆیدا هێناوە، بە گوتەی د. سەید حوسەین نەصر، هەروەختێک رەهەندی مەعریفی و مەعنەوی لە لووتکەدا بووبێت، هەر ئەودەمەیش رەهەندە هونەرییەکەی لە لوتکەدا بووە. بە ئاوایەکی دی، لە هەر شوێن و جێگەیەک عەقلانییەت ئەزموون کرابێت، هونەر لەوشوێنەدا بە گەشاوەیی پراکتیزە و ئەزموونکراوە، لێرەوە پەیوەندی بەهێزی نێوان هونەر و مەعریفە لە ژیاری ئیسلامیدا مێژووبڕە.

زیاتر لەوەیش، بەشێک لە هونەرمەندان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بنەما فیکری و فەلسەفییانەی لەسەدەی "١٠ بۆ ١٤"، لەلایەن فەیلەسوفە موسڵمانەکانەوە پێشنیازکراون، تێدەکۆشن و لە فۆرمێکی سەردەمیانەدا بەرجەستەی دەکەن. بەشێکی تریان، باوەڕیان وەهایە گشت سەردەمێک عەقلانییەت و پرسی تایبەت بە خۆی هەیە، دەشێت پرسە هەنوکەییەکان کاری لەسەر بکرێت. ئەگەرچی ئەو ئاگاییە هەیە کە میراتی فەلسەفەی دێرن پشتگوێ نەخەن و چەمک و بەها گەردوونی و وجودییەکان کە لەئێستادا گەرموگوڕن، دەکارێت ببنە چارەسەر بۆ چەندین بیر و گیروگرفتی نادروست.

نابێت ئەو خاڵە گرنگەیش نادیدە بگرین، کە هونەری هاوچەرخ، هونەرێکی جیهانی و گڵۆباڵە یەک ژێدەری نییە. کیورەیتەر(curator)ی فەرەنسی، نیکۆلا بۆریۆ (Nicolas Bourriaud) دەڵێت: هونەری هاوچەرخ هاوشێوەی قەوزە یان کەڕووە، هەرکات لە شوێنێکدا گەشەدەسێنێت، بەگەشەکردنی لە شوێنە نوێیەکەدا رەگی نوێ دادەکوتێت و بڵاودەبێتەوە.

**هونەری هاوچەرخی ئیسلامی هەم لۆکاڵە و هەم گلۆباڵ.**

لە هونەری نەریتی ئیسلامیدا، هەمیشە جوانی 'Beauty' و ئەرک 'Function'، سود و بەکارهێنان پێگەوە بوون، ژێژاک گوتەنی، لە هونەری ئیسلامیدا، کاتێک لە قاپێکدا میوە دەخۆیت پاش تەواو بوون هونەر خۆی دەردەخات- نەخشی سەر قاپەکەی مەبەستە. هونەر لە نێو ژیانی رۆژانەدا نغرۆ بووە، سنوری نێوان جیهانی واقع/ ژیان و جیهانی هونەر بە رادەیەک تێکەڵ بووە بە ئاستەم جودا دەکرێنەوە. لەمەوە، بۆ هونەرمەندانی هاوچەرخ کارکردن لەسەر ژیان و پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان شتێکی نامۆ نییە. بەڵام بە هۆکاری ئەم بەکارهێنان و ئەرکەی هونەر لە شارستانیەتی ئیسلامیدا، زۆر کات نەچووەتە نێو بۆتەی هونەری رۆژئاواییەوە، چونکە وەک هونەری رازاندنەوە/زینە 'Ornament'، کاری دەستی بەڵکو بە نا-هونەر'Non-Art' وەسفکراوە.



نیکۆلا بۆریۆ (١٩٦٥-)

هونەری هاوچەرخی ئیسلامی لەگەڵ هونەری نەریتیی ئیسلامیدا هەمان دی ئێن ئەی هەیە، بەڵام لە جیهانبینی و گۆشەنیگای ئێستاوە سەیری ئەو کەلەپورە مەزنە دەکات، هەرلەبەر ئەوەیە ئەم هونەرە لەهەمان کاتدا، هەم لۆکاڵە و هەمیش گلۆباڵ. پۆستمۆدێرنیستەکان دەبێژن:" گەردوونیانە بیربکەنەوە و خۆجێیانە بجوڵێن"، ئەگەرچی تێڕامان و بیرکردنەوەی هونەرمەندان لە لۆکاڵیشدا هەر بیرکردنەوەیە لەمەر پرسە قووڵ و گرنگەکانی کۆمەڵگە، بەڵام ئەو گوتەزایەش حەکیمانە دێتەبەر

دیدەمان. بە تێڕامان لەو بنەمایانە هونەرێک بەرهەمهات هەم هاوبەشی لەگەڵ ڕەوتە جیهانییەکە هەبوو، هەم ڕێزی لە نەریتە ناوخۆییەکان دەگرت.

هونەری هاوچەرخی ئیسلامی، کار لەسەر پرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و خودی دەکات، بە سوودوەرگرتن و چاوبڕین لە پاشخانی میراتی هونەری ئیسلامی. هونەرمەندانی جیهانی ئیسلامی بە کولتووری خۆیان و کاریگەر بوون و سەرچاوەی ئیلهامیان لە کولتوور و نەتەوەکانی خۆیانەوە وەردەگرت، هاوکات لە ڕووی تەکنیکی و وێنەوە لە بابەتە نەریتەکان و کێشە ناوخۆییەکان سودمەند دەبوون. بە تایبەت هونەرمەندانی پاش کۆلۆنیالزم، ئەگەرچی جیهانبینییەکی نێونەتەوەییان هەیە، بەڵام کەڵکەڵەی چارەسەری پرسە ناوخۆیی و کێشە لۆکاڵییەکانیان هەیە. لێرەوە خاڵێکی جەوهەری گرنگ شایەنی ئاماژەپێدانە، هونەری هاوچەرخی ئیسلامی هونەرێکی خۆجێیی نییە! لە بەستێنێکی نێونەتەوەییدا، بەڵکو هونەرێکی ئینتەرناشناڵە لە بەستێنێکی لۆکاڵیدا. هونەرێک لۆکاڵییە یەکەکانی لای بینەر هەیە و ئاشنایە پێی، بەڵام هونەری نێونەتەوەیی لە زەینی کیورەیتەری ڕێکخەری پێشانگەدایە، زەمینەی لۆکاڵییانەی بۆ فەراهەم دەکرێت. هانس ئالبێرت (Hans Albert)، دەبێژێت: بوونی بیناڵە- پێشانگەی ساڵانە، وەهایکرد ئەو تاکڕەهەندییەی سەدەی بیست تێبپەڕێت و فرە ئاڕاستە و فرە سەنتەری لە سەدەی بیست و یەکدا جێگەی بگرێتەوە، دەرئەنجامی ئەمەیش، پردی پەیوەندی نێوان جیهانی/گڵۆباڵ و خۆجێیی/لۆکاڵ، کاڵتر بوویەوە.

**هاوکێشەی: هونەرمەند ⟵ بەرهەمی هونەری ⟵ بینەر:**

بەشداری بینەر لە تێگەیشتنی هونەر کاریگەریی گەورەی هەیە، لێرەدا جێگەی خۆیەتی هەڵوێستە لەسەر هاوکێشەی (**هونەرمەند - بەرهەمی هونەری - بینەر**)" بکەین، کاتێک لە هونەری هاوچەرخدا ئەوەندە جەخت لەسەر بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی بینەر و بینەری چالاک دەکرێت پێویستە ئەوە ڕوون بێت کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ کوێی هاوکێشەکەدا دەکەین. بینەر لەڕووی فیزیکییەوە بەشدار دەبێت و ئەزمونی دەکات، بەهۆی فرە هەستەوە، دەستلێدان، بۆن، دەنگ، بینینەوە هێزی بینین زیاد دەکات بەمەش دەوترێت ئامادەیی تەواوەتی، ئەمە دەبێتە هۆی تەواوکردنی بەرهەمەکە لە ڕێگەی بینەرەوە. بە بێ بەشداری ڕاستەوخۆ و

ئامادەبوونی وجودی بینەر لەنێو کارەکەدا، شیکاریی هونەر ئاسان نییە. لە کۆمەڵگەی وشیاردا ئاگایی بینەر تا رادەیەک بە ئەندازەی ئاگایی هونەرمەندە، بەمەیش هونەرکردن بەردەوام لە گۆڕاندایە، پێویستە کۆمەڵگەی کوردیش بەرامبەر بە دیاردە نوێیەکان و گۆرانکاریە تازەکانی سەردەم ئەو ئاگاییە سەرپێخات.

**نموونەی پراکتیکی بۆ نووسینەکەمان**

بەرهەمی چەند هونەرمەندێک شایستەی ئاماژەپێدانە، هەروەکو نیکۆلا بۆریۆ دەبێژێت: کاتێک بەرهەمی هونەریی هونەرمەندێک دەبینیت، زۆر سەرنجراکێشە، چونکە بە واقیعێک ئاشنامان دەکات، کەهیچ بیرۆکەیەکمان لەبارەیەوە نییە، بە جیهانێک ئاشنامان دەکات بەس لەرێگەی هونەرەوە شیمانەی دەرککردنی هەیە. وەک چوونەناو مێشکی کەسێکی ترە- کەسایەتی هونەرمەند.

**١.وەفا بیلال، "Wafaa Bilal":**

هونەرمەندی بەرەگەز عێراقی، پرۆفیسۆرە لە کۆلێژی تیسچ لە زانکۆی نیۆرک، بە پێرفۆرمانسی راستەوخۆ-ئۆنلاین ناسراوە، وروژێنەری دایەلۆگ و گفتوگۆیە سەبارەت بەسیاسەتی نێودەوڵەتی، کارەکانی باس لە گرژی و ئاڵۆزی نێو سیاسەت و کولتوور دەکات.  کاتی خوێندنی لە زانکۆی بەغداد لەگەڵ هاورێکانی خۆپیشاندانێک رێکدەخەن دژی جەنگی کوێت، حیزبی بەعسیش ئەمری گرتنیان دەردەکەن و هەڵدێت بۆ تاراوگە.



وەفا بیلال (١٩٦٦-)

**٢.پرۆژەی هونەری ماڵی حیکمەت'House of Wisdom'، یاخود کاتژمێر: (١٦٨:٠١)**

لەکاتی داگیرکاریی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، لە ٢٠٠٣ کۆلێژی هونەری زانکۆی بەغداد، گشت کتێبخانەکەی لەدەستدا، بەهۆی سوتاندییەوە لەلایەن تالآنچییەکانەوە کە خاونی زیاتر لە حەفتا هەزار کتێب بوو.

بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی کتێبخانەکە، رەفەیەکی کتێبی هێنا کە چەند جەڵد کتێبی سپی لەسەر بوو بینەران توانی ئەیان بە کتێبێکی تر ئاڵوگۆڕی بکەن، وەفا کارەکەی پەیوەست دەکاتەوە بەو وێرانکارییە کولتووری و مێژووییەی لە سەردەمی زێڕینی ئیسلامدا لە سەدەی ١٣ روویدا، کاتێک لەشکرکێشییەکی داگیرکاری مەغۆلی بەغدادیان سوتاند و ماڵی حیکمەتیان وێرانکرد، چیرۆکەکان ئەوە دەگێڕنەوە تەواوی کتێبخانەی ماڵی حیکمەتیان خستۆتە نێو رووباری دیجلەوە، پردێکیان لە کتێب دروستکردووە بۆ پەڕینەوەی سوپاکەیان، گوایە بۆ ماوەی ١٦٨ سەعات روبارەکە رەنگی مرەکەبی گرتووە.



وەفا بیلال، ١٦٨:٠١ کاتژمێر، ٢٠١٧

کاری دووەمی وەفا بیلال بریتییەلە، گرژی و ئاڵۆزی ناوخۆیی ' Domestic Tension 2007'، پاش ئەوەی براکەی لە کوفە، لەکاتی ئێشگرتنیدا لە شەریکەیەکی نەوت وەک سکیورتی، بە درۆن دەکوژرێت، دوای دوو مانگ باوکیشی بەرگەناگرێت و لە خەفەتدا کۆچی دوایی دەکات، وەفا دەیەوێت ئەم کارەساتە بکاتە ئیلهامی کارێکی هونەری و بینەر بەشدار بێت نەک لەناو گەلەرییەکاندا، بەڵکو راستەوخۆ لە رێگەی ئینتەرنێتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٧ دۆکیۆمێنتارییەک لە بارەی سەربازێکی ئەمریکییەوە دەبینێت کە ئافرەتێکە، لە کۆلۆرادۆوە بە درۆن بۆمبارانی عێراق دەکات، بەبێ هیچ پەیوەستبوونێکی فیزیکی و هەستەکی. پرسیاری لێدەکەن لە کوشتنی ئەو هەموو عێراقیە کە نایانناسیت هیچ

پەشیمانییەکت هەیە؟ دەڵێت: نەخێر! ئەوانە تیرۆرستن و منیش متمانەم بە وڵاتەکەم هەیە و لەناویان دەبات.

وەفا بیلال لە ڕێگەی ئەم پرۆژە هونەرییەوە، دەیەوێت مرۆڤەکان لە زۆنی ئارامەوە بگوازێتەوە بۆ زۆنی نائارام، وەک خۆی دەڵێت:

ڕۆیشتە گەلەرییەک بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ، دەمانچەیەکی ڕەنگی دروست کرد و لەڕێگەی ئۆنلاینەوە، هاوشێوەی یارییە ئۆنلاینەکان خەڵک بەشدار دەبوون، نوسیبووی ئامادەن فیشەک بە عێراقییەکەوە بنێن؟ لەماوەی ئەو مانگەدا حەفتا هەزار جار لە ١٢٨ وڵاتەوە تەقەی لێدەکرێت! وەفا، هەوڵدەدات پەیوەندی بینەر بە کارە هونەرییەکە لەبەرچاوبگرێت، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی گۆڕینی ئەزموونی ئاسایی پاسیڤی بینینی هونەرە بۆ بەشدارییەکی چالاک، زۆرێک لە پرۆژەکانی لە چەند ساڵی ڕابردوودا باسیان لە دووبەرەکیی مەجازی بەرامبەر ڕاستەقینە کردووە، بینەران بژاردەی ئەوەیان دەبێت کە بە دەمانچەی تۆپی ڕەنگاوڕەنگ تەقە لە بیلال بکەن، ئەمەیش ئەزموونی مەجازی دەگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی زۆر فیزیکی. زیندانیکردنی خۆویستانەی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵکە سەبارەت بە ژیانی خەڵکی عێراق و ئەو زیندانییە لە ماڵەوە کە ڕۆژانە بەهۆی هەردوو شەڕی توندوتیژ–فیزیکی و مەجازییەوە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.



وەفا بیلال، تەقەکردن لە عێراقییەک، ٢٠٠٧

*لە بەشی دووەمدا، لەسەر چەند رەهەندی دیکەی ئەم جیهانبینییە دەوەستین و بەشێکی تر لە هونەرمەندەکان بەسەردەکەینەوە، کە لە بونیادنان و جێگیرکردنی ئەم هونەرەدا رۆڵی سەرەکییان هەبووە، پاشان هەوڵدەدەین ئەم جیهانبینییە بگوازینەوە بۆ دەڤەری خۆمان و بیکوردێنین. راستر بڵێم وا گومان دەبەم لەگەڵ روحە ئایینییەکە و جیهانبینی ئایینیی کوردیدا زۆرتر گونجاوە وەک لە جێگەکانی تر.

سەرچاوەکان:


کوردی:

١.کۆمەڵە نووسەر، هونەری هاوچەرخ، وەرگێڕان، هەڵگورد ئەحمەد، ٢٠٢٢
٢.ئەنتۆن ڤان دێن براموش، هزراندنی هونەر، وەرگێڕان، نەبەز سەمەد، ٢٠١٨
٣.بابەک ئەحمەدی، حەقیقەت و جوانی، وەرگێڕان موسعود بابایی، ٢٠١٠
٤.کاوزان جان، گۆران عبدولا، هونەر و مەعنەویەت، ناساندنێک بۆ هونەر و بیناسازی ئیسلامی، ٢٠١٨

ئینگلیزی:

5. Jessica Cerasi, Kyung An, Who’s Afriad of Contemporary Art, 2017
6. David John Abert, Art After Metaphysics, 2013
7. LACMA, Islamic Art Now, Contemporary art of the Middle East, Part 1, 2, 2015
8. Seyyed Hossein Nasr, Islamic Art & spirituality, 1987
9. Nadine Khalil, 10 Standout Artists at the Inaugural Islamic Arts Biennale, 2023
10. https://www.artsy.net/article/artsy-editorial-10-standout-artists-inaugural-islamic-arts-biennale
11. Sondos Baslouh, Latency, Light, And Void: Key Concepts in Contemporary Islamic Art, Islamic Heritage Architecture and Art III, 2020

# هێرمنۆتیکای فەلسەفی بەرامبەر هێرمنۆتیکای رەخنەگرانە دیبەیتی گادامێر و هابرماس

سەلمان نادر عەبدورەحمان

پێشەکی

مرۆڤ لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە سەرقاڵی تێگەشتن بووە، هەوڵی داوە لە دیاردەکانی دەوروبەری تێبگات، هەر بۆیەش لە سەرەتاکانی مێژووی نووسینەوە پرسی (تێگەشتن، زانین) بە یەکێک لە پرسە فەلسەفییە بنەڕەتییەکان هەژمار کراوە، هەوڵ دراوە ئەم پرۆسەیە بخرێتە چوارچێوەی میتۆدەوە، هێرمنۆتیکیش بریتییەلە یەکێک لە هەوڵەکانی لێکۆڵینەوە لە دیاردەی تێگەشتن، لەو نێوەندەشدا کەم فەیلەسوف هەیە بە جۆرێک لەبارەی پرسی زانین و تێگەشتنەوە نەدوابێت، دوان لەو فەیلەسوفە هاوچەرخانە (هانس جۆرج گادامێر و یۆرگن هابرماس)ن، کە کاریان لەسەر ئەو پرسە کردووە.

بگرەوبەردەی تیۆرییەکانی نێوان گادامێر و هابرماس کە لە ساڵی ١٩٦٧ دا هاتنە ئاراوە، بوونە یەکێک لە دیبەیتە هەرە بەناوبانگەکانی سەدەی رابردوو لە بواری زانستە مرۆییەکاندا، سەرەڕای هاوڕایی هابرماس لەگەڵ گادامێردا لەوەدا کە هێرمنۆتیکا لە راڤەکردنی هونەر و کەلتووردا گرنگە و دەتوانێت لە بەرامبەر پۆزەتیڤیزمەوە بوەستێت، بەڵام لە زۆر رووەوە ناتەواوە و دەبێت لە روانگەی ئایدۆلۆژییەوە رەخنە بکرێت، لە بەرامبەردا لایەنگرانی تیۆریای هێرمنۆتیکی فەلسەفی باوەڕیان وایە مرۆڤ هیچ نییە جگەلە شێوەیەکی مێژوویی بە هۆی

زمانەوە لە دونیای خۆیدا دەردەکەوێت، لەم رووەشەوە نە ئایدۆلۆژیا نە زانستی مرۆیی و نە هیچ شتێکی تریش لە چوارچێوەی تێگەشتنی هێرمنۆتیکی ناچنە دەرەوە، ئەمەش خەسڵەتی ئەو دیبەیتە دیارە فەلسەفییەیە کە دەمانەوێت لەسەری بوەستین.

هانس جۆرج گادامێر وەک یەکێک لە تیۆرسێنە بەناوبانگەکانی هێرمنۆتیک و یەکێک لە دیارترین بیرمەندەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ و کتێبەکەی (راستی و میتۆد) بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی هێرمنۆتیکدا هەژمار دەکرێت کە کاریگەری لەسەر لەسەر رەوەندی بیرکردنەوە و فەلسەفە لە ئەمرۆ لە رۆژئاوادا هەیە، کتێبی (راستی و میتۆد) بە شێوەیەک دەنگدانەوەی هەیە بەشێک لە بیرمەندەکان بە (رەخنەی ئەقڵی پەتی) کانت بەراوردی بکەن.

یۆرگن هابرماس یەکێکە لە بیرمەندە هاوچەرخەکانی ئەڵمانیا و بە یەکێک لە ناوە دیارەکانی بیرکردنەوەی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێت، بەشێک لە بیرمەندانی سەدەی بیستەم و ئەمرۆیش ئیلهامی خۆیان لە ئەوەوە وەرگرتووە، وێڕای ئەوەی هابرماس میراتگری قوتابخانەی فرانکفۆرتە، بەڵام نوێگەری لەو قوتابخانەیەشدا کردووە، ناوبراو هەوڵی داوە زانستە مرۆییەکان بکاتە زانستێکی رەخنەیی و ئازادیبەخش، بە کورتی دەتوانین تێزی ناوبراو لە رووی هێرمنۆتیکییەوە بەم شێوەیە بخەینە روو کە بریتییەلە بەرهەڵستی ئەو لە بەرامبەر کۆششە زانستی و سیاسی و فەلسەفییەکاندا کە دەیانەوێت حەقیقەت قۆرخ بکەن، باوەڕێکی پتەوە بە هەبوونی پەیوەندی کراوە وەک ئامرازێک بۆ گەیشتنە حەقیقەت، هەر ئەم باوەڕەیە کە رەخنەگرتنی ئاگایانە لە ناحەقیقەت دەکاتە تاکە رێگای گەیشتنە کۆمەڵگەی کراوە لە رووی فیکرییەوە و ناسەرکوتکەر لە رووی سیاسییەوە.

## پرسیاری توێژینەوە:

لەو رووەوە پرسیار بنەڕەتی کاری زەینی مرۆڤە و هەموو زانینێک وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بنەڕەتییەیە کە مرۆڤ دەیەوێت لە دەرکەوتەکانی دەوروبەری خۆی تێبگات، بە دەرکەوتەی ئاگایی خۆشییەوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیەی ئێمەیش لەو پرسیارانە بەدەر نییە کە دەمانەوێت لە هێرمنۆتیکای فەلسەفی و هێرمنۆتیکای رەخنەگرانە تێبگەین لە رووی ئەم پرسیارانەوە:

-بنەما سەرەکیەکانی هێرمنۆتیکی فەلسەفی گادامێر چین؟
-چۆن لە هێرمنۆتیکی رەخنەگرانەی هابرماس تێبگەین؟
-خاڵی هاوبەش و جیاوازی ئەو دوو رووگەیەی هێرمنۆتیک لە کوێدان؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

لەسەر بنەمای ئەو تێڕوانینانەی بۆ کۆی هزری هابرماس و گادامێر هەمانن باوەڕمان وایە لە چەند روویەکەوە ناکۆکی لەنێوان ئەو دوو ئاڕاستەیەی هێرمنۆتیکدا هەن بەتایبەتی لە بارەی مەحکومییەتی حەقیقەت بە ئاسۆی مێژووییەوە و ئەسیربوونی لە چوارچێوەی میتۆددا کە خەسڵەتی بنەڕەتی هێرمنۆتیکای فەلسەفی گادامێرن.

**میتۆدی توێژینەوە:**

یەکێک لە پرسە بنەڕەتییەکانی ئەم توێژینەوە دەرخستنی جەدەلی نیوان میتۆد و حەقیقەتە بە تایبەت لە پرسی (راستی و میتۆدی گادامێردا)، لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕمان وایە میتۆد کاریگەری لەسەر حەقیقەت هەیە بەڵام دواجاریش میتۆد لە پرسی زانستی شەڕێکی ناچارییە و دەبێت بەناچارییەوە مرۆڤ پەنای بۆ ببات، بۆیە ئێمە لێرەدا میتۆدی پێداچوونەوە و کتێبخانەییمان پەیڕەو کردووە، واتە پشتمان بە سەرچاوە دانپێدانراوەکانی ئەم بوارە بەستووە.

**پەیکەری توێژینەوە**

بابەتی یەکەم : ناساندنی هێرمنۆتیک
بابەتی دووەم : هانس جۆرج گادامێر و هێرمنۆتیکی فەلسەفی
بابەتی سێیەم : یۆرگن هابرماس و هێرمنۆتیکی رەخنەگرانە
بابەتی چوارەم : دیبەیتی نیوان هانس جۆرج گادامێر و یۆرگن هابرماس
کۆتایی

**بابەتی یەکەم: ناساندنی چەمکی هێرمنۆتیکا**

پرسی تێگەشتن و تەفسیرکردنی دیاردە و رووداو و دەرکەوتەکان یەکێکە لە خەسڵەتە سەرەتاییەکانی مرۆڤە ناتوانین باس لە مێژوویەک بکەین بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی تەفسیرکردن، چونکە یەکێکە لە کارە ئاساییی و رۆژانەییەکانی مرۆڤ و بە درێژایی مێژوو مرۆڤ سەرگەرمی تەفسیرکردن بووە، ئەمەیش لەپێناو مانەوە و دەرککردنی مانای قووڵتری ژیان[١]، بە جۆرێک بەشێک لە بیرمەندان بەو

شێوەیە پێناسەی مرۆڤ بکەن کە مرۆڤە زیندەوەرێکی تێگەییوە [٢]، نەک تەنها ئەمەیش بەڵکو لەمەش زیاتر تا ئەو ئاستەی ئێمە باوەڕمان وابێت مرۆڤ جگەلە تەئویل و تێگەیشتن دەستی بە هیچ حەقیقەتێک راناگات، ئەوەی دەرکی دەکات میراتبەری هیچ حەقیقەتێک نییە، بەڵکو تەنها تێگەیشتنی مرۆڤە، ئەمەیش لای نیچە دەگاتە ترۆپک و کاتێک دەڵێت: (هیچ حەقیقەتێک بوونی نییە، بەڵکو تەنها تێگەشتن بوونی هەیە) [٣] ئەم تێڕوانینە جەخت لەسەر وجودی بوونی تەفسیرکردن لە مرۆڤدا دەکاتەوە، کە بەردەوام کەڵکەڵەی پرسیاری لەسەردا بووە لەمەڕ دیاردە و دەرکەوتەکانی دەوروبەری، پرسی هێرمنۆتیکی نوێیش بە تەواوەتی لەم نێوەندەدا دەسووڕێتەوە و پرسیار لە سەر چییەتی تێگەیشتن و تەفسیرکردن دەکات، بۆیە لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین بە شێوەیەک کورتیش بێت تیشکێک بخەینە سەر هێرمنۆتیک و ئاڕاستە جیاوازەکانی بناسێنین.

## چەمکی هێرمنۆتیک

هێرمنۆتیک یەکێکە لە کۆنترین کەلتوورەکانی زاستنی مرۆیی کە لە پێش میتۆدە نوێیەکانەوە هاتووەتە بوون، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، ئەمەیش لەو ڕووەوە نا کە تەنها لە سەردەمی یۆنانییەکاندا کاریگەریی هەبووە بەڵکو لە سەردەمی کۆن و سەردەمی مەسیحییەتیشدا کاریگەریی خۆی هەبووە، هەر لەم ڕووەشەوەیە کاتێک باسی چەمکی هێرمنۆتیک دەکەین ڕاستەوخۆ بیرمان بۆ لای تەفسیری کتێبی پیرۆز دەڕوات [٤].

ئەگەر بە سادەیی بمانەوێت لە پەڕەگرافێکدا وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە هێرمنۆتیک واتە چی؟ یان هێرمنۆتیک چییە؟ دەبێت بگەڕێینەوە سەر کورتە ناساندنەکەی زیمەرمان (Jens Michael Zimmermann) کە ڕاستەوخۆ بەو پرسیارە دەست پێدەکات هێرمینۆتیک چییە؟ وەڵامێکی سادە ئەوەیە کە مانای لێکدانەوەیە. لێکدانەوە لە زۆر بوارەکانی خوێندن و هەروەها لە ژیانی ڕۆژانەدا ڕوودەدات. ئێمە شانۆنامە، ڕۆمان، هونەری ئەبستراکت، مۆسیقا و فیلم، گرێبەستی دامەزراندن، یاسا، کتێبی پیرۆز، قورئان و دەقە پیرۆزەکانی دیکە لێکدەدەینەوە، لە هەمان کاتیشدا ئێمە کردەوەکانی هاوڕێ و دوژمنەکانیشمان لێکدەدەینەوە، یان هەوڵ دەدەین بزانین کۆتاییهێنان بە کار لە چوارچێوەی چیرۆکی ژیانماندا مانای چییە؟ چۆن و بۆچی لێکی دەدەینەوە؟ ئامانجی لێکدانەوە ئەوەیە کە دەقێک یان

دۆخێک مانای هەبێت، تێبگەین مەبەستیان چییە. پێدەچێت ئەمە ئەوە بگەیەنێت کە لێکدانەوە تەنها کاتێک پێویست دەبێت کە یەکسەر لە شتێک تێنەگەین. لەڕاستیدا پێویستی لێکدانەوە لە هەندێک حاڵەتدا زیاتر دەردەکەوێت وەک لە هەندێکی تردا. بۆ نموونە: زۆربەی خەڵک هاوڕان لەسەر ئەوەی کە شانۆنامە و ڕۆمان و پەیڕەوی ناوخۆ و دەقە ئاینییەکان پێویستیان بە لێکدانەوە هەیە، هەرچەندە هەندێک لە بناژۆخوازەکان حەز دەکەن ڕوونییەکی تەواوەتی دەقە ئایینییەکان دووپات بکەنەوە. هەروەها قبووڵی دەکەین کە دادگای باڵا دەستوور لێکدەداتەوە[٥].

ئەڵبەتە چەمکی هێرمنۆتیک وەک هەر چەمکێکی دیکە لە گوزەری مێژووییدا گۆڕینی گەورە و بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بەکارهێنانەکانی بە پێی قۆناغە فیکری و فەلسەفییەکان گۆڕاون، لە یۆنانی کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئەم چەمکە بە مانای جیاواز بەکار دەهێنرێت، مانا جیاوازەکانی زادەی ئەو ئاراستە فیکری و فەلسەفییانەن کە بەکاری دەهێنن.

لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕیشەی چەمکی هێرمنۆتیک (hermeneutics) لە کرداری یۆنانی هێرمینویین (hermeneuein)دایە، کە بەشێوەی گشتی بە تەئویلکردن وەردەگێردرێت، هێرمینیا دەبێتە ئەو ناوەی کە کردارەکەی لێوەرگیراوە[٦]، چەمکی هێرمایۆسی یۆنانی ئاماژەیە بە کاهینی پەرستگای دلفی کە کاری پێشبینیکردن بوو، ئەڵبەتە ئەم وشەیە و کردارە بەربڵاوەکەی (هێرمنویین و هێرمنیا) لە چەمکی هیرمس (خودای تیژڕەو)ـەوە وەرگیراون[٧]. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە هێرمس پەیامبەری خواوەندی ئۆلۆمپاکۆس بووە و پەیامەکانی بۆ مرۆڤ تەرجومە کردوون[٨]، ئەڵبەتە ئەم چەمکانە بە مانای جیاواز لە سەرچاوەی جیاوازی یۆنانییەوە ماونەتەوە لەوانە ئەرستۆ لە ڕیسالەی باری ئەرمیناس و هەروەها گزنفۆن و پلۆتارک و ئۆرپیدس و ئەپیکۆر و ...هتد،[٩] تێکڕای ئەم چەمکانە کە لە ئەدەبیاتی یۆنانی کلاسیکیدا بەکار هاتوون، بە مانای (تەئویل و تەفسیر) بەکارهاتوون کە تا ئێشتایش ئەم چەمکە پارێزگاری لەو دوو مانایە کردووە[١٠].



زیمەرمان (١٩٦٥-)

وەزیفەی هێرمس بریتی بوو لە تەرجەمەکردنی پەیامەکان بۆ شێوەیەک کە بۆ مرۆڤ ئاسان بێت و لێیان تێبگات، بۆیە یۆنانییەکان باوەڕیان وا بوو (زمان و نووسین) لە داهێنراوەکانی هیرمسن کە مرۆڤ بەهۆیانەوە دەتوانێت تێبگات[١١]، دەبێت ئەوەیش بڵێین لە رابردوودا بۆ پرۆسەی گۆڕینی پەیام بۆ پەیامێک کە مرۆڤ لێی تێبگات سێ تەنکنیکی جیاواز باسکراون، ئەوانیش بریتی لە تەکنیکەکانی:

١-خستنەڕوو بە دەنگی بڵند یان وتن.

٢-ڕوونکردنەوە

٣-وەرگێڕان واتە لە زمانی بیانییەوە.

ئەو سێ کردارەیش دەتوانین بە یەک کرداری ئینگلیزی بەیانی بکەین ( to interpret) کە بە مانای بۆ لیکدانەوە دێت[١٢].

## هێرمنۆتیکی یۆنانی:

یەکێک لە پۆلینەکانی هێرمنۆتیک پۆلێنکردنێتی بۆ هێرمنۆتیکی کۆن و نوێ، هەرچەندە ئەمەش لە لایەن هەموانەوە قەبووڵ کراو نییە، بەڵکو بەشێک لە توێژەرەکان باوەڕیان وایە لە بنەڕەتەوە یەک هێرمنۆتیکمان هەیە و ئەویش درێژکراوەی هێرمنۆتیکی یۆنانییە، نەک زیاد لە هێرمنۆتیکێکمان هەبێت، یەکێک لەو توێژەرانەی لە بواری مێژووی هێرمنۆتیکدا کاری کردووە کێتی ئیدن ( Kathy Eden)ە کە باوەڕی وایە (هێرمنۆتیک بەشە پسپۆرییەکی ئەڵمانی نییە، بەڵکو ریشەکەی لە ڕەوانبێژیی کۆندایە)[١٣].



کێتی ئیدن (١٩٥٢-)

ئێمە ئەم خیلافانە دەگوزەرێنین و لەو پێشگریمانەیەوە دەستپێدەکەین کە هێرمنۆتیکای نوێ جیاوازە لە هێرمنۆتیکای کۆن، بۆیە لێرەدا جەخت دەخەینە سەر بەشێک لە خەسڵەتەکانی هێرمنۆتیکای کۆن، سەرەتا لەو خاڵەوە دەستپێدەکەین کە ئێمە ناتوانین هیچ سەرەتایەک بۆ دەرکەوتنی هێرمنۆتیک دەستنیشان بکەین، چونکە هیچ راپۆرتێکی روون ئاماژە بەو چرکەساتە ناکات کە هێرمنۆتیکای تێدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە: ئێمە دەتوانین کاتێک دیاری بکەین کە هێزی راکێشانی زەوی دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەمە بۆ دەرکەوتنی هێرمنۆتیک بەردەست نییە، تەنانەت توێژەرێکی وەک جیراڵد برۆنز کە یەکێک لە کارە دانسقەکانی بواری مێژووی هێرمنۆتیکی ئەنجام داوە دەڵێت: "هێرمنۆتیک مێژووی جیاواز و دژ یەکی هەیە دەستنیشان کردنی سەرەتاکەی دژوار و نا مومکینە."[١٤] لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکی دیار لە توێژەرەکان لە ناویاندا ریچارد پاڵمەر (Richarde E. Palmer) کە خاوەنی یەکێکە لە کتێبە ئۆریجناڵەکانی بواری هێرمنۆتیک خاڵی سەرەتای هێرمنۆتیک دەگەڕێنیتەوە بۆ یۆنانییەکان[١٥].

لە تێڕوانینی یۆنانییەکانەوە بۆ هێرمنۆتیک کۆمەڵێک خەسڵەتی بنەڕەتی بوونیان هەیە، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژەیان پێبدریت، پێشتریش ئاماژەمان پێدان کە بریتین لە (وتن بە دەنگی بەرز، روونکردنەوە و وەرگێڕان) کە هەوڵ دەدەین لەسەر هەریەکەیان کەمێک بوەستین.



ریچاڵد پالمەر (١٩٣٣-٢٠١٥)

وتن بە دەنگی بەرز (التلاوة): ئەرکی ئاشکرا (ئیعلان) کردنی هێرمس، کاتێک لە دیدگای ئەفلاتونەوە لە ئەرکی وتن دەکۆڵنەوە، دەبینین بایەخێکی گەورە بە دیاردەی وتنی زارەکی دەدات. لە نامەی فیدرۆسدا لە زاری سوکراتەوە دەڵێت: هەڵەیە ئەگەر کەسێک وا وێنا بکات دەتوانرێت هونەر بە نووسین دەر ببڕدرێت، یان ئەوەی نووسراوە بە تەواوەتی راستە، نووسین تەنها دەتوانێت ئەوەی یارمەتی مرۆڤ بدات ئەوی پێشتر فێری بووە لە ناخیدا جێگیری بکات، زیاد لەمە، ئەرک خستنە سەری هەڵەیە، سوکرات نووسین دەچوێنێت بە وێنەکیشان، وێنە هاوشێوەی ئەو گیاندارەیە کە وێنەی کێشراوە، بەڵام توانای وەڵامدانەوەی ئەوەی نییە لێی داوا دەکرێت، کتێب هزر و فیکری تێدایە، بەڵام توانای روونکردنەوەی ئەوەی نییە لەناویدا نووسراوە، بۆیە قسەکردن لە نووسین باشترە[١٦]. بەدەر لەوەی پرسی وتن جێبایەخی بەشێک لە توێژەرانی بوارەکەیە و باس لە خاڵی ئەرێنی وتن دەکرێت، وێڕای ئەوەی مێژووی ئەدەب بە نووسین پارێزراوە، بەڵام سیحری وتن بایەخێکی گەورەی هەیە و بەشێکی زۆری ئەدەب لە سیحری وتنەوە سەرچاوە دەگرێت [١٧].

سەرەڕای ئەوە ریچارد پاڵمەر باس لەوە دەکات لە دیدی یۆنانییەکانەوە بەیانکردن چوار خەسڵەتی بنەڕەتی هەبووە:

یەکەم: شێوەی بەیانکردنی مانایەک گرنگە.

دووەم: ئەوەی دەیگەیەنن لە خوداکانەوە سەرچاوەی گرتووە (سوکرات باس لە دوو جۆر دێوانەبوون دەکات، دێوانەییەک کە نەخۆشییە و دێوانەییەکیش کە دیاریی خودایە، کە مرۆڤ لە کۆتوبەندی دابونەریت و رێوڕەسم رزگار دەکات،

ئەوانیش بریتیین لە غەیبگۆیی و خوداپەرستی و شاعیری و عاشقی، کە ئەپۆلۆن و دیۆنۆس و موساکان و ئەفرۆدیتەوە ئیلهام وەردەگرن).[١٨]

سێیەم: کرداریکی زارەکییە و هێزی جادوویی زارەکیبوونی هەیە.

چوارەم: دەبێت ببێتە رووداو و لە کاتدا رووبدات[١٩].

## تەفسیرکردن

ریچارد پالمەر لە راڤەکردنی ئەم خەسڵەتەی هێرمنۆتیکای یۆنانیدا دەڵێت: "بەم چەشنە نییە کە وشەکان تەنها شتێک بڵێن، بەڵکو شتێک روون دەکەنەوە، بەڵگەداری دەکەن و شیکردنەوەی بۆ دەکەن، کە ئەم بەشەی ئاشکراترین خەسلەتی هێرمنۆتیکە)[٢٠]. ئەگەر بە وردی لەو بەشە بکۆڵینەوە کە پالمەر باسی دەکات، دەبینین سێ رەهەندی سەرەکی لەخۆدەگرێت، کە ئەوانیش (روونکردنەوە) بە مانای دووبارەکردنەوەی بابەتەکان بەشێوەیەک یارمەتی تێگەشتنی ئێمە بدات، یان وتنی شتێک لەسەر شتێکی دیکە، بەشی دووەمی ئەم بابەتە کە ئەرستۆ لە پەری ئێرمیناسدا باسی دەکات، قەراردانە لەسەر راستبوون یان راستنەبوونی گوزارەکە، ئەمەیش مانای بەڵگەدارکردنە، کە ئەمەیش لە لۆجیک و بۆتیقا بوونیادیترە[٢١]، هەرچی شیکاریکردنە، لە بنەڕەتی کاری نێوەندگیریی وەحی پەرستگای دلفیەوە، ئەو روون دەبێتەوە نێوەندگرەکە دەقێکی هەبووی لە پێشی روون نەکردووەتەوە، بەڵکو هەڵویستی تەئویل کردووە کە خودی خۆی دەق نەبووە[٢٢].

## وەرگێڕان

پالمەر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وەرگێڕان لایەنێکی دیکەی سەرەکی پێواژۆی ئاسانکردنی تێگەشتنە، وەرگێڕ هاوشێوەی هێرمسە دەبێتە نێوەندگری نێوان دوو جیهانی جیاواز[٢٣].

## تەوژمە نوێیەکانی هێرمنۆتیک

یەکێک لەو پۆلێنانەی کە لە بواری هێرمنۆتیکدا هەیە پۆلێنەکەی هێرمنۆتیکای نوێیە لە لایەن پالمەرەوە، کە شەش پێناسەی جیاوازی بۆ هێرمنۆتیک دیاری کردووە کە هەوڵ دەدەین ئەو تەوژم و پێناسانە بخەینە بەرباس، پێی وایە هەریەکەیان گوزارشت لە قۆناغێکی مێژوویی دەکات.

## هێرمنۆتیک وەک تیۆریای کتێبی پیرۆز

کۆنترین مانای هێرمنۆتیکی و بەربڵاوترینیشیان لە سەردەمی نوێدا ئەو مانایەی هێرمنۆتیکە کە پەیوەستە بە تەفسیرکردنی کتێبی پیرۆزەوە، ئەمەیش پەیوەست دەبێت بە کتێبەکەی دانهاوەرەوە لە ساڵی ١٦٥٤ ز دا ئەمەش بە بڵاوکردنەوەی کتێبی ( Hetmeneutica sacra sive methodus exponendarum sacrum litterarum)[٢٤] هەرچەندە ناوی دانهاوەر وەک یەکێک لە هیرمنۆتیسیانە نوێیەکان چاوپۆشی زۆری لێدەکرێت، هەروەک ژەن گغۆندان (Jean Grondin) نووسەری کتێبی ( Introduction to Philosophical Hermeneutics) ئاماژەی پێدەدات و دەڵێت ولیام دیڵتای بە کردەکی بایەخی پێنەداوە و گادامێریش باسی نەکردووە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هانسۆ جاگەر ئاماژە بە کاری وردی دانهاوەر لەو بوارەدا دەکات[٢٥]، دەبێت ئاماژە بەوە بکەین لەگەڵ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی پرۆتستانیزمدا پێویستی بە تەفسیری کتێبی پیرۆز بە بێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی کڵێسا هاتە ئاراوە، ئەمەیش وایکرد تەفسیری جیاوازی کتێبی پیرۆز زۆر ببن و پێویستی هەبوونی کۆمەڵێک پرانسیپ بۆ راڤەکردنی کتێبی پیرۆز ببێتە زەرورەت[٢٦].

هەرچەندە ئیڤۆن شیرەت (Yvonne Sherratt)یش باوەڕی وایە هەڵەی فەیلەسوفانی هێرمنۆتیکی هاوچەرخیش ئەوەیە بە شێوەی لاوەکی تەماشای هێرمنۆتیکی کتێبی پیرۆز دەکەن، ئەڵبەتە ئەو مەبەستی ئەوەیە کە پێش قۆناغی سەردەمی چاکسازی ئایینی، ئەو پێی وایە پاساوی فەیلەسوفان لە فەرامۆشکردنی قۆناغی پێش چاکسازی ئایینی ئەوەیە کە لەو قۆناغانەدا تەفسیری کتێبی پیرۆز تەنها یەک پراکتیزی هەبووە، لە کاتێکدا لە رووی مێژووییەوە بەو چەشنە نییە، دوو قوتابخانەی ئەسکەندەریە کە بەرکاریگەر بوون بە ئەفلاتونیزم و ئەنتاکیە، لە کەلتووری مەسیحییەت و لە یەهودییەتدا قوتابخانەی لەفزگەرا و میدراشی و پێشتر فیلۆی ئەسکەندەرانیمان هەبوون[٢٧]، بەڵام ئەوە ناشاردرێتەوە کە لە کاتی بزاوتی چاکسازیی ئایینی کاریگەر (١٧٢٠-١٨٢٠) نزیکەی سەد کتێب لەبارەی چۆنێتی تەفسیری کتێبی پیرۆزەوە چاپکران[٢٨].



ئیڤۆن شیرەت (١٩٦٦-)

**هێرمنۆتیک وەک فیقهی زمان**

سەرهەڵدانی بزاوتی عەقڵگەرایی و دووبارە بایەخدانەوە بە زانستی زمان (فیلۆلۆجی) کاریگەرییەکی قووڵی سەر هێرمنۆتیکا بەجێهێشت، لەم قۆناغەدا میتۆدی مێژووی – رەخنەگرانە لە زانستی کەلامدا سەری هەڵدابوو، میتۆدەکانی رستەسازیی/نحوي و مێژوویی سەلماندبوویان ئەو زانستانەی بۆ کتێبی پیرۆز بەکاردەبرێن هەمان زانستن لە بوارەکانی دیکەدا بەکاردەبرێن، سپیۆنزا ئاماژە بەوە دەکات پێوەری راڤەکردنی کتێبی پیرۆز هەمان ئەو نوری عەقڵە دەبێت کە هەمووان تێیدا هاوبەشن[٢٩]، ئەم گوزەرە کاریگەریی لەسەر ئەقلانیکردنی دەربڕینەکانی ئینجیل هەبوو، حەقیقەتە لاوەکییە مێژووییەکان بە نزمتر لە حەقیقەتە زەرورییە ئەقڵییەکان هەژمار دەکران، لەگەڵ ئەمەیشدا کارێکی دیکەیان ئەنجام دەدا، ئەویش پرۆسەی داماڵین لە ئەفسانەی کتێبی پیرۆز (demythologizing)[٣٠].

**هێرمنۆتیک وەک زانستی تێگەیشتنی زمانی**

شلایر ماخەر لە مێژووی هێرمنۆتیکدا بە قۆناغێکی نوێ هەژمار دەکرێت، کە توانیوێتی بازدانێکی گەورە بهێنێتە ئاراوە، ئەو پێی وابوو هێرمنۆتیک زانستی تێگەیشتن یان هونەری تێگەیشتنە.

هێرمنۆتیک وەک بنەمای میتۆدناسی بۆ زانستی مرۆیی

هێرمنۆتیک وەک دیاردەناسیی دازایین و دیاردە ناسیی تێگەیشتنی وجودی

هێرمنۆتیک وەک سیستمی تەئویل، بەدەست هێنانەوەی مانا لەبەرامبەر بت شکێنیدا

**بابەتی دووەم: هانس جۆرج گادامێر و هێرمنۆتیکی فەلسەفی**

هانس جۆرج گادامێر یەکێکە لە ناوە دیارەکانی بواری هێرمنۆتیکا، کتێبە بەناوبانگەکەشی (راستی و میتۆد) کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر هێرمنۆتیکا بەجێهێشتووە و بەشێوەیەک بازدانێکی گەورەی هێناوەتە ئاراوە، لە روانگەی میتۆدەکەی ئەوەوە خوێندنەوەی هێرمنۆتیکی بۆ بواری جیاواز کراوە، لەم بابەتەدا کار لەسەر ناساندنی گادامێر و دیارترین تێزەکانی ئەو لە بواری هێرمنۆتیکای فەلسەفیدا دەکەین.

## هانس جۆرج گادامێر

هانس جۆرج گادامێر لە گەشەسەندنی زانستی هێرمنۆتیکدا لە سەدەی بیستەمدا کەسایەتییەکی یەکلاکەرەوەیە، لە رووی ناوبانگ و کاریگەرییەوە لە پێش کەسایەتییە بەناوبانگەکانی بوارەکەی خۆیەوەیەتی، لەوانە پۆڵ ریکۆر و جانی ڤاتیمۆ (Gianni Vattimo)، گادامێر بەرکاریگەر بووە بە فەلسەفەی مارتن هایدگەر، هەروەها کاری لەسەر لێکۆڵینەوەی کانتی نوێ و فیقهی زمانی کلاسیک کردووە.



گادامێر (١٩٠٠-٢٠٠٢)

بە شێوەی گشتی گادامێر لە چوار بواری سەرەکیدا کاریکردووە:

یەکەم: پەرەپێدانی هێرمنۆتیکای فەلسەفی

دووەم: دیالۆگ لە ناو فەلسەفە و مێژووی فەلسەفەدا

سێیەم: سەرقاڵبوون بە ئەدەبیاتەوە بە تایبەت شیعر

چوارەم: فەلسەفەی پراکتیکی کە پرسە سیاسی و ئەخلاقییەکان لەخۆدەگرێت[٣١].

گادامێر لە ١١ شوباتی ساڵی ١٩٠٠ زایینیدا لە ئەڵمانیا لەدایکبووە، لە پۆڵەندا گەورە بووە، بەهۆی کۆچی دوایی دایکییەوە بە تەنهایی گەورە بووە و پاشان

دکتۆرای لەسەر گفتوگۆکانی ئەفلاتون هێناوە، خوێندکاری پۆل ناتۆرب و هارتمان بووە، بەڵام ئەوەی زۆر کاریگەریی لەسەر جێهێشتووە مارتن هایدگەر بووە، بە شێوەیەک خۆی دەڵێت: "من هەستێکی ترسناکم هەبوو، هەرچیم دەنووسی وام دەزانی هایدگەر بەسەر شانمەوەیە."(٣٢)

گادامێر لە زانکۆکانی لاپزینگ و فرانکفۆرت و کۆتاجاریش هایدلبێرگ لە شوێنەکەی کارڵ یاسپێرسادا دەرسی وتووەتەوە تا قۆناغی خانەنشین بووە، لە ژیانیدا کۆمەڵێک نازناوی گەورەی بەدەستهێناوە، لە ١٣ / ٣ / ٢٠٢٢ دا لە تەمەنی ١٠٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە(٣٣).

## کتێب و بەرهەمەکانی گادامێر

گادامێر بە یەکێک لە فەیلەسوفە جیدییەکانی سەردەمی نوێ هەژمار دەکرێت، لەگەڵ ئەوەیشدا بەرهەمێکی زۆری بە چاپ گەیاندوون کە لێرەدا ئێمە هەندێکیان دەخەینەڕوو:

١-حەقیقەت و میتۆد: ئەم کتێبە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٦٠ دا بە زمانی ئەڵمانی (Wahrheit unt method) بە چاپ گەیەنراوە، لە ساڵی ٢٠٠٧ دا لە لایەن (د. حسن ناظم و علی حاکم صالح)ـەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە و (دار اوریا) بە چاپی گەیاندووە، بە یەکێک لە بەناوبانگترین کتێبەکانی گادامێر هەژمار دەکرێت.

٢-سەرەتاکانی فەلسەفە: ئەم کتێبە لە لایەن (د. حسن ناظم و علی حاکم صالح)ـەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێردراوە و (دار الجدیدة المتحدة) بە چاپی گەیاندووە.

٣-دەرکەوتنی جوانی: ئەم کتێبە لە لایەن (د. سعید توفیق)ـەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لە ساڵی ١٩٩٧.

٤-خوێندکاری فەلسەفی: لە لایەن (د، حسن ناظم و علی حاکم صالح)ـەوە وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە و (دار الکتاب الجیدیدة المتحدة) لە ساڵی ٢٠١٣ چاپی گەیاندووە.

٥-ڕێگای هایدگەر: لە لایەن (د. حسن ناظم و علی حاکم صالح)ـەوە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە و (دار الکتاب الجدیدة المتحدة) لە ساڵی ٢٠٠٧ بە چاپی گەیاندووە.

٦-فەلسەفەی هێرمنۆتیک: (محمد شوقی الزین) بۆ عەرەبی پاچڤەی کردووە و (دار العربیة للعلوم) لە ساڵی ٢٠٠٦ چاپی کردووە.
٧-ئەخلاقی دیالیکتیکی ئەفلاتون: ١٩٦٨
٨-ئەفلاتون: شاعیرەکان: ١٩٣٤
٩-گەل و مێژوو لە هزری هێردەردا: ١٩٤٢
١٠-باخ و فیمار: ١٩٤٦
چەندین سەرچاوەی دیکەش

**هێرمنۆتیکی فەلسەفیی گادامێر**

ساڵی ١٩٦٠ ساڵێکی مێژووییە لە روانگەی هێرمنۆتیکاوە، لەو ساڵەدا کتێبی حەقیقەت و میتۆدی گادامێر بە چاپ دەگەیەنرێت، کە گۆڕانکارییەکی قووڵ لە بارەی هێرمنۆتیکاوە دەهێنێتە ئاراوە[٣٤]. هەر بۆیە لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین ئەوەندەی دەرفەت هەبێت تیشک بخەینە سەر هێرمنۆتیکا لە دیدی گادامێرەوە.

لە سەرەتاوە دەبێت ئەوە بزانین هێرمنۆتیکای گادامێر لەگەڵ دوو رووگەی سەرەکیدا بەرکەوتنی دەبێت، یەکەمیان نەریتی رۆمانتیکی ئایدیاڵی ئەڵمانی و دووەمیش پۆزەتیڤیزم[٣٥]، هەر ئەمەیش وایکردووە ئێمە گادامێر بە بازدانێکی گەورە لە هێرمنۆتیکدا هەژمار بکەین.

دەتوانین بڵێین یەکێک لە خاڵە بنەڕەتییەکانی هزری گادامێر کە لەوانی جیا دەکاتەوە لەو خاڵەدا خۆی وێنا دەکات کە ئەو باوەڕی وایە ئامانجی لە هێرمنۆتیک دیدێکی وەزیفەگەرایانە نییە، واتە دیوێکی کردەکی نییە، کە ئەمەیش پێچەوانەی دیدەکانی پێش خۆیەتی، لەوانە شلایر ماخەر و دەلتای و ئەمیلیۆ بیتی ( Emilio Betti) کە ئەوان هەریەکەیان لە ئاستێکدا باوەڕیان وابوو لە رێی هێرمنۆتیکەوە کۆمەڵێک یاسای دیاریکراو بەرهەم بهێنن بۆ راڤەکردنی بابەتێک، بەڵام گادامێر لەو رووەوە لەگەڵ ئەو پێشگریمانەیەدا نایەتەوە کە ئێمە ناسکار/فاعل مدرک-مان لە بەرامبەر بەرناس/بابەتەوە هەیە، بۆیە تێڕوانینەکانی دیوی کردەکی لەخۆناگرێت، هەربۆیە لێرەوە ئێمە دەتوانین دوو جۆری زۆر بنەڕەتی هێرمنۆتیک لێکدی جیابکەینەوە، ئەوانیش هێرمنۆتیکای وەسفی لەگەڵ هێرمنۆتیکای نۆرماتیڤ[٣٦].

ئەگەر ئێمە بمانەوێت دیوە جیاوازەکانی هێرمنۆتیکی گادامێر بخەینەڕوو، ئەوە دەبێت بە کورتی ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵی بنەڕەتی بکەین لەوانە:

**تێگەیشتن وەک بابەتێکی وجودی:** هێرمنۆتیکای فەلسەفی لەم خاڵەوە دەست پێدەکات، تێگەیشتن لە پرسێکی ئیبستمۆلۆجییەوە دەگوازێتەوە بۆ بابەتێکی ئۆنتۆلۆجی. جیاوازی ئەم دووانە لەوەدایە کە یەکەم تێگەیشتن وەک پرسێکی زەینی مرۆڤ هەژمار دەکات، بەڵام دووەم تێگەیشتن وەک خەسڵەتێکی وجودی مرۆڤ دادەنێت[٣٧] ناوبراو لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبی (حەقیقەت و میتۆد)دا دەڵێت: تێگەیشتن تەنها تێگەیشتن نییە لە ڕەفتاری خودی مومکین و فرەجۆر، بەڵکو جۆرێکی بوونی دازاینە لە خۆیدا، بەم مانایەش هێرمنۆتیک بەکارهێنراوە، کە ئاماژە دەکات بۆ بوونی زیندوویی بنەڕەتی دازایین کە مێژوویی بوون و بێکۆتایە[٣٨].

**تێگەیشتن ڕووداوە:** مەبەست لە ڕووداو ئەوەیە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤەوە ڕوودەدات، هەر بۆیە هێرمنۆتیکای گادامێر بەدوای ڕوونکردنەوەی ئەو تەکنیکانەوە نییە کە لە ڕێیانەوە تێگەیشتن ڕوودەدات، بەڵکو بە دوای وەسفکردنی ڕوودانی تێگەیشتنەوەیە[٣٩].

**تێگەیشتن دیاردەیەکی مێژووییە:** بەبێ گەڕانەوە بۆ کات هیچ تێگەشتنیک بوونی نییە، بە پێچەوانەشەوە مێژوو تەنها لە ڕاگوزەری ئاگاییەوە دەتوانرێت لیی تێبگەین، کە لە ئێستادا بوونی هەیە، ئاگایی مێژوویی پێمان دەڵێت کە ڕابردوو وەک تەنێک نییە کە بتوانرێت ببێتە بابەتی ئاگایی، بەڵکو گوزەرێکی شلە کە ئێمە لە هەر کردارێکی تێگەیشتندا لەناو ئەودا بەشداری دەکەین، ئالێرەوە کەلتوور شتێک نییە لە بەرامبەر ئێمەوە وەستابێت، بەڵکو ئێمە لەناو کەلتووردایین لە ڕێگەی ئەوەوە ئێمە بوونمان هەیە[٤٠].

بەکورتی لە دیدی گادامێرەوە خاڵێکی گرنگ و جێسەرنج هەیە، ئەویش ئەوەیە ئێستا هەرگیز لە ڕابردوو دابڕاو نییە، ئەمەش پێچەوانەی قوتابخانەی مێژووگەرایی و هێرمنۆتیکای ڕۆمانتیکییە، لە یەکەمیاندا جەخت لەسەر خاڵی تاکە لە هەست و سۆز و پێشگریمانەکان تا لە مێژوو تێبگەین لە دووەمیشدا ولیام دەلتای دەیەوێت میتۆدێک دابنێت کە هاوشێوەی میتۆدی زانستە سروشتییەکان بێت بۆ زانستی مرۆیی[٤١]. لە هزری گادامێردا پرسی مێژووییبوونی تێگەیشتن کۆمەڵێک دەرئەنجامی بنەڕەتی هەیە کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین.

**پرسی پێشداوەری:** پێشداوەری یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی هێرمنۆتیکای گادامێر کە پەیوەندییەکی قووڵی بە چەمکەکانی دیکەی ناوبراوەوە هەیە، لەوانە مێژووییبوونی تێگەیشتن و دیالیکتیکیبوونی تێگەیشتن و ڕۆڵی کەلتوور لە تێگەیشتندا، ئەڵبەتە لەم ڕووەوە گادامێر دەکەوێتە نیوان پۆزەتیڤیزمی لۆجیکی و نیچەوە[٤٢].

ئەم خاڵە لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، نەک ئەو دیدەی سەردەمی ڕۆشنگەری کە بانگەشەکەی ئەوە بوو *پێویستە مرۆڤ بە زەینی خاڵییەوە دەست بداتە کاری تەفسیرکردن*، بەڵکو بە بێ هەبوونی پێشگریمانە هیچ تێگەیشتنێک ڕوونادات[٤٣]. بە کورتی نەک لابردنی پێشگریمانەکان خوازراو نییە، بەڵکو هەر ناکرێت، چونکە هێندەی پێشداوەرییەکانمان لە بوونماندا بەشدارن، هێندە داوەرییەکانمان بەشدار نین[٤٤].

**بۆشایی زەمەنی:** یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی لەسەر بنەمای مێژووییبوونی تێگەیشتن دێتەئاراوە، بۆشایی زەمەنییە لەنێوان ئێستا و ڕابردوودا، لەو ڕووەوە کە تەنها کاتە دەتوانێت مانادار لە بێمانا جیا بکاتەوە، ئەمەیش مانای کوشتنی تێگەیشتن نییە، بەڵکو مانای لابردنی بابەتە عەرەزییەکانە لەناو دەقەکاندا، ئەڵبەتە بۆشایی زەمەنی دوو دیوی هەیە، دیوی ئەرێنی کە هەندێک لە پێشداوەریی نوێ دێنیتەئاراوە و دیوی نەرێنی کە بەشێک لە پێشداوەرییەکان لەناودەبات[٤٥].

**گرنگیی بەکارهێنان:** خاڵێک لێرەدا مایەی سەرنجە کە گادامێر کاری لەسەر کردووە، بریتییەلەوەی دەق لە ئەمڕۆدا چ مانایەک دەدات، نەک لە ڕابردوودا چ مانایەکی داوە، تێگەیشتن کاتێک ماناداره بتوانێت پەیامێکی بۆ ئەمڕۆی ئێمە تێدا بێت[٤٦].

**کردەییبوونی تێگەیشتن:** لە زمانی ئەڵمانیدا دوو چەمک بەکاردێن کە هەردووکیان لە وەرگێڕاندا بۆ ئینگلیزی بە مانای (understanding) وەردەگێڕدرێن، ئەوانیش (verstehen) بە مانای لایەنی وجودی و کردەکی و (verstand) بە مانای لایەنی مەعریفەتناسییانە، لە هێرمنۆتیکی گادامێردا بە مانای یەکەم بەکار دێت، بەو واتایەی توانای پەیبردن بە شتێک جیاوازە لە پێدانی شتێک، وەک توانای لێخوڕینی پاسێک جیاوازە لەوەی تەنها باسی لێخوڕینی پاسێکت بۆ

بکەن، لە دیدی هایدگەرەوە ئەم جۆرە تێگەیشتنە ژێربینای تەواوی تێگەیشتنەکانی دیکەیە[٤٧].

**یاری زمانی و تێگەیشتن:** گادامێر بە قووڵی باسی یاری دەکات، بەشی دووەمی کتێبەکەی بە رستەیەک دەست پێدەکات کە دەلالەتی قووڵ دەداتە ئەم پرسە، ئەویش بریتییە لەوەی "یاری کلیلی راڤەی ئۆنتۆلۆجییە."[٤٨]، کە ئەمەیش بە وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەو بەشە دەبینین یاری تیڕوانینێکی بنەڕەتییە لە هزری گادامێردا و بنەمای دەرکەوتەی حەقیقەتە لە کۆی بیرکردنەوەی گادامێردا.

**تێگەیشتن یەکگرتنی ئاسۆکانە:** ئاسۆ پێگەیەکی هێرمنۆتیکییە کە سەرچاوەی ئەحکام و چونێتی روانینی ئێمەیە بۆ جیهان، ئێمە هەرگیز ناتوانین لە دەرەوەی ئاسۆوە بوەستین، ئەمەیش وادەکات نەتوانین دەستمان بە ناسینی عەینی شتەکان رابگات، هەموو شوێنێک تێیدا هەین سنورداریی خۆی هەیە.

ئاسۆی هەر کەسێک پێشگریمانە و کەلتوور و دابونەریت و جیهانبینی ئەوە، بەڵام ئێمە باوەڕی نەگۆڕمان نییە، بە بەردەوامی ئاسۆی مرۆڤ لە شکڵگیریدایە، بەڵام ئاسۆی ئەمڕۆی ئێمە مەحکومە بە رابردوومان، بۆیە تەواوی ئاسۆکانمان مێژوویین[٤٩].

**بازنەی هێرمنۆتیکی:** ئەو بنەما هێرمنۆتیکییەی باوەڕی وایە گشت دەبێت لە رێگەی بەشەوە لێی تێبگەین و بەشیش لە رێگەی گشتەوە، کە ئەمەیش لە هونەری خیتابەی کلاسیکەوە وەرگیراوە، ئەمەش باس لە پەیوەندی بازنەییە[٥٠].

## بابەتی سێیەم : یۆرگن هابرماس و هێرمنۆتیکی رەخنەگرانە

لێرەدا هەوڵ دەدەین تیشک بخەینە سەر ژیاننامەی یۆرگن هابرماس و تیۆریای هێرمنۆتیکی رەخنەیی، بۆیە ئەم بابەتەیش دابەش دەبێت بەسەر سێ ناونیشانی بنەڕەتیدا .

### ژیاننامەی هابرماس:

هیچ گومانێک لەوەدا نییە  هابرماس گرنگترین فەیلەسوفی ئەڵمانییە کە لە ژیاندا مابێت و یەکێکە لە گرنگترین تیۆرسێنەکانی بواری کۆمەڵایەتی لە ئاستی جیهاندا، میراتگری قوتابخانەی فرانکفۆرتە و شوێنگرەوەی ئادۆرنۆ و هۆکایمەرە و لەگەڵ ناوبردنی تیۆری رەخنەییدا ناوی هابرماس دێتە زەینمانەوە[٥١].

یۆرگن هابرماس یەکێکە لە کاریگەرترین فەیلەسوفەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و دیارترین بیرمەندی قوتابخانەی فرانکفۆرتی ئەو قۆناغەیە لە ساڵی ١٩٢٩ زایینیدا لە شاری دۆسلدۆرف لەدایکبووە، لە قۆناغی سەرەتای تەمەنیدا بەرکاریگەر بووە بە کتێبەکانی جۆرج لۆکاش و لە ساڵی ١٩٥٦ – ١٩٥٩ وەک یاریدەدەری تیۆدۆر ئادۆرنۆ لە (دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی فرانکفۆرت) کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦١ دووەمین دکتۆرای خۆی لە زانکۆی ماربۆرگ لە زانستە سیاسییەکاندا بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٦٤ لە جێگەکەی ماکس هۆکایمەر لە زانکۆی گۆتە دەستی دایە وانە وتنەوە[٥٢]. هابرماس هاوشێوەی پێشینەکانی خۆی لە قوتابخانەی فرانکفۆرت لە لایەکەوە بەرکاریگەر بوو بە فەلسەفەی یۆنانی و لە لای دووەمیشەوە بە فەیلەسوفە دیارەکانی ئەڵمانیا، خوازیار بوو لە نێوان بەها و واقیعدا پێکەوەگرێدان دروستبکات، زیاتر لە بیرمەندانی فرانکفۆرت لە ژێر کاریگەریی کانت و مارکسدا بوو[٥٣].

**بەرهەمەکانی هابرماس**

1. Strukturwandel der Öffentlichkeit
2. Erkenntnis und Interesse
3. Theorie und Praxis
4. Technik und Wissenschaft als „Ideologie“
5. Legitimationsprobleme im Spätkapitalismus
6. Kommunikatives Handeln
7. Theorie des kommunikativen Handelns
8. Moralbewusstsein und kommunikatives Handeln
9. Der philosophische Diskurs der Moderne
10. Faktizität und Geltung
11. Die Einbeziehung des Anderen
12. Die postnationale Konstellation

چەندین بەرهەمی تر..



هابرماس (١٩٢٩-)

## هێرمنۆتیکای رەخنەیی یۆرگن هابرماس

هابرماس دەروازەی کار و زمان لە سیستمی ئەقڵیدا لەسەر بنەمای سیستمێکی پلەبەندی و ئاڵۆز پێشنیاز دەکات، بۆ ئەوەیش بەڵگاندن بەوە دەکات کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای وابەستەیی، زانینەکانیان رێک دەخەن، جۆری یەکەمی وابەستەییەکان بریتییەلە وابەستەیی تەکنیکی، دووەم: ئەو وابەستەییەیە کە لە رێگەی زمانەوە بۆی دروست دەبێت، ئەمەی لە کانت وەرگرتووە، ئەمەیش ناودەنێت وابەستەیی کردەکی، جۆری سێیەم: بریتییەلە وابەستەیی تیرامانانە، یا خواستی ئازاد و وابەستەیی رەهاییبەخش[٥٤].

ئەم سێ جۆرە وابەستەییە بە ئاستە جیاوازەکانی زانینی ئەوەوە پەیوەست دەبن، یەکەمیان پەیوەست دەبێت بە شیکاریی و ئەزموونییەوە، دووەم پەیوەست دەبێت بە مێژووی هێرمنۆتیکییەوە کە پەیوەستە بە زمان و پەیوەندی مرۆییەوە، سێیەم پەیوەستە بە رەخنەگری و رامانەوە[٥٥]. لە لایەکی دیکەوە هابرماس لە دەرەنجامی بەراوردکردنی فەنکشانڵیزمی پۆپەری و دیالیکتیکی ئادۆرنۆوە باسی کێشەسازی چوار پەیوەندی دەکات ئەوانیش:

-تیۆری و ئۆبجێکت

-تیۆری و ئەزموون

-تیۆری و مێژوو

-زانستی پراکتیک. [٥٦]

پێی وایە یەکەم و دووەم تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ توانا (قودرەت) پەیوەست دەبن، بۆیە حەقیقەت دەشێوێنرێت، بەم شێوەیە زانین و ئەقڵ دەکەونە ژێرکاریگەریی ئایدۆلۆژیاوە[٥٧]. ئەمەیش لەو روانگانەوە کە مەعریفە بەرهەمی کۆمەلگەیە و وەک هەر شتێکی دیکەی ناو کۆمەڵگە ئامادەگی ئەو شێواندنەی

تێدایە و گرەنتی ڕێگریکردن لەو شێواندنەیش بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە، [٥٨] هەر لەم ڕوانگەیەشەوە باوەڕی وایە زانست بێلایەن نییە[٥٩].

هابرماس بە دوای حەقیقەتی ڕاستەقینەوەیە، بۆیە لە ڕێگەی تیۆریای ڕەخنەگرانەوە دەیەوێت بگاتە ڕاستییەکی بەرکاریگەر نەبوو بە ئایدۆلۆژیا، ئەمەیش لە ڕێگەی گەیشتنە کۆڕایی ئەقڵانییەوە، کە ئامانجی هەر گوفتارێکە، مەرجی گەیشتنە کۆڕایی ئەقڵانیش هەبوونی ئازادییە، ئەمەیش تاکە مەرج نییە، بەڵکو دەبێت لە حەقیقەتە شێوێنراوەکانی تەنیشت هێز و ئایدۆلۆژیا خۆمان بپارێزین، ئەمە لە سایەی ڕامانەوە دەبێت، ئەم ڕامانەیش شێوەیەکی عیرفانیانەی هەیە[٦٠].

## دەرەنجام:

لە بەرئەنجامی خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی سەرەوەو بەدواداچوونی پرسی هێرمنۆتیکای کەلتووری و ڕەخنەیی، دەگەینە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە کە ئەم دوو دیدگایە ڕاستە لەو خاڵەدا هاوبەشن کە نەیاری بنەڕەتی پۆزەتیڤیزمن، بەڵام لە خاڵێکی بنەڕەتیدا ناکۆکن کە بە خاڵی سەنتەری هزری گادامێر هەژمار دەکرێت، ئەویش ئەو خاڵەیە مرۆڤ ناتوانێت لە پێشگریمانە و جیهانبینیەکانی ڕزگاری ببێت، ئەمەشی لە دیدی هابرماسەوە هۆکاری هەڵەی بنەڕەتی و تێنەگەیشتنە و حەقیقەتی شێوێنراو بەرهەم دەهێنێت.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


1. شرت ایون، فلسفه علوم اجتماعی قارەای، هرمنوتیک، تبارشناسی، نظریه انتقادی، ت: هادی جلیلی، تهران، نشر نی، ١٣٨٧ هـش، ص ٣٥.
2. شبستری محمد مجتهد، یاداشتهای فلسفی (٥)، وێبسایتی کەسی د. محمد مجتهید شبستری https://goo.by/cJjIgZ
3. مصطفی عادل: فهم الفهم مدخل الی الهرمنویطیقا نظریة التاویل من افلاطون الی جادامێر، القاهرة، روئیة للنشر و التوزیع، ٢٠٠٧، ص١٢.
4. شرت ایون، هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.

5. Zimmermann Jens: HERMENEUTICS A Very Short Introduction، p?. OXFORD University. 2015
6. پالمر ریچارد ا . علم هرمنوتیک، ترجمه محمد سعید حنایی کاشانی، چاپ پنجم، تهران، انتشارات هرمس، ١٣٨٩ هـش ص ١٩.
7. حبیب زاده، سیده ندا، گنجی نیا حسین، هرمنوتیک، بینات سال شانزدهم، پاییز 1388 شماره 3 (پیاپی 63)
8. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە ، ل٢٤.
9. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە ل ١٩.
10. شرت ایون: هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.
11. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە ل ٢٠.
12. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە ل ٢١.
13. شرت ایون: هەمان سەرچاوە، ل ٤١.
14. شرت ایون: هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.
15. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە ل ١٩.
16. افلاطون: چهار رساله، ترجمه: د، محمود صناعی، تهران ١٣٣٦ هـش، ل ١٨٧.
17. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٣٨.
18. افلاطون: چهار رساله، ل..
19. شرت ایون: هەمن سەرچاوە، ل ٤٦.
20. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٢٨.
21. شرت ایون: هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.
22. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٤٤.
23. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.
24. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.
25. GRONDIN JEAN: introduction to philosophical hermeneutics, WISsenschaftliche Buchgesellschaft, Darmstadt, Germany.1991, p45
26. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٦٨.

27. شرت ایون : هەمان سەرچاوە، لل ٦٢-٦٩.
28. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٤٣.
29. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٤٧.
30. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٧١.
31. Stanford Encyclopedia of Philosophy, https://plato.stanford.edu/entries/gadamer/
32. کتاب راه . https://goo.by/GLukrd
33. کتاب راه، هەمان سەرچاوە.
34. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢؟
35. واعظی احمد : در آمدی بر هرمنوتیک، فلسفه و کلام، کتاب نقد، تابستان 1381 – شماره 23 از 115 تا ١٤٦
36. مسعودی جیهانگیر: هرمنوتیک و نواندیشی دینی، پژوهشگاه علوم و فرهنگ اسلامی، قم، ایران، ١٣٩٢ ه.ش ل ٥٣ – ٥٥
37. مسعودی جیهانگیر: هەمان سەرچاوە، ل65.
38. غادامیر هانس جورج، الحقیقة و المنهج، ترجمة: د. حسن ناظم و علی حاکم صالح، دار اوریا، ٢٠٠٧، ص ٣٦.
39. مسعودی جیهانگیر: هەمان سەرچاوە، ل٧٥.
40. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە ل ١٩٥.
41. گلپایگانی علی الربانی، الهرمنوطیقا و منطق فهم الدین، ترجمة الشیخ داخل الحمدانی، ٢٠١٢، قم ، ص٣٧١.
42. گلپایگانی علی الربانی، هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٢
43. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٢٠١.
44. صالحی خدا صواست عرب: گادامر تاریخمندی فهم، مجله قبسات، سال سیزدهم، پاییز ١٣٨٧ هـش، ل ١٣٧ – ١٦٢
45. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٥.
46. پالمر ریچارد ا: هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٧.
47. مسعودی جیهانگیر: هەمان سەرچاوە، ل٨١.
48. غادامیر هانس جورج، هەمان سەرچاوە، ل ١٧١.

49. صالحی خدا صواست عرب: هەمان سەرچاوە.

50. غادامیر هانس غیورغ، فلسفة التاویل، الاصول المبادء، الاهداف، ترجمة محمد شوقی زین، منشورات الاختلاف، دارالعربیة للعلوم، المرکز الثقافی العربی، جزائر و بیروت ، ٢٠٠٧، ل ١١٩.

51. Fultner B, ed. Jurgen Habermas: Key Concepts. Acumen Publishing; 201

52. کتاب راه، زندگینامه یورگن هابرماس، لەم لینکەوە وەرگیراوە https://goo.by/CiuYrP

53. شرت ایون. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠١.

54. شرت ایون: هەمان سەرچاوە ل ٣٠٢

55. شرت ایون: هەمان سەرچاوە ل ٣٠٣

56. Habermas and Ricoeur’s Depth .Vinicio Busacchi Hermeneutics From Psychoanalysis to a Critical Human Science, springer, University of Cagliari Cagliari, Italy, p 26

57. شرت ایون: هەمان سەرچاوە ل ٣٠٣.

58. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٣٩٨.

59. مصطفی عادل: هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥.

60. شرت ایون: هەمان سەرچاوە، ل ٣٠٣.

# پەروەردە و فێرکردن و زیرەکیی دەستکرد
# پەروەردە بۆ مرۆڤ و فێرکردن بۆ زیرەکیی دەستکرد

**ئاری عەلی ئەمین**

**پێشەکی:**

بیرکردنەوە و نووسین و هەڵوێست لەم بوارەدا هەر چییەک بێت، بۆخۆی پێشەکییە، نەک لەم نیشتمانەدا، بەڵکو لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا، ئێمە لە هەرێمی کوردستان نەک پرسی زیرەکیی دەستکرد، بەڵکو بۆ پرسی پەروەردە و فێرکردنیش بەو مانایەی لەم سەردەمەدا هەیە هێشتا پێش سەرەتامانە، بۆیە ئیشکردن لە بەستێنی (پەروەرد) و (فێرکردن) و (زیرەکیی دەستکرد)دا دژوارە. ئاسان نییە و بگرە سەرلێتێکچوونیشە پرسی یەک و دوو لە قەیراندا بێت و پرسی ژمارە سێیش بێتە پاڵیان. ئیتر لێرەوە، لەم هەموو قەیرانەوە، رووەو پرسگەلێکی بەرین و هەمەلایەن هەنگاودەنێین و تێیدا دەژیین، بۆیە خوێنەری هێژا، ئەم نووسینە هەر هێندەی لە هەگبەدایە کە زۆرتر سەرەقەڵەمی ئەم بوارە بێت، دەکۆشم زۆر سانا و پوخت مەبەستی خۆم بخەمەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** خوێندن، پەروەردە، فێرکردن، زیرەکیی دەستکرد، مامۆستا، خوێندکار، ئەخلاق، زانست

**خوێندن:** ئاوێتەکردنی هەردوو پێواژۆ/پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، واتە هەر لە فێرکردنی پیتەکانەوە تا داهێنانە گەورە مرۆیی و زانستی و تەکنەلۆجییەکان.

**پەروەردە:** رەخساندنی زەمینەیەکە بۆئەوەی فێرخواز بەها مرۆییەکان لە فێرکاردا ببینێت و تێیاندا بژی و جێبەجێیان بکات.

**فێرکردن:** هەموو ئەو شێواز و میتۆدانەیە کە دەچنە خانەی گەیاندنی زانیاری و تێگەیاندنی زانستەوە.

## لە هەرێمی کوردستان لە کوێداین؟

لە کوردستان تازە تروسکایی باسی رێگەکانی وانەوتنەوە دەرکەوتوون، پرسی فێربوون و فێرکردن هێشتا هەر دوو وشەن، تەنانەت نەبوون بە ناونیشانیش، بەڵکو لە بەکارهێنانی وشەکانی پەروەردە و فیرکردن جۆرێک راهاتووین، وا دەزانین هەر یەکن، بێ هەڵوێستە، بێ ئەوەی سەرنج لەو دوانە و پەروەردە بدەین، یان چۆنە لەڕووی ریزکردنەوە پەروەردە پێش فێرکردنە، بەڵام لە پراکتیکدا نەک هەر ریزبەندییەکە پێچەوانەیە، بەڵکو ئەوەی دیارە تەنها فێرکردنێکی وەڕسکەری وشکە و پەروەردەیش کراوەتە دەرەوە.

## گەورەکردنێکی شێرپەنجەیی و پووکاندنەوەیەکی شێرپەنجەیی

ئەگەر خوێندن بچوێنین بە باڵندە و پەروەردە و فێرکردنیش بە دوو باڵەکەی، ئەوا لە کوردستان سێ دەیە زیاترە ئیش لەسەر گەورەکردن و هەڵئاوسانی یەکێکیان دەکەین، ئەویش فێرکردنە، بێگومان هەر جۆرە ئیشکردنێکی هاوسەنگ یان ناهاوسەنگ لەسەر یەکێکیان هاوکات ئیشکردنە لەسەر ئەوی تریشیان، ئەوەی لێرە دەگوزەرێت پشتگوێخستنی پەروەردەیە، هەموو هەوڵێک بۆ ئەوەیە مرۆڤێک پێبگەیەنین زۆرترین نمرە بەدەست بهێنێت، چڕکردنەوەی هەموو تواناکان لە نمرەدا، ئیتر لەدەرەوەی ئەمە چی دەبێت گرنگ نییە، ئەمە ژینگەی پێگەیاندنی بوونەوەرێکە کە هەڵپەی چەندێتی هەیە، چونکە کاتێک کە خوێندکارە، لەسەر ئەم هێڵە خوێندوویەتی: کورتکردنەوەی خوێندن لە فێرکردندا، فێرکردنیش تەنها

کۆمەڵێک تەکنیکە، لەناو ئەو تەکنیکانەیشدا ئەو تەکنیکانەی کە نمرەی پێدێت، کەواتە خوێندن لەبری ئەوەی پەروەردە و فێرکردن بێت، یەکسەر هەر لەڕێوە یەکسانە بە نمرە، هاوکێشەی (لە پەروەردە و فێرکردنەوە بەرەوە تەنها نمرە)، هاوکێشەی (A).

## چەندێتی و تاکێکی سەرکەوتوو

لە هاوکێشەی (A)، (لە پەروەردە و فێرکردنەوە بەرەوە تەنها نمرە) چیمان بەدەستهێنا، رۆڵی ئەو مرۆڤەی کە خوێندکارە و لە ژینگەیەکدا پێدەگەیەنرێت، ئەوەی باسی هەیە تەنیا نمرەیە و هیچی تر، واتە ئەو لەناو چەندێتیدا دەژی، شتێک لە پەروەردە لە ئارادا نییە، کاتێکیش لە پلەکانی خوێندندا (سەرکەوتوو) دەبێت، هەر ئیش و پیشەکی هەبێت، لەوێش هەر باسی زۆرترین داهاتە لە کەمترین کاتدا، چونکە لەسەر کۆمەڵێک کەمترین و زۆرترین راهێنراوە، بە کەمترین کات زۆرترین نمرە، زۆرترین (هەڵبەت بەگوێرەی ئەو بازاڕەی لەم بوارەدا سازکراوە) برە پارە بۆ فلان مامۆستای تایبەت لە فلان خوێندنگەی تایبەت بۆ فێرکردنی زۆرترین تەکنیک و بەرزترین نمرە و لەوێشەوە بەرەو (بەرزترین) کۆلێژ و (زۆترین) داهات، بە کورتی ئەوەی لێرەدا پێدەگات مەکینەیەکی سەرکەوتووە، ئامێرێکی زۆر کارایە بۆ ماشینەوەی چەندێتییەکان، جەستەیە، رۆبۆتێکە لە جەستەی مرۆڤدا، بە ئاسانی ئەو ریکۆردانە دەشکێنێت کە ئامانج تێیاندا ژمارەیە، دەتوانێت هەموو دیواری شوێنکارەکەی بکات بە بڕوانامە، سیڤی دووردرێژی هەبێت.


## لە ئەخلاقەوە بەرەو تەکنیکی دوور لە بەهای مرۆیی

چۆن لە هاوکێشەی (A)ـەوە دەتوانین بانگەشەی ئەوەی بکەین کە لە ئەخلاقەوە گواستوومانەتەوە بەرەو تەکنیکێکی دوور لە بەهای مرۆیی، پەروەردە ئەو سەرزەمینەیە کە بەها مرۆییەکانی لێیە، راستگۆیی، دڵسۆزی، هاوکاری، یارمەتی، دادپەروەری، مروەت، لێبووردن، پێکەوەژیان، جوامێری، ئازادی،

خاکەڕایی، ئارامگری، دڵنەرمی، دەستپاکی، عیشق، هاوڕێیەتی... هتد، ئەوانە هەندێک لە بەها مرۆییەکانن، ئەو بەهایانە و دەیانی تر تەنیا لە سایەی پەروەردەوە زیندوون، ئەگەر ئێمە خوێندن بریتی بکەین لە فێرکردن، فێرکردنی هەموو زانستەکانیش کورت بکەینەوە لە زانستە ئەزموونییەکاندا، زانستە ئەزموونییەکانیش لە چەند تەکنیکێکدا قەتیس بکەین، لەناو ئەو تەکنیکانەیشدا تەنیا ئەوانە هەڵبژێرین کە بۆ ناو (پۆلی ئێمە) دەشێن، لەوانیشدا ئەوانە بەکاربهێنین کە پەیوەستن بە نمرەهێنان لەو چەند بابەتەدا کە خوێندکار لە خوێندنگە بەناوی فیزیا، کیمیا، زیندە.. وەریان دەگرێت، دەبینین لێرەدا پەروەردەمان هەر لابردووە و لانیکەم چوارجاریش نەک پەروەردە، بەڵکو فێرکردنمان بچووک کردووەتەوە، ئیتر با بابەتەکان زانستە مرۆییەکانیش بن، بەڵام هێندە بچووکیان دەکەینەوە، تا هەموو ئامانجەکە تەنیا لە نمرەدا چڕ دەکەینەوە، ئەوە جگەلە دەرخ لەبەر خاتری نمرە، هیچی تر نییە، پێگەیاندنێکە دوور لە تێگەیاندن، وەرگرتنی زانستە بەبێ فەلسەفەی زانست، لە ڕۆیشتنی فارگۆنەکانی شەمەندەفەر دەچێت کە هەموویان بەبێ هیچ ئاگاییەک شوێن فارگۆنی یەکەم دەکەون، بەبێ هیچ ئاوڕدانەوەیەک لە ڕەهەندە مرۆییەکانی زانست و یان زانستە مرۆییەکان، زاڵکردنی لایەنی ڕۆبۆتی و ماددی مرۆڤە، ڕاستییەکەی کوشتنی بەها مرۆییەکانە، لەکارخستنی ویژدانە، دەبینین لە کۆتاییدا خاوەن بڕوانامەیەکی بێ فەرهەنگ، ساردوسڕ، بێویژدان دەخەینە بازاڕەوە، بوونەوەرێکی شارەزا، پسپۆڕێک مرۆڤ وەک ژمارە دەبینێت، بۆ نموونە: ئەندازیارێک وا ناڕوانێت کە چوار بینا بۆ چوار خێزان بنیاد دەنێت، بەڵکو تەنها ژمارە (٤)یکە و هەندێک پارەی لەسەر وەردەگرێت، یان پزیشکێک، وا ناڕوانێت کە چوار مرۆڤ بۆ چارەسەر هاتوون بۆلای، بەڵکو چوار کەیسە و هەریەکەیان بڕێک پارەی بەناوچاوەوەیە، بەم شێوەیە لە ئەخلاقەوە سەرمان لە تەکنیکێکی دوور لە بەهای مرۆیی دەردەچێت. ئەمەیش ناودەنێین هاوکێشەی (B).

- هاوکێشەی (A) (لە پەروەردە و فێرکردنەوە بەرەوە تەنها نمرە)

- هاوکێشەی (B) (لە ئەخلاقەوە بەرەو تەکنیکی دوور لە بەهای مرۆیی)




هێڵکاریی زنجیرەی خوێندن

## سەرمایەداری؛ بکوژی پەروەردە و سیستەمێکی تۆکمە بۆ پێگەیاندنی تاکێکی گوێڕایەڵ و یەکڕەنگ

ئیشمان بەو ناونیشانە چییە، چۆن لە (لە ئەخلاقەوە بەرەو تەکنیکی دوور لە بەهای مرۆیی)، واتە لە هاوکێشەی (B)ـەوە دەگەین بەوەی سەرمایەداری تاکێکی گوێڕایەڵ و یەکڕەنگ بەرهەم دێنێت، بێگومان کاتێک مرۆڤێک هەموو بیرکردنەوەکان وەلادەنێت و جۆرێک بیرکردنەوە وەردەگرێت، یان هەموو دەرگاکان لەخۆی دادەخات و یەک دەلاقە بەکاردێنێت، هەموو شێوەکان پشتگوێ دەخات و خۆی دەخزێنێتە یەک قاڵبەوە، هەموو ڕەنگەکان فڕێ دەدات و یەکرەنگ دەبێتەوە، ئەمە ئیتر نێچیرێکی ئاسانە بۆ سیستەمێکی هەلپەرستی قۆرخکاری وەک سەرمایەداری، سیستەمێک ئیشی بە مرۆڤی ڕەخنەگر و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە نییە، سیستەمێک بانگەشەی ئەوە دەکات تۆی مرۆڤ هەر بیروباوەڕێکت هەیە کێشە نییە، بە مەرجێک لەگەڵ من کێشەت نەبێت، بە من بخۆیت، ئەوە بۆخۆی ئەو ئازادییە ساختەیە کە دوای دەستەواژەی 'بە مەرجێک' هەڵدەوەشێتەوە، مەرجی زیان نەگەیاندن بە پەزەکانی ئەو، واتە داوای سەرمایەداری ئەوەیە؛ تۆ هەرچی

هەیت ببە، بە مەرجێک لە هێڵە سوورەکانی من لامەدە، بە کورتی هەرچی هەیت، هیچ نیت، جگەلە بەشێکی بێ ئیرادەی نێو سیستەمێکی ئاڕاستەکراو، پارچەیەکیت لە مەکینەیەک تەنها ئەوەندە پێویستت بە ئەقڵە کە داواکانی سیستەم بەجێبهێنێت، زیاتر نا، بۆیە بە ئاسانی لەوە تێدەگەین کە سەرمایەداری پێویستی بە مرۆڤی پەروەردەکراو نییە، بەڵکو مرۆڤی فێرکراوی ڕاهێنراوی پێویستە، بۆ ئەم مەبەستەیش جۆرێک بازاڕ ڕێکدەخات، جۆرێک خوێندن و بڕوانامە و پسپۆڕی برەو پێدەدات کە زیاتر بەلای زانستە ئەزموونییەکاندا بشکێتەوە، یان تەنانە ئەگەر زانستێکی مرۆییش بەکاربهێنێت، جۆرێک لە قاڵبی دەدات هەمان ئیشی زانستە ئەزموونییەکانی پێدەکات، واتە دەیکاتەوە بە بابەتێکی چەندێتی، دەیکاتەوە بە کەرەستەی تاودانی بازاڕی خۆی، وەک ئەو لە قاڵبدانەی بە ناوی دەروونناسی و ئابوورییەوە دەکرێت، تەنانەت هێندە ئایینیشی دەوێت بچێتەوەناو چوارچێوە داواکراوەکەی خۆی، واتە جۆرێک دایدەڕێژێتەوە کە بچێتەوە خزمەت گەمەی سەرمایەداری، ئەم گەیەمە ئەمە دوا ئامانج و کرۆک و بنەماکەیەتی؛ (بەردەوام زۆرترین قازانج بە کەمترین کات و تێچوو، بێ گوێدانە هیچ بەها و بنەمایەکی مرۆڤایەتی.) ئەوەیش ناودەنێین هاوکێشەی (C). دەبینین خودبەخود هاوکێشەی (C) دەبێتە داخواز و دەرئەنجامی هاوکێشەی (B).

- هاوکێشەی (A) (لە پەروەردە و فێرکردنەوە بەرەوە تەنها نمرە)


- هاوکێشەی (B) (لە ئەخلاقەوە بەرەو تەکنیکی دوور لە بەهای مرۆیی)

- هاوکێشەی (C) (بەردەوام زۆرترین قازانج بە کەمترین کات و تێچوو، بێ گوێدانە هیچ بەها و بنەمایەکی مرۆڤایەتی)

**بەرهەمی پەروەردە ئەخلاقە، بەرهەمی فێرکردن زانستە.**

لە سەرەتاوە ئەوە پێشگریمانەمان بوو کە خوێندن واتە هەردوو باڵی پەروەردە و فێرکردن، بەرهەمی هەر یەک لەو دوانە بە جیاو لێکدابڕاوی جیاوازە، زادەی فێرکردنێکی بێ پەروەردە تەنها زانستە، زادەی پەروەردەیەکی بێ

فێرکردنیش تەنها ئەخلاقە، ئەخلاق بە مانا فراوانەکەی، ئەوەی لە کوردستان سەررِیَ خراوە فێرکردنێکی دابڕاوە لە پەروەردە، جیهانی سەرمایەدارییش رێک ئەوەی دەوێت، بوونەوەرێکی شێوەمرۆڤی ناوەڕۆک رۆبۆت، پسپۆڕێکی گوڕایەڵ و بیَ پرسیار و خاوەن بڕوانامەی (زۆر) و (IQ)ی (بەرز)، هاوڵاتییەکی بەڕێز و بیَ کێشە، هاوتا و هاوسەنگ بە گوێرەی ستانداردەکانی خۆی، رۆژانە دوای پەنجەمۆر و ئیشپێکردن دەینێرێتەوە بۆ ماڵەوە، پرسیارێک؛ ئەم جۆرە تێڕوانینە زێدەڕۆیی نییە؟ ئەی ئەو هەموو داهێنانەی ناو زانستە مرۆیی و ئەزموونییەکان چیَ؟ (بیگومان مەبەستمان لە داهێنان لە دەرەوەی کوردستانە)، وەڵامەکە تا ئەو ئاستە ئاسان و بەردەستە دەتوانین بڵێین بیَ ماندووبوون ئامادەیە، چونکە هەر داهێنانێک ئیتر ماددیی/کەرەستە یان مەعنەوی/چەمک بێت، بچووکترین زیانی بۆ سەرمایەداری هەبێت، دەستبەجیَ پەراوێز دەخرێت و جۆرێک داهێنەرەکەی گۆشەگیر دەکرێت وەک ئەوەی تاقانە تاوانکاری نێو بێگوناهان بێت. هەرکەسێکیش پێچەوانەی ئەو لێشاوە مەلەبکات، دەکرێتە تەیرێکی سەیروسەمەرە.




هێڵکاریی بەرهەمهێنانەوەی فێرکردن

**مامۆستا وەک فێرکار، مامۆستا وەک پەروەردەکار**

چارەسەر چییە؟ چۆن لەم دۆخە سەخت و بیَ دەرەتانە دەربچین؟ وەڵامەکە بە نووسین ئاسانە، دەتوانین بە کۆڕستێک/پەرەگرافێک لێی دەربچین؛ بۆ

دەرچوون لەم دۆخە بە چارەسەر نەک هەڵاتن، بێگومان پێویستمان بە لەخۆبووردن و ئارامی و بەردەوامییە، دەبێت لەم ڕێگەیەدا قوربانی بدەین، چونکە دۆخەکە جۆرێک سازکراوە لادان لەم باوەی ئێستا هەیە هەرچییەک بێت زیان بەخۆگەیاندنە، ئەمەیش بە لەخۆبووردن و خۆنەویستی دەکرێت، با کورت و ڕوونتر بنووسین، لەم باوەی ئێستا دەبێت مامۆستا چیتر تەنها فێرکار نەبێت، نەک هەر زیاتر پەروەردەکار بێت، بەڵکو بەتایبەت ئێستا کاتێتی بوێریی وتن و بانگەشەی ئەوەمان هەبێت کە؛ (ئیتر مامۆستا دەبێت تەنها پەروەردەکار بێت)، ئەمە ناودەنێین بانگەشەی (١). چۆن؟ ئەی فێرکردن چی لێبکەین؟ چۆن خوێندن تەنها بە پەروەردە تەواو دەکرێت؟ ئایا ئێستا لەم نووسینەدا نەکەوتووینەتە هاودژییەوە؟ ئەم بانگەشەیە پێچەوانەی سەرەتای نووسینەکەمان نییە، نەخێر، چونکە:

١.ئەم دۆخەی ئێستا تێیدا دەژیین زادەی پەروایێزخستنی پەروەردەیە و نەک بە سەنتەرکردن بەڵکو بە هەمووشتکردنی فێرکردنە، بۆیە ئەزموونێکی زیاد لە سێ دەیە پیشانمان دەدات کە ئەم باوە دەبێت بگۆڕێت بۆ پێچەوانەکەی.

٢.کاتێک مامۆستا هەموو ئەرکی تەنها دەبێت بە فێرکردن، ئێستا زیرەکیی دەستکرد ئەم ئەرکە جێەجێ دەکات، ڕاستییەکەی ئەم خاڵەی دووەم هەوێنی هەموو ئەم نووسینەیە، کاتێک تۆی مامۆستای بەڕێز دەچیتە پۆلەوە، هەموو ئیشت لە پۆلدا تەنها وتنەوە و هەڵڕشتنی ئەوەی لای تۆیە دەربارەی زانستگەلێکی وەک: کیمیا، فیزیا، بیرکاری، یان لە زمانەکاندا ڕێزمانی هەر زمانێک، ئایا هەر بەڕاست کاتی ئەوە نەهاتووە لە خۆت بپرسیت؛ ئایا زیرەکیی دەستکرد لە منی فێرکار زۆر باشتر ئەم کارە ناکات؟ زۆر باشتر زۆر بە دیاریکراوی ئەم زانست و بابەتانە ناڵێتەوە؟ مەبەستمان لە زانست و بابەت (زانستە ئەزموونییەکانە، یان زانستە سروشتییەکان، واتە بیرکاری، کیمیا، فیزیا، زیندە، جوگرافیای سروشتی و ڕێزمانی زمانەکان..)ە، ئەوە ناودەنێین (کەوانەی فێرکردن) نەک (ئایین، هونەر، پەروەردە، وەرزش و بەشی ئەدەبیاتی زمانەکان..) ئەویش ناودەنێین (کەوانەی

پەروەردە) چۆن؟ بە چاوپۆشی لەوەی ئەوەی ئێستا لە کوردستان بەناوی زانستەوە دەوترێتەوە تا چەند لە ئاستی دۆخە زانستییە جیهانییەکەدایە، باسەکەمان ئەمە نییە، با بڵێین ئێمە ڕێک لە ئاستی وڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانیشداین، کاتێک مامۆستایەک سەربە (کەوانەی فێرکردن)ـە، بۆ نموونە ٢٥ ساڵە فیزیا دەڵێتەوە، ئەگەر پرسەکە تەنها ئەوە بێت فێرخواز فێری فیزیا بکرێت، ئەوە زۆر ڕوون و حاشاهەڵنەگرە ئەم ئەرکە زیرەکیی دەستکرد جێبەجێی دەکات، ئیتر ئەمە بۆ هەموو ماددەکانی سەربە (کەوانەی فێرکردن) ڕاستە، لێرەوە واقیع دەمان خاتە بەردەم ئەو ڕاستییەوە کە خوێندن دەکەوێتە سەر ئەم هێڵە؛ هەموو بابەتەکانی (کەوانەی فێرکردن) بۆ زیرەکیی دەستکرد و (کەوانەی پەروەردە)یش بۆ مرۆڤ! بەڵێ، ئەمە ڕاستییەکی تاڵ و شیرینە، ئەمە ئەو قەیرانەیە کە بەرۆکی مامۆستای تاکڕۆڵ دەگرێتەوە، ئەو مامۆستایەی کە تەمەنێکە جگە لە زانستێکی وشکی پەتی و دوور لە هەموو ڕەهەندێکی پەروەردەیی هیچی تری نەکردووە، خوێندکاری فێری بیرکردنەوە و چارەسەرکردن نەکردووە، لە بەرگی کتێبەکە نا، بەڵکو مەلزەمەکە دەرنەچووە، ئەویش مەلزەمەکەی خۆی، ئاگای لە دەرەوەی خۆی نییە، مەبەستمان لە دەرەوەی خۆی دۆخە جیهانییەکەیە، نەک مامۆستای خوێندنگەکانی تر، چونکە ئەوانیش بە تێکڕا نەک هەموویان هەر لە هەمان دۆخدان، داخۆ چ خەبەرە، لە ئەمڕۆی جیهاندا نەک لە بواری پەروەردەدا، نەک زانستەکانیشدا، بگرە هەر لە بواری زانستەکەی خۆیدا چی دەگوزەرێت، هەواڵێک لە گۆڕێ نییە، من وەک مامۆستایەک کە ئەم بابەتە دەنووسم، ئەو (١٣) سیانزە ساڵەی دەرسم وتووەتەوە، بەداخەوە پڕە لە نموونەی ئەم بوارە.

ئەو دۆخە سەرمایەدارییە ناقۆڵایەی لە کوردستان هەیە زیاتر هەندێک لەو کۆلێژانەی زەق کردووەتەوە کە دەکەونە خانەی (کەوانەی فێرکردن)ـەوە، هاوکات ئەو کۆلێژانە دەبنەوە بە بەرهەمهێنەرەوەی ئەو قەیرانانەی کە لە هاوکێشەکانی (A) و (B) و (C) دا باسمان کردوون، چونکە سەرمایەداری ڕەواج بەو بەشانە دەدات، ئەوان بازاڕی کەرەستە و جەستەی بۆ دەڕەخسێنن، لەبەرئەوەی سەرمایەداری مرۆڤێکی بەرهەمهێناوە بەندەی کەرەستە و جەستەیە، ئەم مرۆڤە

ئامڕازەکانی کردووەتە ئامانج، بۆیە تەنها ئەو بەشانە بە بەرهەمی خوێندن دادەنرێن، واتە کۆمەڵگە بە ئاقارێکدا براوە دەرچووی بەشەکانی سەربە (کەوانەی پەروەردە) حساب نیین، پێویست نیین، بۆ؟ چونکە ئەوەی زاڵ کراوە فێرکردنە، زادەی فێرکردنی بێ پەروەردەیش هاوکێشەکانی (A) و (B) و (C)ـە، ئەو هاوکێشانەیش دیسان دۆخی زاڵکردنی فێرکردن بەرهەم دێننەوە، زاڵکردنی فێرکردنیش زانست بەرهرمرکەیەتی، زانست بە واتا پۆزەتیڤیستییەکەی، دەبینین ئیتر ئێمە لەم بازنەیەدا دەژیین، بۆیە بیانوی (ئیشمان فێرکردنە نەک پەروەردە) لەلایەن کادیرانی (کەوانەی فێرکردن)ـەوە خۆپەڕاندنەوەیە لە قەیرانەوە بەرەو کارەسات.

لە سۆنگەی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە بەو راستییە دەگەین کە ئیتر فێرکردن دەبێتە ئیشی زیرەکیی دەستکرد و پەروەردەیش دەبێتە ئیشی مرۆڤ، بەڵێ، راستە ئەوە مرۆڤە زیرەکیی دەستکردی بەرهەم هێناوە، بەڵام چیتر پێمان خۆش بێت یان نا، تەنانەت ئەگەر ڕێگەیشی لێ بگرین تازە بە دەست مرۆڤ نییە، بابەتی فێرکردنیش وەک دەیان و سەدان لایەنی تری ژیان، مرۆڤ سپاردوویەتی بە زیرەکیی دەستکر و پاشەکشەی لێناکات، زیرەکیی دەستکرد جێگەی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەمە دەنگی زرینگانەوەی ئەو زەنگەیە کە پێمان دەڵێت: مرۆڤایەتی! چیتر خۆتان بە فێرکردنەوە ماندوو مەکەن، ئەوە بە من بسپێرن! ئەدی پەروەردە؟ لەم دۆخەدا ئەو چی بەسەر دێت؟

## نەخشی مرۆڤ دوای زیرەکیی دەستکرد

## زیرەکیی دەستکرد و گەڕانەوە بەرەو پەروەردە

راستییەکەی ئەمە یەکەم جارە مرۆڤ دەکەوێتە بەردەم هەڵوێستێکی هێندە نامۆ و سەیرەوە، یەکەم جارە مرۆڤ دەبێتە بکەرێکی بێ بژاردەی ناچاری داهێنراوی دەستی خۆی، یەکەم جارە دەستبەرداری بەشێکی گەورەی توانا مرۆییەکانی خۆی دەبێت کە فێرکردنە، یەکەم جارە مرۆڤ هەست بەوە بکات تاقە

بابەتێک کە تەنها بە خودی خۆی بکرێت پەروەردەیە، بەها مرۆییەکان زۆرن کە سەر بە پەروەردەن، ئایین، ئەخلاق، هونەر، عیشق، جوانی، ویژدان، سۆز، شادی، لێقەومان، غەم، گریان، هاودڵی، دڵدانەوە، دڵئێشان، دڵنەرمی، دڵپاکی، ئازار، سپاسگوزاری، هاوڕێیەتی، ماندوویێتی، ڕەنج، منەت، دایکایەتی، باوکایەتی، ئەمانەت، متمانە، ڕاستگۆیی، دڵسۆزی، هاوکاری، یارمەتی، دادپەروەری، مروەت، لێبووردن، پێکەوەژیان، خاکەڕایی، ئارامگری، دەستپاکی، سیلەی ڕەحم، ئەمەکداری ... هتد، مرۆڤایەتی ئەوانەی لێدەربکەیت چی دەمێنێتەوە؟ ئەو ژیانەیشی کە ئێستا مرۆڤ هەیەتی لە سایەی ئەو بەها نەمرانەوەیە، ئیتر با کەمیش بووبێتنەوە، باسی ژیانە نەک زیندوێتی، مەبەست ڕەهەندە مرۆییەکەیەتی نەک بایۆلۆجییەکەی. بەڵێ، پەروەردە هێندە مەزنە.



ئایا کە مرۆڤ ئەرکێکی هێندە گەورە و گرانی وەک فێرکردنی لە کۆڵ دەبێتەوە، کاتێکی زۆرتری بۆ ناگەڕێتەوە بۆ پەروەردە؟ ئایا دوای ئەوەی کە فێرکردن بووە ئیشی زیرەکیی دەستکرد، ئیتر مرۆڤ دەستکراوەتر و ئاسوودەتر ناتوانێت ئەو هەموو کاتەی بۆ فێرکردن تەرخان کردبوو ببەخشێت بە پەروەردە؟ بە بۆچوونی من ئەمە ڕۆژێکی نوێیە، بەسەر پەروەردەدا هەڵدێت، ئەمە سەردەمێکی هاتە بۆ پەروەردە، ژیانێکی نوێ چاوەڕێی مرۆڤایەتی دەکات، لێرەوە دوای زیرەکیی دەستکرد نەخشی مرۆڤ لە ژیاندا دەگۆڕێت، گۆڕانەکە ڕووەو گرنگیدان وگەڕانەوەیە بەرەو پەروەردە، ئەو گردنگیدان و گەڕانەوەیە مەرج نییە هەروا خێرا و دەمودەست بێت، بەڵکو وەک هەر ئەزموونێکی تری مرۆڤ پێدەچێت بخانەیەنێت، ساڵانێک قوربانیی پشتگوێخستنی پەروەردە بدات، سەردەمێک بەهۆی نغرۆبوون لە خواست و هەڵپەی وێرانکارانەی نامرۆڤانەی سەرمایەداریدا تووشی ماڵوێرانی ببێت، بەڵام دەگەڕێتەوە و پەروەردە هەڵدەبژێرێتەوە، چۆن؟ چونکە ئیتر

زانست و زیرەکیی دەستکرد ناگەڕێنەوە، ناچنەوە سەرەتا، بەڵکو دەبینین نەک ساڵانە، بەڵکو رۆژانە مەعریفەی مرۆڤایەتی چەند قات دەبێتەوە و تاو دەسێنێت، مرۆڤیش هەرچەند لەڕووی زانست و تەکنەلۆجیا و زیرەکیی دەستکردەوە بەرەوپێش بڕوات زیاتر درکی ئەوە دەکات کە پێویستی بە پەروەردەیە، ئەم درکی پێویستبوونی پەروەردەیەش تاهەتایە هەر لە درککردندا ناوەستێتەوە، دەبێتە کردار، چونکە هەموو مرۆڤەکانی هەمان سەردەم ناتوانن بەردەوام خەریکی جەنگ و کوشتار و وێرانکردن بن، یان پشت لە پەروەردە بکەن، ژیانی ئێستا و مێژوو پیشانمان دەدات کە مرۆڤ بەردەوام لە ئاشتی و شەڕێکی رێژەییدا ژیاوە.

لێرە بەدواوە سەردەمێکی تر بەڕێوەیە، نەک تەنها میتۆدێک یان کۆمەڵێک میتۆد، بەڵکو سەرلەبەری پارادایمی خوێندن دەگۆڕێت، ئیتر لە خویندنگەدا پیویستمان بە مامۆستای بیرکاری و رێزمانی زمانەکان نییە، ئەوانە دەبنە بەشێکی بچووک لە ئیشەکانی زیرەکیی دەستکرد، ئەوانە دەبنە کەسانی ناو مێژووی خوێندن! هەر ئەوان نا، هەموو مامۆستایانی سەر بە (کەوانەی فێرکردن) ماڵئاوایی لە ئەرکی فێرکردن دەکەن.

### زیرەکیی دەستکرد وەک جێگرەوەی فێرکار نەک مامۆستا

زیرەکیی دەستکرد کە لە فێرکردندا جێگەی مامۆستا دەگرێتەوە، دەبێتە فێرکار نەک مامۆستا، ئەوەی بە مامۆستایی دەمێنێتەوە هەر ئەو مرۆڤانەن کە پەروەردەکارن، ئیتر مامۆستابوون چ پەیوەندییەکی بە بڕوانامەوە نامێنێت، هەرچەند پێشتریش هەر نەیبووە، ئەو ئیشە سەختەی کە میکانیکی نییە و تەنها بە ئەقڵێکی پەتی ناکرێت، ئەو ئیشەی تێکەڵەی هەموو بەها نەمرەکانە تەنها بە مرۆڤ دەکرێت، مرۆڤی پەروەردەکار، تەنها مرۆڤ دەتوانێت بابەتەکانی (کەوانەی پەروەردە) بڵێتەوە، بۆ نموونە تەنها مرۆڤ لە ئاییندا لە باسی خودا، رۆژی دوایی و بابەتە پیوارییەکان تێدەگات، ئەوە تەنها مرۆڤە لە هونەردا لە باسی جوانی و رەهەندە قووڵەکانی جیهانی سکوت تێدەگات، یەکلابوونەوەی مرۆڤ بۆ پەروەردە بەرەو ئەوە دەچێت کە جارێکی تر گەڕانەوەیەک بۆ بەها نەمرەکان رووبدات. بۆیە

ئیتر سەبارەت بە زانستە ئەزموونییەکان یان (کەوانەی فێرکردن) مامۆستایەتی لەئارادا نامێنێت، پێکهێنەرەکانی خوێندن هەروەک خۆیان دەمێننەوە، پەروەردە و فێرکردن، بەڵام ئەوەی دەگۆڕێت ڕۆڵی مرۆڤە.

**لەناو سەرمایەداریدا مامۆستا بەشێکی بەهێزە نەک مرۆڤێکی بەهێز**

سەرمایەداری جۆرێک هەژموونی کردووە بەسەر هەموو کایەکانی ژیاندا، دەتوانین بڵێین ژیان کەوتووەتە ناویەوە، واتە ژیان لەناو فەزای سەرمایەدارییدایە، درککردنی ئەوەی کە لەنێو ئەم فەزایەدا چ پێگەیەکەت هەیە و دەکەویتە کام بەشی جومگەی مەکینە زەبەلاحەکەی سەرمایەدارییەوە، بۆخۆی هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام بەس نییە، هەڵسوڕێنەرانی سەرمایەداری جۆرێک ژیانیان دەستکاری کردووە، جۆرێک مرۆڤیان خجڵ کردووە تەنها لە خەمی جەستەیدا بێت، خەمی جەستەیش زۆر بەگشتی دەکرێت لەم سێ خاڵەدا کورت بکەینەوە:

١.چێژی جەستە و دەستکاریکردنی جەستە

٢.چێژی خۆراک و دەستکاریکردنی خۆراک

٣.دابینکردنی کەرەستە و شوێن و شێواندنی شوێن

لە ڕوونکردنەوەی هێڵکارییەکاندا بینیمان مامۆستا بەشێکی گەورەی ئەم مەکینەیە پێکدێنێت، بەوەی کادری ئامادە و پسپۆڕ ڕەوانەی ئەو بەشانەی زانکۆ و خوێندنی باڵا دەکات کە دەچنە خزمەتی بوارەکانی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە، واتە لێرەدا مامۆستا و خوێندنگە فابریکەی دەرکردنی مرۆڤی خاوەن بڕوانامە و پسپۆڕن، چونکە ئیشەکە لە ئێستادا تەنها بووە بە فێرکردن، فێرکردنیش زانست بەرهەم دێنێت، زانستیش ئەو کۆمەڵە بوارەیە کە بێ ئەوەی پەیوەستی هیچ بەهایەکی مرۆیی بکەین ئیش دەکات، یان هیچ بەهایەکی بۆ بکەین بە چاودێر، بەڵام چ ئیشێک، خاڵیکردنەوەی خوێندن لە پەروەردە و پڕکردنەوەی شوێنەکەی بە فێرکردن، واتە: لە(خوێندن= پەروەردە+فێرکردن)ـەوە بەرەو (خوێندن=فێرکردن+فێرکردن)، ئەنجام: خوێندن=فێرکردن.

ئەوە ڕێک هەمان هێڵ و ئامانجی دوور و نزیکی سەرمایەدارییە، بەرهەمەکەیشی هەموو ئەو نەهامەتییەیە کە ئێستا مرۆڤایەتی تێیدا دەژی، بۆی دەمرێت و لەسەری دەکوژرێت. لەم جۆرە ژیانەدا مرۆڤیش هەر شتە، هەر دەبێتەوە بە ژمارە، ئیتر دەبینین کە مامۆستا چ مرۆڤێکی باڵا دەست و هاوکات دەستەپاچەیە، چ بەشێکی گرنگی ناو بازاڕەکەی سەرمایەدارییە، بەڵام لە پەروەردەدا مرۆڤ بوونەوەرێکە ئازادی و ویستی هەیە، بۆیە پەروەردە بەردەوام بۆ دەسەڵات و سیستەمە ستەمکارەکان دەبێتە کێشە، چونکە لە پەروەردەدا مرۆڤ مرۆڤانە زیندووە، نەک بایۆلۆجییانە، مرۆڤ هەڵوێستی هەیە، پرسی چاکە و خراپە و ڕەوا و ناڕەوایی، داد و ستەم، هەرگیز مۆدێلەکانی دەسەڵات و حوکمڕانی لەگەڵ فێرکردن کێشەیان نییە، فێرکردن دەمانگەیەنێت بە(هەیە)، بەڵام پەروەردە دەمان گەیەنێت بە(دەبێت)، واتە لە پەروەردەدا بکە و مەکەی ئەخلاقی هەیە، لێرەدا مرۆڤ لێناگەڕێت، لە پەروەردەدا شتێک نییە بەناوی بێنیازی و بێلایەنی، بەڵام فێرکردن لەبەرئەوەی بەرهەمەکەی دەبێت بە زانست، زانستیش هەواڵدانە لە جیهانی واقیع، بۆ نموونە: ئاو بریتییەلە ($H_2O$)، ئاسن بە گەرمکردن دەکشێت، ئەوانە هەواڵن، وەسفی جیهانی واقیعن، زانست لەوانە پێکدێت، ئەوانە هەڵگری بەهای چاک و خراپ نین، ئەمە لە کاتێکدا کرۆکی دوایین ئامانجی پەروەردە ئەخلاقە. هیچکام لەو هەواڵە زانستییانە من ناگەیەنن بەوەی کە (دەبێت) لەگەڵ هاوڕێکەمدا (چاک)بم، یان $\sqrt{9} = 3$ کوا بە من دەڵێت (دەبێت) (دڵسۆز) بیت، بۆیە تا مامۆستا بکەرێکی کارا بێت لە هەناردەکردنی بەرهەمی (هەیە) بۆ بازاڕی سەرمایەداری، ئەوە دوور لە پەروەردە پێگەی خۆی لە سیستەمەکەدا وەک شت نەک وەک مرۆڤ بەهێزتر و مسۆگەرتر دەکات.

# چەند سەرنجێك دەربارەی
# كێشەكانی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی كوردستان

كۆسار عەبدوڵا

**پێشەكی**

"یەكێك لە بنەماكانی هونەری پەروەردە كە پێویستە دارێژەرانی پلانی پەروەردەیی لەبەرچاویان بێت، ئەمەیە: پێویستە منداڵان تەنها بۆ دۆخی ئێستا پەروەردە نەكرێن، بەڵكو بۆ دۆخێكی پاشتر و باشتری مرۆڤبوون ئامادە بكرێن كە ڕەنگە لە داهاتوودا ئەگەرێكی شیاو بێت؛ واتە بە شێوەک بێت لەگەڵ بیرۆكەی مرۆڤبوون و تەواوی ئەركە راستەقینەكەیدا گونجاو بێت.

دایک و باوک منداڵەكانیان بە جۆرێک پەروەردە دەكەن لەگەڵ جیهانی ئێستەدا بگونجێن، بێ گوێدانە ئەوەی ئەو جیهانە چەند شێواویش بێت، بەڵام ئەوان ئەركە لە سەریان كە باشتر پەروەردەیان بكەن، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا دۆخێكی باشتر بێتە ئاراوە. هەرچەندە لەمەدا ڕووبەڕووی دوو بەربەست دەبینەوە:

١. زۆرجار دایک و باوک تەنها گرنگی بەوە دەدەن كە منداڵەكانیان خۆش بژین و سەركەوتوو بن.

٢. پاشاكان (حكومەتەكان) ژێردەستەكانیان (هاوڵاتییەكانیان) تەنها وەک ئامرازێک بۆ ئامانجەكانی خۆیان تەماشا دەكەن.

دایک و باوک تەنها گرنگی بەماڵی خۆیان دەدەن و پاشاكانیش بە دەوڵەتەكەیان؛ هیچیان باشەی جیهان و ئەو كامڵبوونەی كە ئامانجی مرۆڤایەتییە

و مەیلێکی چێنراویشە تێیدا، بە ئامانج ناگرن. هەرچۆنێک بێت، پێویستە دارشتنی پلانی پەروەردە، شێوازێکی جیهانی هەبێت. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا ئەو شتەی کە بۆ جیهان باشترینە، دەکرێت بۆ باشترین دۆخی تایبەتی ئێمە زیانبەخش بێت؟ هەرگیز! چونکە هەرچەندە وا دەربکەوێت شتەکە قوربانی دەوێت، بەڵام هەموو کات ئەوە بۆ دۆخی ئێستەمان باشترینە. بەم شێوەیە ئەوەی لێی دەکەوێتەوە چەندە شکۆمەندە! پەروەردەی باش ئەو شتەیە کە دەبێتە سەرچاوەی هەموو چاکەیەک لە جیهاندا. ئەو توانا شاراوەیەی لە مرۆڤدایە، دەبێت زیاتر و زیاتر گەشەی پێبدرێت، چونکە زەمینەی خراپەکاری لە مەیلە سروشتییەکانی مرۆڤدا بوونی نییە و تەنها هۆکاری خراپە ئەوەیە کە سروشتەکەی نەیەتە ژێر یاساکانەوە. چونکە لەناو مرۆڤدا تەنها توانای چاکبوون چێنراوە." (ئیمانوێل کانت، دەربارەی هونەری پەروەردە، بەرهەمێکی نووسەرە و هێشتا چاپ نەکراوە.)

ئەمڕۆ پەروەردەی کوردستان لە قەیراندایە. سەرەکیترین کێشەکانی پەروەردەیش، نەبوونی فەلسەفەی پەروەردە و سیستەمی هەڵسەنگاندن و داخراوی سیستەمەکەیە. ئەمەش بە جۆرێکە کە ئەم سیستەمە تەنها لەبەرکردن تێیدا سەنتەرە و بیرکردنەوە تێیدا پەراوێز خراوە، پاشان نە دەزانێت تاک بۆ چ شتێک پەروەردە دەکات و نە دەزانێت منداڵی کورد بەرەو کوێ ئاڕاستە دەکات. بەگشتی زۆربەی قوتابخانە و ناوەندە ناحکومییەکانیش هەر درێژەکراوەی ئەم سیستەمەن. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم چەند سەرنجێک دەربارەی کەموکورتییەکانی سیستەمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بخەمەڕوو.

### سەرنجەکان

### سەرنجی یەکەم

### تاقیکردنەوەی شت لە پەروەردەی ئێمەدا

پەروەردەی ئێمە پەروەردەیەکە لەسەر بنەمای تاقینەکردنەوەی شت و هەڵەنەکردن دامەزراوە، لەکاتێدا کە دەبوو لەسەر هەڵەکردن و چۆنێتی چارەسەرکردنی ئەو هەڵانە پەروەردەکەمان دابمەزرێت. ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی وای لە پەروەردەی ئێمە کردووە چەقبەستوو بێت و داهێنانیشی تێدا

نەبێت، هەروەها وای کردووە نەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بگونجێنێت. ئەم خاڵە وای کردووە ئێمە هەلی تاقیکردنەوەی شتی تازە نەبەخشین بە فێرخوازان و مامۆستایان و هیچ فێری ئەوەش نەبن کە چۆن ئەگەر هەڵەیان کرد و کێشە هەبوو، چارەسەری بکەن. لە قوتابخانە بۆ هەموو شتێک دەوترێت: «نەکەی، نەڕۆی، نابێت، کێشە دروست دەبێت، ئەگەر کێشەیەک روویدا بۆمان چارەسەر ناکرێت» ئەمە نەک تەنها وای کردووە خوێندکار نەجوڵێت، بەڵکو بۆ مامۆستایش گرفتە، مامۆستا و کارگێڕی قوتابخانەیش ناوێرن بەهۆی هێزی کۆمەڵگە و سیستەمەوە دەستکاری هیچ بکەن و ئەگەر شتێک بکەن لەڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگە و دایکوباوکانەوە ڕێگەیان لێ دەگیرێت، هەروەها ئەم خاڵە زۆرێک لە حوکم و یاسا هەڵەکانی دیکەشی لەسەر دامەزراوە و هەر بەتەنها لە کردن و نەکردنی چەند شتێکدا خۆی نابینێتەوە.

## سەرنجی دووەم

## نەناسینی منداڵ و نەوجەوان (هەرزەکار)

کە دەڵێم مامۆستا، ئەوە بۆ هەموو کەسانی دیکەی ناو قوتابخانە و دایک و باوکیش راستە، بەڵام لێرەدا مامۆستا ئەو کەسەیە کە پێویستە پێش هەموو کەس ئاگادار بێت، چونکە رۆڵێکی پێشەنگانە و دەسەڵاتی زانینی لە کۆی کۆمەڵگەدا هەیە.

پەروەردەی ئێمە مرۆڤ ناناسێت و پێناسەی بۆی نییە، ئەوەیش بە نەناسینی منداڵ دەست پێدەکات. بەگشتی مامۆستا و قوتابخانە مامەڵە لەگەڵ دوو تەمەندا دەکەن، یەکێکیان منداڵییە و ئەوی دیکەیان نەوجەوانی. کاتێک دەڵێین منداڵ، ئەوە مەبەستمان لەو تەمەنەیە کە هێشتا گەشەی کاملی مێشک تێیدا رووی نەداوە و ناتوانێت تێگەیشتنی دروستی بۆ ئەخلاق و زۆرێک لە شتەکانی دیکە هەبێت و لە قۆناغێکدایە پڕە لە جووڵە و چالاکی و ئەو شتانەیشی کە دەیڵێت و دەیکات زیاتر لاساییکردنەوەی ئەوانەی دەوروبەریەتی. کاتێکیش دەڵێین نەوجەوان، ئەوە ئەو تەمەنەیە کە مرۆڤ وردەوردە چەمکی ئەخلاق لەلای گەشە دەکات و لە کۆمەڵێک شتی دیکەیش تێدەگات، بەڵام لەم تەمەنەیشدا نەوجەوان هەم لە رووی دەروونی و هەم لە رووی جەستەییەوە لە هەڵبەزودابەزی بەردەوامدایە و هەم لە

دۆخێکیشدایە کە ئیدی وردەوردە لە کێشەکانی خۆی و دەوروبەری تێدەگات و رووبەڕووی کۆمەڵێک ڕرستی ژیان دەبێتەوە.

کەمترین مامۆستا لە پەروەردەی ئێمەدا لەم دوو بابەتە تێگەیشتووە، کەواتە حەتمییە کە کەمترین مامۆستایش هەبن بتوانن بە دروستی مامەڵە لەگەڵ ئەم راستییانەدا بکەن. لێکەوتە خراپەکانی ئەم تێنەگەیشتنە ئەم شتانەی بەرهەم هێناوە کە رەنگە بۆ ئەم نووسینە پێویست بێت تەنها دیارترینیان بژمێرم:

١. زۆرکات مامۆستا جەنگی دەروونی لەگەڵ خوێندکاردا دەکات و وەک چۆن کاردانەوەی بۆ دەوروبەر و کەسە نزیکەکانی هەیە ئاوایش کاردانەوەی بۆ خوێندکار هەیە و شەڕی پێدەفرۆشێت، یان رقی لێهەڵدەگرێت و زۆر بەتوندی کاردانەوەی بۆ هەڵەی زۆر بچووکی خوێندکار هەیە.

٢. مامۆستا باوەڕی تەواوی بە سزادانی خوێندکار هەیە و لە زۆر باردا پەیڕەوی دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ ئاگایی هەبێت بەرامبەر ئەوەی سزا چییە و سزا بۆ چییە و سزا دەبێت کەی و چۆن بەکار بهێنرێت و چ سزایەک رەوایە و چ سزایەک ناڕەوا! ئایا دەکرێت منداڵ لەسەر هەڵە و کارێک سزا بدرێت کە لای مامۆستا نائەخلاقییە؟ ئایا خوێندکار بۆچی هەڵە دەکات، یان لە راستیدا ئێمە زیاتر بەرپرسیار نیین لەو هەڵەیە؟

٣. مامۆستا نازانێت وابکات خوێندکار چۆن بیرکردنەوەی فراوان ببێت و چۆن فێر ببێت و چ شێوازێک بۆ فێربوون باشترە و چۆن خوێندکار چێژ لە قوتابخانە ببینێت.

٤. مامۆستا نازانێت چ کارێکی خۆی وا دەکات متمانەی لای خوێندکار نەمێنێت و هیچ بەهایەکی بۆ دانەنرێت. بۆ نموونە: کاتێک ئێمە سنووری خوێندکارێک دەشکێنین و دەست دەبەین بۆ ژیانی شەخسی ئەو یان بەردەوام سەرکۆنەی دەکەین و راستگۆ نابین، ئەوە بە هیچ جۆرێک متمانەمان لای خوێندکار نامێنێت، تەنها وەک یەک نموونە.

٥. مامۆستا نازانێت باری دەروونیی خوێندکار چۆنە و کاریگەری دۆخی کۆمەڵایەتی و خێزانی لەسەر ئەو خوێندکارە چۆنە، ئەمەش کێشەی تێنەگەیشتنی قووڵ دروست دەکات.

٦. دروستکردنی ترس لای منداڵ بەهۆی، هەر بابەتێکەوە بێت، بەتایبەت بابەتە ئایینییەکان و تێگەیاندنیان بە هەڵە کە هەر لە منداڵییەوە کاریگەریی قورس دروست دەکەن.

٧. ناتوانێت منداڵ لەسەر بنەما گرنگەکانی وەک خۆشەویستی و پێکەوەژیان و پیرۆزی بەرهەمهێنان و پابەندبوون بە یاسا و پێکەوەکارکردن رابهێنرێت (راهێنان بەشێکی گرنگی پەروەردەیە).

## سەرنجی سێیەم

## راهێنان

راهێنان پرۆسەیەکی تیۆری و کردارییە بۆ چاندنی بەهرەیەک یان خوویەک لە مرۆڤدا. کاتێک مرۆڤ بەردەوام و بە سیستەماتیکی شتەکان دووبارە دەکاتەوە و لەسەر بنەمایەکی دروستیش بنەمای ئەو شتەی پێ دەناسێنرێت، ئەو کاتە بە شتەکان رادێت و دووپاتیان دەکاتەوە، بێگومان ئەو دووبارەکردنەوەیەش لە پەروەردەدا نابێت کوێرانە بێت، هاوشانی ئەوە دەبێت لەسەر رەخنەگرتن و چاودێریکردن و دۆزینەوەی هەڵەکان رابهێنرێت.

"راهێنان سروشتی ئاژەڵی دەگۆڕێت بۆ سروشتی مرۆیی و رێگە دەگرێت لەوەی هەوەسە ئاژەڵییەکان مرۆڤ لە ئامانجەکەی خۆی لابدەن کە مرۆڤبوونە" (کانت)، مرۆڤ رادێت لەسەر ئەوەی چاکە بکات بە بنەما، رادێت لەسەر ئەوەی ورد و گەڕۆک و رەخنەگر بێت، رادێت لەسەر ئەوەی سنوورەکان بپارێزێت و ناحەقیش قبوڵ نەکات، بەرهەمهێنەر بێت و خەمی ئەوانی دیکەی هەبێت، تەنانەت هەرچی خووی خراپیشە هەر مرۆڤ لەسەری راهاتووە، بەڵام ئەویان بەبێ بنەما و ئاگایی دووپاتی دەکاتەوە و چێژ و تەمەڵی لەپشتییەوەیەتی.

پرۆسەی فێرکردن دەبێت مرۆڤ لەسەر ئامانجە گەورەکان رابهێنێت و هەموو بابەتەکانی قوتابخانەیش بخاتە خزمەتی ئەوانەوە، ئەگەرنا بەبێ ئەوە ناتوانێت ئامانجی کۆتایی خۆی بپێکێت. بۆ نموونە: ئەگەر ئامانجمان ئەوە بێت کە کۆمەڵگە یەکگرتوو بن، تەنانەت دەتوانین لە کاتی وەرزشکردنیشدا منداڵان لەسەر گیانی هاوکاری رابهێنین و ئیتر بەوە ئەوان ئەو هێزەیان دەبێت کە لە داهاتووا بتوانن کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو دروست بکەن.

لەبەرئەوەی لە لای ئێمە دەزگا پەروەردەییەکان ئامانجیان نییە (نەبوونی فەلسەفەی پەروەردە) و ئێمە خۆیشمان نازانین تاک بۆچی پەروردە دەکەین و لەناو ئەم سیستەمە حوکمڕانییەدا ئەرکی قوتابخانە چییە، قوتابخانەکانی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە کار ناکەن کە مرۆڤ رابهێنن لەسەر ئەم شتانە، بەڵکو لەسەر پێچەوانەکەیان رایان دەهێنن.

دیسان دیارترین ئەو نموونانەی کە دەبێت مرۆڤ لە منداڵییەوە لەسەری رابێن و بەڵام لای ئێمە پێچەوانەکەیەتی، ئەمانەن:

١. پێکەوەکاردن و سەیرکردنی کۆمەڵگە وەک یەک جەستە.
٢. رێزگرتن و خۆشویستنی مرۆڤەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە.
٣. نەشکاندنی سنووری ئەوانی دیکە و پابەندبوون بە یاساکانەوە.
٤. بەرهەمهێنان و کارکردن.
٥. رەخنە و دروستی ژیانی رەخنەگرانە.
٦. قبوڵنەکردنی کۆیلایەتی.
٧. تەماشاکردنی شار وەکماڵی خۆت.

هەر یەکێک لەم خاڵانە وەربگرین و بیر لە روونکردنەوەی زیاتر بکەینەوە ناچارین لە پێویستییەکەی بڕوانین ئەوەیش لەوانەیە روونکردنەوەی زۆر و فرە رەهەندی پێویست بێت کە هەڵدەگرێت گفتوگۆیان لەبارەوە بکەین. لێرەدا زۆر بە سادەیی با لە پێویستیەکانی خاڵی یەکەم بڕوانین:

مرۆڤ بەردەوام پێویستی بەوانی دیکەیە و بەبێ ئەوانی دیکە ناتوانێت کارەکانی رابپەڕێنێت و تەنها بوونی یەکێتی و پێکەوەکارکردن دەتوانێت گۆڕانکاری بەسەر شتەکاندا بهێنێت. مرۆڤ ئەگەر تەماشای تاکەکانی دیکەی کۆمەڵگە وەک بەشێک لە جەستەی خۆی نەکات، ئیدی ئەو یەکێتییەی بەلاوە گرنگ نابێت کە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی باش و بەئاگا پێویستە. ئەو کات بەهیچ جۆرێک کێشەی ئەوانی دیکە بە هی خۆی نازانێت و بەردەوام ململانێ دەکات و هەوڵدەدات بەسەر پشتی ئەواندا بپەڕێتەوە و بگات بە ئامانجەکانی خۆی.

لەبەرئەوەی پەروەردەی ئێمە راهێنان لەسەر ئەم شتانە ناکات، ئێمە تا ئێستایش ناتوانین (دە) کەس کۆببینەوە و ئیشێکی باش پێکەوە بکەین، سەرباری ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە دڵسۆزەمان هەیە، بەڵام دەبینین (دە) کەسیان ناتوانن دەزگایەکی باش و کاریگەر دروست بکەن، هەر لەبەر ئەمەیشە لە سیاسەتیشدا ناتوانین هیچ بکەین و هەرزە سیاسییەکان بوون بە دەسەڵاتدار و دەمڕاستی کۆمەڵگەکەمان.

قوتابخانەکانی ئێمە لە رێگەی ئیمتیحان و خەڵاتکردن و گرنگیدان بە تەلەبەی زیرەک و چەندەها شتی ترەوە منداڵان لەسەر ململانێ رادەهێنن و رۆحی پێکەوەکارکردنیان تێدا دەکوژن، هەروەها هیچ پرۆگرامێکی دروستیان بۆ کاری بەکۆمەڵ نییە و ناتوانن خوێندکاران فێری کاری بەکۆمەڵ بکەن، فێری ئەوەیان ناکەن خۆیان بەرپرسیاری دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکان بن و هاوڕێکانیان وەک ئەوان گرنگن، تەنانەت رۆحی پێکەوەکارکردن لەنێوان مامۆستا و فەرمەنبەرانی قوتابخانەدا نییە و هەرگیز نابینیت کۆبوونەوەیەک بۆ بەرەوپێشبردن و دۆزینەوەی گرفت و چارەسەر هەبێت و کۆبوونەوە تەنها بۆ دابەزاندنی ئەمر و جێبەجێکردنی یاساکانە، ئیدی خوێندکار چۆن فێر ببێت!

## سەرنجی چوارەم

## ئاسانی (دەستکەوتنی ئەنجامی ئاسان)

مێشک و دەروونی مرۆڤ زۆرجار بە شێوەیەکە کە شتی ئاسان هەڵدەبژێرێت و حەزی لەوە نییە کە زۆر خۆی ماندوو بکات، ئەمەش پەیوەندی بە بابەتی کار و کاردانەوە و سیستەمی خۆپاراستنی مرۆڤەوە هەیە، چونکە مرۆڤ هەوڵ دەدات بە بەکارهێنانی کەمترین وزە و بە زووترین کات خۆی رزگار بکات. بەڵام کاتێک دەچینە سەر ئەم بابەتە لە پەروەردە و مامەڵەی ئەخلاقیماندا، ئەمە کارێکی نادروستە و کاریگەری زۆر خراپی هەیە، چونکە مرۆڤەکان بە شتێک رادەهێنین کە دواجار زیانەکەی بۆ هەمووانە و کەسێتیان خراپ دەکەین، چونکە مەرج نییە خێراترین هەڵسەنگاندن و کار و کاردانەوە و بەدەستهێنانی ئەنجامی خێرا، بۆ مرۆڤ کارێکی دروست بێت، بەڵکو لەوانەیە زۆر هەڵە بێت و مرۆڤ خراپ بکات.

### ئەوەی لە پەروەردەی ئێمەدا روودەدات

سەرنجی ئەم خاڵانە بدەن کە لە پەروەردەی ئێمەدا لەسەر ئەمە دەڕوات بەڕێوە:

١. گێڕانەوە ئاسانترە لە تێگەیاندن: ئەم میتۆدەی ئێستای وانەگوتنەوە، پێی دەگوترێت شێوازی گێڕانەوە، مامۆستا کۆمەڵێک شت بۆ خوێندکار باس دەکات کە زۆرجار خۆشی نازانێت چییە. ئەم شێوازە کەمترین بڕی زانین (مەعریفە) بە خوێندکار دەدات، بەڵام لەبەرئەوەی ئاسانە و خۆهیلاککردنی ناوێت، باوترین شتە لەناو مامۆستای ئێمەدا و زۆربەیان بەم شێوەیە وانە دەڵێنەوە، تەنانەت هەندێکیان بە درێژایی وانەکە یەک پرسیاری گرنگ ناکەن، یان ناتوانن وا بکەن خوێندکارەکە یەک پرسیاری گرنگ بکات، ئیدی واز لەوە بێنە بتوانن شیکارییان لەگەڵ بکەن و میتۆدی سوکراتی بەکار بهێنن. لێرەدا مەنهەجەکانی خوێندنیش هەر لەسەر ئەم بنەمایە نووسراون و قەت کەسێک نایەت دەستکاری ئەمە بکات.

٢. تاقیکردنەوە ئاسانترە لە هەڵسەنگاندن: لەبەرئەوەی تاقیکردنەوە ئاسانترین و خێراترین ڕێگەیە بۆ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی بۆ کەسێک و تەنها توانای لەبەرکردن دەردەخات، لای ئێمە تەنها بەو ڕێگەیە خوێندکار هەڵدەسەنگێندرێت، ئێمە خۆمان ماندوو ناکەین بەوەی بە پێدانی ئەرک و شیکاری و لێکۆڵینەوە خوێندکار هەڵبسەنگێنین و لەگەڵیاندا شتەکان شیکاری بکەین، لەکاتێکدا ئەو هەڵسەنگاندنانەی دیکە تواناکانی مرۆڤ باشتر دەردەخەن.

٣. تووڕەبوون و کۆنترۆڵکردن و سزادان ئاسانترە لە فێرکردن: کاتێک مامۆستای ئێمە دەبینێت خوێندکارێک هەڵەیەک دەکات یان بە شتێکەوە پابەند نابێت، خێرا بە تووڕەبوون خوێندکارەکە کۆنترۆڵ دەکات بەبێ ئەوەی بە خوێندکارەکە بڵێ بۆ هەڵەیە. هەتا کاتێک ئێمە ئەگەر بگەینە ئەوەی سزای کەسێک بدەین نابێت بە تووڕەبوونەوە بیکەین، چونکە تووڕەبوون دەربڕینی هەستی کەسییە نەک ڕێکارێکی دروست بۆ باشتربوونی کەسەکە، دەکرێت کەسێک سزایش جێبەجێ بکات، بەڵام زۆر بە هەستێکی مرۆڤانەوە بە کەسەکە بڵێت ئەمە شایستەی کردەوەکەتە نەک ئەوەی خۆت کەسێکی ناشایستە بیت و من مافی ئەوەم هەبێت خۆمت بەسەردا بەتاڵ بکەمەوە.

٤. ئامۆژگاری ئاسانترە لە فێرکردنی زانستێک: کاتێک مامۆستا هەڵەیەک لە خوێندکاردا دەبینێت یان دەیەوێت راستییەک بگەیەنێت، لەبری ئەوەی بێت شیکاری و بەڵگەکاری بکات و بە دروستی هۆکاری ئەو شتە روون بکاتەوە، دەیەوێت بە ئامۆژگاری وا بکات کەسەکە واز لەو شتە بهێنێت، یان توێژەری کۆمەڵایەتییە، لەبری ئەوەی بتوانێت شتێک لەبارەی مرۆڤ فێری خوێندکارەکان بکات، کێشەکانیان لەگەڵدا گفتوگۆ بکات، دێت ئامۆژگارییان دەکات.

٥. زۆر بەئاسانی لە رێگەی یەک دیوی کەسێک (جلوبەرگ، ئایین، ناسنامەی کۆمەڵایەتی)، یان لەسەر یەک هەڵە، بڕیار لەسەر کەسێتی کەسێک دەدەین بەبێ ئەوەی بیناسین و تەواو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین (لەکاتێکدا وەک پەروەدەکار گەر بشزانین کەسێک خراپە، ئەرکی ئێمە ئەوەیە چاکە و چاکبوونی پێ بناسێنین). ئیتر لێرەدا پەروەردە لەبری ئەوەی دژی ئەقڵی دەستەجەمعی کۆمەڵگە بێت، وەک ئەقڵی دەستجەمعی لێدەخورێت و ناتوانێت دەستکاری هیچ بکات.

## سەرنجی پێنجەم

## نەبەستنەوەی کێشەکانی ناو کۆمەڵگە بە قوتابخانەوە

پەورەردەیەکی چالاک کە لەسەر بنەمای بەرهەمداری و کارکردن دامەزرابێت، بە ناچاری پێویستە کێشەکانی ناو کۆمەڵگە بهێنێتەوە ناو قوتابخانە و پەروەردە و زانکۆ، لەوێوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگەرنا پەروەردە و فێرکردن دەبێت بە بار بەسەر کۆمەڵگەوە. کەمترین کێشەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لەناو قوتابخانەکانی ئێمەدا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و چارەی بۆ دەدۆزرێتەوە. بۆ نموونە: رۆژ هەبووە رۆیشتووم لە باشترین قوتابخانە ئەهلی و حکومییەکاندا باسی ژینگەم کردووە، لە کاتی گفتوگۆدا پرسیاری ئەوەم کردووە: زێرابی ماڵەکانمان بۆ کوێ دەچێت؟ کارەبای ئێمە لە چ شتێکەوە بەرهەم دەهێنرێت، ئاو یان گازی سروشتی؟ خاشاکی ئەم شارەی ئێمە چی لێ دەکرێت؟ چەندەها پرسیاری تری لەو جۆرە، بەڵام خوێندکارەکان پرسیارەکەیان بەلاوە زۆر سەیر بووە! چونکە هەرگیز مامۆستاکەیان باسی ئەوەی نەکردووە ئێمە وەک وڵاتێک چۆن شت بەرهەم دەهێنین و ئەو کارانەی دەیکەین چی لە شار و گوندەکەمان کردووە و چۆن زیانی گەورەمان بۆ خۆمان و سروشتەکەمان هەیە.

ئەمە پەیوەندی بەو بێ ئامانجییەی پەروەردەی ئێمە و ئەو شێوازی وانەوتنەوە خراپەیشەوە هەیە کە پێشتر باسمان کردوون. ئەگەر ئێمە لەمەودوا بمانەوێت شتێک بگۆڕین، ئا لەم خاڵەوە بناغەی پرسیاری پەروەردەیی خۆمان دادەڕێژینەوە.

## سەرنجی شەشەم

## دەربارەی وانەگوتنەوە

زمان و ئەدەب و ئایین و مێژوو و جوگرافیا و مافی مرۆڤ و جینۆساید بۆ لەبەرکردن نیین، بۆ ناسینی مرۆڤ و شیکاریکردنی کێشەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگەن.

زۆرجار مامۆستای ئێمە هیچ هەوڵێک نادات وانەکەی بکات بە وانەیەک کە بابەتی گرنگ لەگەڵ ئەوانی دیکەدا گفتوگۆ بکات و خوێندکار بنەمای شتەکان فێر ببێت، یان مامۆستاکە زۆر بەتوانایشە، بەڵام گرنگی نادات بەوەی کە گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکاراندا دروست بکات، لای خۆی دەڵێت: ئەم منداڵانە کەی هی ئەوەن ئەم بابەتانەیان لەلا باس بکرێت، بۆیە بە درێژایی ساڵەکە گفتوگۆیەکی جدی روونادات. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کتێبەکانیش بە شێوەیەک دانەڕێژراون کە یارمەتی ئەمە بدەن و گرنگی پێبدەن، بەڵام مامۆستا لێرەدا بەرپرسیاری یەکەمە و دەتوانێت بە خراپترین کتێب باشترین گفتوگۆ دروست بکات.

ناکرێت تەلەبەیەک دوانزە ساڵ کوردی بخوێنێت، نەتوانێت تۆزێک بە کوردییەکی باش بنووسێت، نەتوانێت شیعر و قسە لەیەکتر جیا بکاتەوە، یان بە «تلّپە تەماتەم تێمەگرە، برسیمە چاوەڕوانم، مەمخەرە ئاوی بامێ، مەلەوانی نازانم» بڵێت شیعر و بە «قژی نەرمت وەکو تاڵی خۆرەتاو، لەسەر شان و قۆڵی سپی پەرشوخاو»یش بڵێت شیعر. ناکرێت خوێندکارێک باسی مافی مرۆڤ و کۆمەڵایەتی بخوێنێت، بەڵام نەزانێت مرۆڤ چییە و ئەقڵ چییە و ئازادی و یاسا چیین و لەسەر چ بنەمایەک دامەزراون. ناکرێت مێژوو هەر لەبەرکردن بێت و خوێندکار فێری شیکاریکردنی رووداوەکان نەکرێت و نەتوانێت شەڕی چاڵدێران و دیگەڵە بەراورد بکات، یان جەنگی نێوان میرنشینەکان و شەڕی ناوخۆ و لێکەوتەکانی لەسەر ئەمڕۆ بەراورد بکات. ناکرێت بابەتەکانی وانەی ئایین هەر

لەبەر بکرێت، یان ببێت بە وانەیەک بۆ ئامۆژگاری، بەڵام گفتوگۆی ئەوە نەکرێت باوەڕ چییە، یان ئایا باوەڕێک بەبێ ئەرک باوەڕە؟ یان گفتوگۆی ئەوە نەکرێت، شتێک چاکە چونکە خودا وتویەتی چاکە؟ یان شتەکە خۆی چاکە، بۆیە خودا وتوویەتی؟ یان باسی ئەوە بکرێت ئەگەر ئایین لە پێناوی چاکەدایە، بۆچی ئێمە چاکەی ئەو کەسانە سفر دەکەینەوە کە سەر بە ئایینی ئێمە نیین؟

## سەرنجی حەوتەم

## رەخنەگرتن و پیرۆزیی رەخنە

تاکە ئامرازێک بۆ دروستنەبوونی مرۆڤی چەقبەستوو و توندڕەو، رەخنەگرتنە و تا ئەندازەیەکیش گرنگە میتۆدی رەخنەی باش بە پیرۆز بزانین. پیرۆزی حەرام نییە ئەگەر لەپێناو چاکەی گشتی و ژیاندۆستیماندا بێت و پیرۆزی رەوایەتییەکەی لە راستییەوە وەردەگرێت، پیرۆزییەک لەگەڵ بنەما بنەڕەتییەکانی ژیان دژە کە لەژێر پرسیاردا نەبێت. رەخنەگرتن ئەو پیرۆزییەیە نەک شتەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵکو خودی رەخنەش دەخاتەوە ژێر پرسیار. خۆی لە خۆیدا رەخنە بریتییە لە هەڵسەنگاندنێکی سیستەماتیکی و شیکارییەکی وردی بۆچوون و گریمانە و تیۆری و رەخنەکان و دۆزینەوەی کەموکورتییەکانیان، کەواتە بە سادەترین شێوە ئەو کەرەستەیەیە کە بەرەو باشترمان دەبات، هەر لێرەشەوە پیرۆزییەکەی پەیدا دەکات.

یەکێک لە خراپترین ئەو شتانەی کە مرۆڤ لەسەری رادێت ئایدۆلۆجیا و شێوازی بیرکردنەوەیەکە کە بواری ئەوە نادات بیرۆکەی نوێ بۆ چارەسەری شتێک پێشکەش بکرێت. هەموو ئایدۆلۆجیاکان بانگەشەی پەوەردەیەکی دروست و پیرۆزی بنەماکانیان و تێگەیشتنی رەها دەکەن، هەر ئەمەیشە وا دەکات لە کۆتاییدا سیستەمێک بەرهەم بهێنن کە لە کەمترین حاڵەتیدا مرۆڤێکی چەقبەستوو و لە سیستەم لانەدەر دروست دەکات و لەوپەڕیشیدا مرۆڤێکی توندڕەو دروست دەکات کە تەنها بیرۆکەکانی خۆی قبوڵە. بۆیە ئەگەر بمانەوێت لە پەروەردەدا مرۆڤی توندڕەو و چەقبەستوو دروست نەبێت، دەبێت تاکە پیرۆزییەک لەناو پەوەردەدا بریتی بێت لە رەخنەگرتن و گەڕان بەدوای راستیی دوورنما و زانستی و سەلمێنراو و باشتردا. کێشەی هەموو سیستەمە ئایدۆلۆجییەکانیش ئەوەیە کە

ڕێگە نادەن مرۆڤ ڕەخنە لە بنەماکانیان بگرێت و قسە لەسەر باوەڕەکانیان بکات، ڕێگە نادەن یەکێک پێیان بڵێت پێتان خوار داناوە یان تەنانەت (س) لە (ص) ئەڵتەرناتیڤێکی باشترە.

سەرنج بدەن، بەهۆی بێ پەروەردەییمانەوە، ئەمڕۆ گەر بتەوێت ڕەخنە لە قوتابخانەکەت بگریت، بەناوی ڕێزنەگرتنەوە سەرکوتت دەکەن، کاتێک ڕەخنە لە حکومەتی کوردی دەگریت، دەڵێن عێراقچییە و عەرەبی دەوێت، کاتێک دەتەوێت ڕەخنە لە کۆمەڵێک بەهای مۆدێرنە و بازاڕی ئازاد بگریت، دەبیتە جێی گاڵتە و بە دواکەوتوو و بەجێماو ناو دەبرێیت، کاتێک بتەوێت ڕەخنە لە بنەمای فێمێنیست و لیبراڵەکان بگریت، دەڵێن پیاوسالار و نەریتپارێزە، کاتێک دەتەوێت ڕەخنە لە ئایین و پیاوانی ئایینی بگریت، دەڵێن بەرەڵا و دژە ئایینە. ئەم چەقبەستنە لە پەروەردەوە تیمار دەکرێت.

**سەرنجی هەشتەم**

**پەروەردەی بەعس و متمانەنەکردنی خوێندکار بە قوتابخانە**

پەروەردەی ئێمە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و کەلتووریدا بە هەموو شێوەیەک درێژکراوەی پەروەردەی بەعسە، تەنانەت (شۆڕش گێڕکەرەکان) ئەوانەی دوای بەعس کە هاتنە سەر حوکم، سەرەتا کتێبەکانی بەعسیان دا بە نەوەکانیان. پلانێک بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخ و ئاستە پێویستییەکە دەمێکە هەیە، تەنانەت ئەوانەی کە دەڵێن ئێمە بەدیلی ئەوانەی ئێستەین، ئەوانیش لەسەر هەمان شت دەڕۆن. عەتا محەمەد ئەم وێنەیەی زۆر جوان لە ڕۆمانی (خواجە نەسرەدین)دا گواستووەتەوە. لە ڕۆمانەکەدا لە کاتی ڕاپەڕینەدکەدا پێشمەرگەیەک خۆی ئەکێشێت بە قوات خاسەیەکدا و لەناو یەکدا ون دەبن، ئیتر کەس نازانێت چی لێ بەسەر دێت.

ئەم شێوەیەی پەروەردە وای کردووە قوتابخانە وەک سەربازگەیەک بێت و لەبری متمانە و ئەخلاق، دەسەڵات تێیدا سەنتەر بێت. من ئەگەر خوێندکارێک متمانەی تەواوی پێم نەبێت، چۆن گوێم لێدەگرێت و چۆن دەتوانێت کێشەی خۆی لەلای من چارەسەر بکات، لە ڕووی هۆشت و زانستەوە، هەروەها لە ڕووی پراکتیک و چارەسەرەوە بڕیارە قوتابخانە دامەزراوەیەکی باڵاتر بێت لە خێزان،

ئەگەرنا قوتابخانەمان پێویست نییە و خێزانەکان باشتر دەتوانن منداڵەکانیان پەروەردە بکەن. لەم سۆنگەیەوەیە قوتابخانە دەتوانێت شوێنی چارەسەرکردنی کێشەی ناوماڵەکانی خوێندکاریش بێت (بەبێ دەستوەردان لە پرسە کەسی و تایبەتەکانی هیچ کەسێک)، (لەم رووەوە نموونەی چەندین مرۆڤی جوان و دڵسۆز و نموونەی چەندین کەسی بێئاگا و رووخێنەری دەروونی خوێندکارمان لە قوتابخانەکاندا هەیە).

مرۆڤ لە کەسێک دوور دەکەوێتەوە کە متمانەی پێنەکات و نەزانێت کە ئەم تەواو دڵسۆزی ئەوە و هیچ شتێکی ئەم لە دژی خۆی بەکار ناهێنێتەوە. تەفتیشکردن و قسە بۆ گێڕانەوە و شکاتکردنی خوێندکار لە یەکتر و قسەهێنان و بردن و دانانی موراقیبی سڕی و ئەم شتانە، هەموویان سەر بە پەرەوەردەی بەعسن و متمانە لە نێوان ئەندامانی قوتابخانەدا ناهێڵن. دەکرێت بڵێین لەبەرئەوەی بەردەوام دنیای دەرەوە کاریگەریی لەسەر خوێندکار هەیە، خوێندکار کۆمەڵێک شتی نەشیاو دەهێنێتە قوتابخانەوە و دەیکات، بەڵام چارەسەری ئەمەیش ئەوە نییە بەبێئاگایانە و نەشارەزایانە هەموو ئەندامانی قوتابخانە ببن بە جاسوس و چاودێر بەسەر یەکترەوە و دواتر ئەوە بۆ لێدان لە کەسایەتی یەکتر بەکار بهێنن، نەک چارەسەرکردنی ئەقڵانییانەی کێشەکان و پێشیان وابێت ئەوە لە بەرژەوەندیی خوێندکاردا دەکەن.

تاکە شتێک بتوانین کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو شتانە بیکەین ئەوەیە، لە سەرەتای قوتابخانەدا لەبری هەڕەشە و خوێندنەوەی سزاکان، ئێمە بە کۆمەڵێک باسی ئەخلاق و خۆشەویستی و متمانە و ئەرکی مرۆڤ و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خزمەتکرنی ئەوانی دیکە و قوتابخانە و نیشتیمان، دەست پێبکەین. پێویستمان بەوە هەیە ئێمە هەر لە سەرەتای پەروەردەوە وا بکەین خوێندکار رێز لە قوتابخانە بگرێت و لەسەر کۆمەڵێک بنەما لەگەڵیدا رێبکەوین، کۆمەڵێک یاسا بۆ قوتابخانە دابنێن، زۆر بەئاگاییەوە لەسەر بنەمای ئەو رێکەوتنە شتەکان جێبەجێ بکەین و خوێندکار لەسەری ڕابهێنین، هەروەها وا بکەین خوێندکار خۆی بە بەرپرسیاری پاراستنی یاساکان بزانێت. بە هیچ جۆرێکیش ناکرێت لە

کاتی ڕوودانی هەڵەیەکیشدا کەسایەتی خوێندکار تێکبشکێنین، بەڵکو ڕوونکردنەوە و چارەسەری هاوڕێیانە هەتوانی زۆرێک لە برینی خوێندکارانە.

## سەرنجی نۆیەم

## راستگۆنەبوون و داننەنان بە هەڵە و بازرگانیکردن بە پەروەردە و فێربوون

«هیچ یەکێک لە دانایانی ئێمە، داناییەکەی بە پارە نەفرۆشتووە.» سۆکرات

یەکێک لە گەورەترین ئەو غەدرانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمە دەکرێت ئەوەیە، ئەوانەی بەرپرسیارن و کار دەکەن، راستگۆ نیین و بە قسەی بریقوباق فریومان دەدەن و لەکاتی شکستیشدا لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ئامادە نیین دان بەوەدا بنێن کە هەڵە بوون. چ سەرکردەیەکمان بینی لە کاتی شکستی خۆیدا بڵێت ئەمە هەڵەکانی من بوو، حیزبەکانی دیکە هەرگیز لەبەر بەرژەوەندی خۆیان ناڵێن هەموو سیستەمەکە شکستخواردووە و دەبێت ڕێیەکی دیکە بدۆزرێتەوە.

یەکێک لەو چینانەی دیکەیش کە ئاوا ئامادە نیین دان بە شکستی خۆیاندا بنێن مامۆستایان و قوتابخانەکانن (زانکۆکانیش هەر بەو جۆرەن)، بە ئەهلی و حکومییەوە، چا سەرباری ئەوەی کە ئەمانە دان بەو شکستەدا نانێن، دێن و لەجێی ئەوە بازرگانی بەو دۆخە نالەبارەوە دەکەن و بەناوی بەدەستهێنانی نمرەی بەرز و پاشەڕۆژی باشەوە خەریکی پارە پەیداکردنن لەناو دۆخێکدا کە هەموومان لەناویدا پێکەوە تیادەچین. بەشێکی زۆریشیان لەم ڕێگەیەدا هەزار ململانێی دەروونی لەگەڵ مامۆستایانی دیکە و خوێندکارەکانیشیان دەکەن، سەرباری ئەوەی ئەمە ڕۆڵی هەبوو لە نەمانی بەها و مامەڵەکردنێکی بازاڕییانە بە زانست و زانین و زاڵکردنی کەرتی تایبەت بەسەر کەرتی گشتی و دروستکردنی مرۆڤێک کە بەس پارە لەلای گرنگ بێت، هەروەها وای کرد هەموومان نەتوانین لە هەلی خوێندندا یەکسان بین و "هەندێکمان یەکسانتر بین".

مامۆستا دەبوو بە خوێندکارەکانی بڵێت: خوێندکاران ئێمە ناتوانین هیچتان فێر بکەین، خۆمان و سیستەممان شکستی هێناوە، ئێوە چەندین ساڵە دێن بۆ مەکتەب، نە فێر دەبن بە کوردی بنووسن، نە فێر دەبن ڕاپۆرتێکی باش ئامادە بکەن، نە دەتوانن فێری شیکردنەوەی کێشەیەک ببن، نە فێر دەبن دەموچاو و لووت و کەسایەتی خۆتان بەدڵ بێت و دەروونتان ئارام بێت، نە دەتوانن

داهاتووی خوێندنی خۆتان هەڵبژێرن، کە دەچنە زانکۆ خۆیشتان نازانن بۆچی دەچن، نە فێری پیشەیەک دەبن، ئیتر بۆ بیر لە دۆزینەوەی بەدیلێک ناکەنەوە و بۆ بە شێوازێکی تر لە شتەکان ناڕوانن، بۆ کارێک نەکەین دۆخی قوتابخانە بگۆڕین بە شتێکی دیکە؟ یان دەبوو مامۆستا بیرێک بکاتەوە لەوەی چۆن لەگەڵ مامۆستایانی دیکەدا بیر لە بەرەوپێشبردنی ئاستی فێربوون لە قوتابخانەکەیاندا بکەنەوە و چۆن بتوانن گۆڕانکاری بەسەر ئەم دۆخەدا بهێنن.

ئێستا جگە لە مامۆستایانیش چینێکی دیکە پەیدا بوون کە ئەوانیش کۆمەڵێک دکتۆری دەروونی و کەسایەتی دیکەن و بەناوی گەشەپێدانی مرۆییەوە کاریان ئەوەیە لە ڕێگەی دنەدانی دەروونی خوێندکار و قسەی بریقوباق و نەسیحەت و بوون بە ڕاوێژکار لە مەکتەبەکاندا، هەم پارە بۆ خۆیان و هەم تەلەبەیش بۆ ئەو قوتابخانانە ڕابکێشن، ئیدی بەو قسە بێناوەڕۆکانەیش دە ئەوەندەی دیکە وایان لە خوێندکار کردووە کە نەزانێت چی بکات و ڕاستییەکانی لێ بشێوێت.

## سەرنجی دەیەم

## پەروەردەی داگیرکراوان

یەکێک لەو پرسانەی سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە، پەروەردەی وڵاتێکی داگیرکراو دەبێت چۆن بێت! تەماشابکەن کوردستان داگیرکراوە و ڕاستەوخۆ لەژێر هەژموونی کۆمەڵێک هێزی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدایە، کەچی ئەوانەی سیستەمی پەروەردەی کوردستانیان بەدەستە، بەهیچ جۆرێک ئەقڵی ئەوەیان نییە (ڕەنگە شتی تریشیان نەبێ و مەسەلەکە هەر ئەقڵ نەبێ) بەپێی ئەم دۆخە مامەڵە بکەن (هەرچەندە لە هەموو شتێکی تریشدا هەر بەو جۆرەین). کەسێکی داگیرکراو کە حەقیقەت و پیرۆزی و ماناکان و کەرامەتی لەژێر هەژموونی داگیرکەرێکدایە، چۆن دەکرێت پەروەردەکەی کار نەکات بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی سەروەر و حەقویست و بەفیرۆنەدەر و بەرهەمهێن، چۆن دەکرێت بێخەم بێت لەوەی نان و ئاوی لە داگیرکەرەکەیەوە بۆ بێت و ئەم هەر تەماشا بکات. پەروەردەی ئێمە نەک ئەمەی نەکردووە، بەڵکو لە هەندێک باردا بەپێچەوانەوە پشکدارە لە بێبەرنامەکردن و خراپکردنی مرۆڤی ئێمە و ڕەواجدان

بە مەسرەفگەرایی و کارنەکردن و کۆیلەیەتی و ماددیبوون و داماڵینی مرۆڤ لە هەموو مانایەک.

خاڵێکی تر نەبوونی پەیوەندیی زانست و بەرهەمهێنانە لەو پەوەردەیەدا. تەماشابکەن ئەمڕۆ هێز لەناو زانست و تەکنەلۆجیادایە و هەموو جیهان بەدوای ڕێگەی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی وزەی پاک دەگەڕێن و دەیانەوێت زۆرترین وزە لە سەرچاوەکانی خۆیانەوە بەرهەم بهێنن و پێویستیان بە دەرەوە نەبێت، یان لە بواری سەربازیدا بەدوای پێشکەوتووترین شت بۆ بەرگریکردن لە خۆیان دەگەڕێن، کەچی هەتا ئێستا ئەم بابەتانە لەناو پەروەردە و زانکۆکانی ئێمەدا کەمترین کاری لەسەر دەکرێت و بەهیچ جۆرێک لە سیستەمی خوێندنی ئێمەدا ئەم شتانە ڕەنگی نەداوەتەوە، ڕاستە لەژێر فشاری دەرەکیدا دەکرێت ئەم شتانە بەربەستیان بۆ دروست بکرێت، بەڵام سیستەمێک گەر خەمی ئەوەی بێت ئەم شتانە بوونیاد بنێت ڕێگەی خۆی هەر بۆ دەدۆزێتەوە و تەنانەت باجیشی بۆ دەدات، نەک ئەوەی هەتا ئەمڕۆ بێخەم بێت لەوەی وڵاتەکەی سیستەمی پاسیشی نییە.

بەڵام سەرباری ئەمە خاڵێکی تریش هەیە کە دەبێت زۆر ئاگامان لێی بێت، ئەویش ئەوەیە نابێت ئەمە ڕق لەوانی دیکە بەرهەم بهێنێت.

## سەرنجی یازدەیەم

## وانەی کردەیی و ڕاپۆرت

زۆرجار لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێمەدا مامۆستا پێی وایە کاتێک تاقیکردنەوەیەک بە کردەیی بکات، ئەوە کارێکی زۆر گرنگی کردووە و ئەگەر شتەکان بە کردەیی بخوێنرێت ئەوە زانستەکە بە قوتابییەکە گەیشتووە، بۆیە لای پەروەردەی ئێمە پێمان وایە زۆر موهیمە دوو ماددە تێکەڵ بکرێت یان توێکاری بۆ بۆقێک بکرێت، یان لە تاقیگەدا شەکرێک بە گەرمکرن بتوێنرێتەوە. سەبارەت بە ڕاپۆرتیش مامۆستا پێی وایە ئەگەر خوێندکارەکەی دەربارەی شتێک ڕاپۆرتی بۆ بکات و چەند لاپەڕەیەکی لەسەر بنووسێت، ئیدی ئەوە خوێندکارەکە کارێکی زۆر گرنگی کردووە. بۆیە لێرەدا خوێندکاریش بە هەر شێوەیەک بێت هەوڵ

دەدات ئەگەر بە کۆپیکردنیش بێت راپۆرتێک ئامادە بکات، یان لە بازاڕ بیکڕێت، یان لە چات جیپیتی یان کتێبێک کۆپی بکات.

ئەم تێڕوانینەی پێشوو تێڕوانینێکی سادەیە بۆ ئاستەکانی فێربوون، بەتایبەت بۆ ئاستی ئامادەیی و زانکۆ. خۆی لە خۆیدا دەبێت مامۆستا بتوانێت سەرەتا بە رێگەی جیاواز شتەکان شیبکاتەوە و لەگەڵ خوێندکارەکاندا بەتەواوەتی گفتوگۆی بکات و خوێندکار لە بنەماکان تێبگات، پاشان بچێت بەرەو ئاستەکانی دیکەی فێربوون و نموونەی ئەو ئاستانە لەگەڵ خوێندکارەکاندا گفتوگۆ بکات و هەوڵی بەرهەمهێنانی مەعریفەی نوێ لەبارەی بابەتێک بدەن و شتەکانی چواردەوریانی پێ هەڵبسەنگێنن.

لە فێربووندا چەند ئاستێکمان هەیە، بۆ نموونە لە پۆلێنی بلوومدا ( Benjamin Samuel Bloom):

-ئاستی یەکەم بیرکەوتنەوەیە.

-ئاستی دووەم تێگەشتنە.


-ئاستی سێیەم پراکتیکە.

-ئاستی چوارم شیکارییە.

-ئاستی پێنجەم هەڵسەنگاندنە.

-ئاستی شەشەمیش داهێنان.

بەپێی ئەم پۆلێنە، زۆربەی کات لە قوتابخانە و زانکۆکانی ئێمەدا، هەم شێوازی وانەگوتنەوەی مامۆستا و هەم ئەو ئەرکانەیشی مامۆستا دەیدات بە خوێندکار، ئاستی سێیەم تێناپەڕێنێت و ناگاتە ئاستی شیکاریی و هەڵسەنگاندن و داهێنان. بۆیە ئەو ئەرکانەی مامۆستا دەیدات بە خوێندکار زۆر ئاسانە کە وەڵامی حازری بۆ کۆپی پەیست بکرێت.



بلووم (١٩١٣-١٩٩٩)

ئەگەر بەپێی ئەم تیۆرییە بڕۆین، تێدەگەین لەوەی ئەو ئەرکانەی دەدرێن بە خوێندکار و ئەو گفتوگۆیانەی لە پۆلدا دەکرێن، باشترە دەربارەی ئەو شتانە بێت کە لە چواردەورماندا روودەدەن؛ بۆ نموونە: لە باسی وزەدا دەتوانین ئەوە بکەینە کاری پراکتیک کە پۆلەکەی ئێمە چەندێک وزەی تێدا بەفیڕۆ دەچێت، یان لە باسی ئەدەبدا دەبێت تێکستێک بهێنین و بزانین بۆچی پێی ناگوترێت شیعر، یان لە باسی کۆمەڵایەتیدا ئەوە بکەینە گفتوگۆ کە بۆچی ئەمڕۆ ئەو هەموو پێکدادانە کۆمەڵایەتییە روودەدات، یان لە باسی ئاییندا دەبێت لەوە بکۆڵینەوە بۆچی فلان دەتوانێت خۆی بکاتە نوێنەری ئایین و کەچی سەرەکیترین بنەمای ئایینیش پێشێل بکەن!

ئیدی لێرەدا ئەرکی مامۆستا و خوێندکارەکان ئەوەیە، سەرەتا هەم پێکەوە بەباشی بنەماکان شیبکەنەوە و مامۆستا رۆڵی خۆی بگێڕێت، هەمیش دواتر هەڵسەنگاندن بۆ رووداو و پێشهاتەکانی دەوروبەریان بکەن. ئەم کارە وا دەکات هەم گفتوگۆ و کاری مەعریفی هەبێت و هەم کۆپیکردنیش نەمێنێت.

## سەرنجی دوازدەیەم

## مرۆڤ و سرووشت و کۆمەڵگە

هەر کارێکی مرۆیی رەچاوی پەیوەندیی مرۆڤ خۆی (ئەقڵ) و سرووشت و کۆمەڵگەی تێدا نەکرێت، ناهاوسەنگییەک دروست دەکات. هەر ناهاوسەنگییەکیش تێکدانی شتەکانی لێ دەکەوێتەوە و هەم مرۆڤ و هەم سرووشت و کۆمەڵگەیش بەرەو خراپبوون دەبات. ئەم بنەمایە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە هەر کارێکی مرۆیی جۆرێکە لە روانین و پەیوەستە بە هەموو تێڕوانینەکانی دیکەیەوە، کاتێک ئەو پەیوەندییە خراپکەر بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە کار دەکاتە سەر سرووشت و کۆمەڵگە و خراپکردنی ئەقڵی مرۆڤ و کۆمەڵگەیش.

کۆمپانیا و حیزبی ئێرە دۆخی مرۆڤ و سرووشت و کۆمەڵگە رەچاوناکەن، ئەو هێز و روانینەی کە دەتوانێت دەست ببات بۆ هەموو جێیەکی سرووشتی و هەموو پیسییەک فڕێ بداتە شاخ و ئاو و دەشتەوە، مرۆڤی ئێرەی فێری ئەوە کردووە کە دەست بۆ خراپکردنی هەموو کەرتەکانی دیکە ببات. تەنانەت ئەوە ئەوانن

تەلبەندکرن و چیمەنتۆکردنی هەموو شاخ و دەشت و گوندێکیان فێری مرۆڤی ئەم کۆمەڵگەیە کرد.

ئەوانەی ئاگاداری ئابوورین دەزانن، خزمەتگوزاری service و بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ، گرنگترین شتن بۆ گەشەکردنی ئابووری شوێنێک. ئاخر شارێک ساوەری تورکی و فاسۆلیای ئێرانی هەبێت پاسیشی نەبێت ئەم هەموو بینایەی بۆ چییە؟!

# یازدە بۆچوون سەبارەت بە ئەرکی فەلسەفە

**موستەفا مەلەکیان**
**لە فارسییەوە: یاسین حەمەسەعید**

١. فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ بابەتە کۆتاییەکان دەکات، لەوانەش پرسەکانی کۆتایی پەیوەست بە هەموو جیهان و بابەتەکانی کۆتایی پەیوەست بە چارەنووس و هەڵسوکەوتی مرۆڤ، فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ چارەسەرکردنی پرسە بنەڕەتییەکانی بوون و جیهان و ژیان دەکات.

٢. فەلسەفە مامەڵە لەگەڵ شێوازە جیاوازەکانی پۆلێنکردنی بوونەوەرەکانی ئەم جیهانە لەگەڵ هەر جیهانێک دەکات. فەلسەفە بەرپرسە لە گەورەترین و گشتیترین دابەشبوون کە دەتوانرێت لە بوونەوەرەکان دروست بکرێت. دابەشکردنی بچووکتر و وردتر کاری زانستە ئەزموونییەکان و زانستە مێژووییەکانە.

٣. فەلسەفە حەقیقەت و ناواخنەکانی گەردوون دەدۆزێتەوە، لەکاتێکدا زانستە ئەزمونییەکان (هەم زانستە سروشتییەکان و هەمیش زانستە مرۆییەکان و بە هەمان شێوەش زانستە مێژووییەکان) تەنیا لە دۆزینەوەی دیاردە و دەرکەوتنی جیهاندا سەرکەوتوو دەبن، ئەم زانستانە مامەڵە لەگەڵ دیاردەکان دەکەن، فەلسەفەیش مامەڵە لەگەڵ شت و هەبووەکاندا دەکات.

٤. ئەركی فەلسەفە دۆزینەوەی ڕاستی و یاسای نائەزموونی و نامێژووییە، واتە دۆزینەوەی ڕاستی و یاساگەلێک کە بە میتۆدی ئەزمونی و مێژوویی دۆزراونەتەوە، بەڵام ناتوانرێت نكۆڵی لێبكرێن یان بسەلمێنرێن، زانستە ئەزموونی و مێژووییەکان لە بەرامبەریان بێدەنگن، فەلسەفە ئەم ڕاستی و یاسایانە تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوە و بەڵگەوە دەدۆزێتەوە نەک لە ڕێگەی هەستە مەعریفییە پێشینە و ئەقڵی و هەستی و دواییینەکانەوە.

٥. زانستە ئەزموونی و مێژووییەکان مەعریفەمان پێدەبەخشن، لە کاتێکدا فەلسەفە بۆی دەردەکەوێت کە چ بابەتانێک گرنگن و بە چ میتۆدێک دەتوانین یان ناتوانین مەعریفە بەدەست بهێنین.

٦. زانستە ئەزموونییەکان تەنها دەتوانن شتە ڕاستە و واقعییەکان بدۆزنەوە، تەنها فەلسەفە دەتوانێت بەها و ئەرکەکان بزانێت. ئەرکی فەلسەفە شیکردنەوەی چەمکەکانی گەلاڵە و تیۆری و میتۆدی زانستە ئەزموونی و مێژووییەکانە. فەلسەفە سەرپەرشتی ئەم زانستانە دەکات و پێشگریمانەکانیان دەدۆزێتەوە و پشتڕاستیان دەکاتەوە. لە ڕەوایەتی و دروستییان دەکۆڵێتەوە، بەم مانایە هەموو زانستەکانی تر پێویستیان بە فەلسەفە هەیە.

٧. ئەرکی فەلسەفە بریتییەلە شیکردنەوەی چەمک و گەلاڵە و تیۆری و میتۆدەکانی زانستە ئەزموونی و مێژووییەکان. فەلسەفە سەرپەرشتی ئەم زانستانە دەکات و پێشگریمانە چەمکی و وێناکانیان دەدۆزێتەوە و لە ڕاستییان دەکۆڵێتەوە و ڕاستی و دروستیان دەست نیشان دەکات. لەم ڕوانگەوە هەموو زانستەکانی تر پێویستیان بە فەلسەفەیە.

٨. زانستە ئەزموونی و مێژووییەکان، ئەو زانیاری و داتایانەی پێمان دەبەخشن کە فەلسەفە ڕوونکردنەوەیان لەبارەوە دەدات و بەم شێوەیەش لێکدانەوەی جیهان دەکات و لێکدانەوەی جیهانیش لە ئەستۆی فەلسەفەیە.

٩. گۆڕینی دونیا (بێگومان جیهانی مرۆڤ) بەرپرسیاریێتی فەلسەفەیە. پێویستە فەلسەفە دەستنیشانی بکات کە جیهانی مرۆڤایەتی بە چ شێوەیەک و بە کام ئاراستە بگۆڕدرێت.

١٠. ئەرکی فەلسەفە مامەڵەکردنێکی دەرمانییە لەگەڵ ئەقڵ و دەروونی مرۆڤ. فەلسەفە بەرلەوەی کە زانستێک بێت زیاتر هونەرێکە بۆ باشترکردنی دەروون و رۆحی مرۆڤەکان بەکاردێت. فەلسەفە، پزیشکی رۆحانییە.

١١. فەلسەفە شێوازێکی ژیانە، هەروەک چۆن کردار و سلوکی عیرفان، دینداری، ژیانی ئەخلاقی، یان چێژوەرگرتن شێوازێکی ژیانە. فەلسەفە پەیوەندی بە کردار و لێهاتووییەوە هەیە نەوەک لە تاقمی بۆچوون و مەعریفە بێت.

سەرچاوە:

— ——— —

*. بەشێک لە وتارێکی موستەفا مەلەکیان لە گۆڤاری "مترجم"، ژمارە: (٨٤)، ١٤ی ئەپریلی ٢٠٢٤ بەناونیشانی "دەربارەی وەرگێڕانی فەلسەفە".